# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٢٢)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/١٠
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




بەرهەم حەسەن:
هونەر بووەتە مەکینەی پارە ..12



خەلیل خەمگین: سبیل جان
ئاوازی منی دزیوە ..13



جێنیفەر ئەنستۆن بۆنێکی
تایبەت بەخۆی دەخاتە بازاڕەوە ..22



پاری چاوەڕوان بن
پاشکۆیەکی وەرزشیی ڕۆژنامەی دەستوورە،
ڕۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

تەنها لەگەڵ دوو
پیاودا بووم ..23

## ئیسلامییەکان: بووینە ڕەقەم، پارتی: یەکەمین، یەکێتی: هەستاینەوە، گۆڕان: ناوچەکەمان کردە نیلی

# پارتی (٢٦)، گۆڕان (١٤)، یەکێتی (١٤)، یەکگرتوو (٥)و کۆمەڵ (٢) کورسی دەبەنەوە









9 5 2

### عەبدولڕەحمان سدیق: ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی دەنگدەر چاودێری بارودۆخەکەیە

سیاسەتمەداری کورد، عەبدولڕەحمان سدیق پێیوایە کەبەغداد یاریگایە بۆ لیستەکانو شوێنی مەشقکردنی سەرجەم لیستەکانی کوردستانە، ئاماژە بەوەشدەکات کەبزووتنەوەی گۆڕان هەر کورسییەک بهێنێت، سەرکەوتنە بۆ ئەو، چونکە یەکەمجارە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات. ... 02

...............................

### کەرکوك.. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆتو ئەوانی تریش

لەشاری کەرکوک، کوردەکان جگە لەململانێکردن لەگەڵ عەرەبو تورکمانەکانو نەتەوەکانی تر، ململانێیەکی توندیشیان هەبوو لەنێوان خۆیاندا، بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگەکانی پارێزگاکە ... 04

...............................

### «لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت کە تەوژمی ئیسلامی لەهەڵکشاندایە»

بەشیر محەمەد بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات کە ساختەکاری لەهەڵبژاردندا کەمبووەتەوە، دەڵێت ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆنو هۆشیاربوونەوەی خەڵک بەکاریگەری ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمانو وریایی چاودێری کیانە سیاسییەکان ڕێگربوون لەساختەکاری... 06

...............................

### «لەپارێزگای سلێمانی لەپێش هەموو حیزبەکانەوەین»

ئارام شێخ محەمەد سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت گۆڕان لەپارێزگای سلێمانی یەکەمەو لەهەولێرو دهۆکیش ژمارەی دەنگەکانی زیادی کردووە لەچاو هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا... 07

...............................

### هەڵبژاردنەکانی عێراق: بەڵێ بۆ ئێران، نا بۆ ئێران

٧ساڵ لەمەوپێش تەنیا یەک حیزب لە عێراقدا دەسەڵاتی بوو، ئەم حیزبەش تەنیا لە ڕێبەرێکدا کورت کرابووەوە، ئەویش سەدام حسێن بوو، بەڵام ئەمڕۆ جۆراوجۆری حیزبو گرووپە سیاسییەکان ئەوەندە زۆرە کە زۆرجار جیاکردنەوەی ئەوان لەیەکتر زەحمەتە ... 10

**پەیامنێرانی دەستوور**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان کە لەکارمەندانی کۆمسیۆنو چاودێری کیانە سیاسیەکانەوە ئاشکراکراون، پارتی ٢٦ کورسیو گۆڕان ١٤ کورسیو یەکێتی ١٤ کورسیو یەکگرتوو ٥ کورسیو کۆمەڵ ٢ کورسی بەدەستدەهێنن.

بەو ئەنجامانەش حیزبە کوردستانییەکان هەموویان پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن، لەکەناڵو لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکاندا سەرجەمیان خۆشحاڵی خۆیان بەدەرەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن ڕادەگەیەنن.

**یەکێتی: ئێمە هەستاینەوە**

یەکێتی لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا خۆی دانی بەوەدانا کەتووشی شکست بووە، لەناوچەی جێ نفوزی خۆی، دوای ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی بۆ لیستی گۆڕان ڕۆیشت، بەڵام ئێستا سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێن حیزبەکەمان هەستایەوە.

عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بەدەستووری وت «لەچاو ئەنجامەکانی پەرلەمانی کوردستان هەستانەوەیەکی زۆر گەورە بەدیدەکرێت لەهەموو پارێزگاکانی کوردستاندا بەتایبەتی سلێمانی، ئێستا یەکێتی یەکەمەو ڕێژەی ئەو دەنگانەی کەهاوپەیمانێتی بەدەستیهێناوە لەناویدا یەکێتی گەڕاوەتەوە ئاستی جارانی خۆی».

**گۆڕان: ناوچەی سەوز بۆ بەنیلی**

بزووتنەوەی گۆڕان، هەر زوو پیرۆزبایی سەرکەوتنی بەهەوادارانی ڕاگەیاند، ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنەکانیش لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە ئاماژەیان بەوەدا کە ناوچەی سەوزیان گۆڕیوە بەنیلی.

ئاسۆ عەلی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕایگەیاند دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە چەند ڕۆژێکی تر بڵاودەکرێتەوە، ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کەئەم هەڵبژاردنە بزووتنەوەی گۆڕان بووەتە هێزی دووەم لەهەرێمی کوردستان.

**ئیسلامییەکان: بووینەتە ڕەقەم**

حیزبە ئیسلامییەکان خۆشحاڵی خۆیان بەدەرەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن ڕادەگەیەنن، ئاماژە بەوە دەکەن کەگەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامی لەکوردستان بەرەوپێشچووە، ئاماژە بەوەشدەدەن زیاتر لەجاری پێشوو دەنگیان بەدەستهێناوە.

بەشیر محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند ٦ کورسی بەدەستدەهێنینو وتی «لەهەولێر کورسییەکو لەسلێمانی دوو کورسیو لەدهۆکیش چاوەڕاوانی دوو کورسین، ئەمە جگە لەکەرکوک».

زانا ڕۆستایی بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بەدەستووری وت «ئێمە یەک کورسی لەهەولێر بەدەستدەهێنین، چونکە ٧٥ هەزار دەنگمان هێناوە، لەسلێمانی زیاتر لە٨٠ هەزار دەنگمان هێناوە، دوو کورسی دەهێنین».

**پارتی: یەکەمین**

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئاماژەیان بەوەدەدا کەئەوان وەکو حیزب لەکوردستاندا یەکەمدەبنو زۆرترینی کورسییەکان بەدەستدەهێنن، بەڵام پێدەچێت بەهۆی هێنانی دەنگێکی زۆری ئۆپۆزسیۆنەکانەوە لەژێر ناوچەی نفوزی ئەوان، ئەو دەنگانە نەهێننەوە کەخۆیان پێشبینیاندەکرد.

## مام ڕۆستەم:
# لەکەرکوك کەڵەگایی بوو

**کاروخ نامیق**

مام ڕۆستەم سەرکردەی مەیدانی بزووتنەوەی گۆڕان لەکەرکوک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند لەکەرکوک ساختەکاری بەرفراوان بەئاشکرا کراوە، دەڵێت ئەوە کەڵەگایی بووە.



مام ڕۆستەم وتی «ئەو ساختەکاریانەی لەکەرکوک کراوە زۆر بێمانابوو، ئەوە ساختەکاریی نەبوو کەڵەگایی بوو، پۆلیسو ئاسایشو سوپا هەمووی ئیشی بۆ ئەوان دەکرد، لەبەردەم بنکەکان وەستابوون تەنها بۆ ساختەکاریی».

مام ڕۆستەم ڕەخنە لەیەکێتیو پارتی دەگرێت کەدوای ١٩ ساڵ ئەزمونی حکومڕانی لەهەرێمو حەوت ساڵ لەبەغدا تازە پەنا دەبەنە بەر ساختەکاریی، وتی «خەڵک دەبێت چ دڵێکی بەمانە خۆش بێت».

مام ڕۆستەم ڕایگەیاند «ئەو ساختەکارییانەی کراوە هەمووی لای نوێنەرەکانمان بەتۆمارکراوی هەیە».

ئەو سەرکردەیەی گۆڕان وتی «ڕەنگە بتوانین لەکەرکوک کورسیەک بهێنینو لەسەر ئاستی عێراقیش دەتوانین نزیکەی ١٥ کورسی دەستەبەر بکەین».

# پارتی فێڵی لەبزووتنەوەی ئیسلامی کرد

**دلێر عەبدوڵڵا**

بزووتنەوەی ئیسلامی بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی ٧/٢٥ەوە شکستێکی بەرچاوی بەرکەوتووە، هۆکاری شکستەکەشی دەخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان.

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحمود ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور بزووتنەوە بەپێی ڕێکەوتنێکی سیاسی کە لەگەڵ پارتیدا هەیانبووە، چوونەتە ناو لیستی هاوپەیمانیەوەو بەڵێنیان پێداون کورسیەکیان بدەنێ، وتی «بەڵام پارتی لەبەڵێنەکەی باشگەزبووەوەو بێمنەتی بەرامبەر بزووتنەوەو حیزبەکانی تری نێو هاوپەیمانی ڕاگەیاند، ئەمەش گەورەترین هەڵەی سیاسی بزووتنەوە بوو کە ئەنجامیدا».

عیرفان ئەحمەد وتی «پاش ڕاگەیاندنی چوونە نێو لیستی هاوپەیمانی لەلایەن بزووتنەوەوە، برادەرانی پارتی پەشیمانبوونەوە،



بەتایبەت پاش ئەوەی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند کە هاوپەیمانی کوردستان مەرجی هیچ لایەنێک قبوڵ ناکاتو زۆر لەکەس ناکات بێتە نێو ئەو لیستە».

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی بزووتنەوە پێیوایە بزووتنەوە بەچوونە نێو لیستی هاوپەیمانی زیانێکی زۆری بەخۆی گەیاندوە، دەڵێت زۆرێک لەئەندامانو کادرانی لەخۆی نیگەرانکردووەو لەو ڕوانگەیەشەوە ژمارەی دەنگەکانی لەچاو هەڵبژاردنی پێشوو کەمیکرد».

www.arsivakurd.org

# پارتی فێڵی لەبزووتنەوەی ئیسلامی کرد

## بزووتنەوە: هەڵەیەکی گەورەمان کرد چووینە نێو لیستی هاوپەیمانی

دلێر عەبدوڵڵا

بزووتنەوەی ئیسلامی بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی ٧/٢٥ەوە شکستێکی بەرچاوی بەرکەوتووە، هۆکاری شکستەکەشی دەخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بزووتنەوەی ئیسلامی وەک تاکە لایەنی ئیسلامی نێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دووچاری شکست بووەوە، پێچەوانەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لەهاوینی ساڵی رابردوو ئەنجامدرا، رێژەیەکی کەمی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت نەتوانێت بچێتە پەرلەمانی عێراقو هیچ کورسییەک بەدەستنەهێنێت کە لەمەشدا بزووتنەوە شورای ناوەندی بەپلەی یەکەمو جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی پارتی بەپلەی دووەم بەهۆکار دەزانێت.

بزووتنەوە کە پاش ناکۆکیو مشتومڕێکی زۆری شورای ناوەندیو رێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ پارتیو یەکێتی، چووە نێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هۆکارەکانی ئەم شکستەی بۆ را جیاوازی شوراو چوونە نێو لیستی هاوپەیمانی دەگەڕێنێتەوە، پێیانوایە گەر لەدەرەوەی لیستی هاوپەیمانیو هاوشێوەی هەردوو حیزبە ئیسلامییەکەی تری کوردستان بەلیستی سەربەخۆ بەشداری بکردایە، دووچاری ئەو شکستە نەدەبووەوە، هەروەک ئەوەی عیرفان ئەحمەد کاکە مەحمود ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە دەڵێت "بزووتنەوە بەچوونە نێو لیستی هاوپەیمانی زیانێکی زۆری بەخۆی گەیاند، زۆرێک لەئەندامانو کادرانی لەخۆی نیگەرانکرد، هەربۆیە لەو روانگەیەشەوە ژمارەی دەنگەکانی لەچاو هەڵبژاردنی پێشوو کەمیکرد".

لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی بەخواستی خۆی بەشداری لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا کرد، بەڵام رێکەوتنێکی سیاسی مەیلی ئەو حیزبەی بەلای بەشداریکردن لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی برد، وەک ئەوەی ئەندامەکەی سەرکردایەتی بزووتنەوە دەڵێت "بزووتنەوە لەپێشدا خواستی ئەوەی هەبوو بەلیستی ئیسلامیو دواتر سەربەخۆ بەشدارییبکات، بەڵام رێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ پارتیو یەکێتی وایکرد شورای ناوەندی بڕیاری چوونە نێو لیستی هاوپەیمانی بدات کە لەمەشدا چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی نەیاربوون، بەڵام دواجار بڕیاری کۆتایی درا، رێککەوتنەکەش بریتی بوو لەپێدانی کورسییەک بەبزووتنەوە".

بزووتنەوەی ئیسلامی کە لەهەڵبژاردنی پێشوودا رەخنەی توندی لەدوو پارتە ئیسلامییەکەی تری کوردستان دەگرت، بەوەی تێکەڵی دوو حیزبی عەلمانی بوون، لەم هەڵبژاردنەدا بەپاساوی یەکڕیزیو یەک هەڵوێستی کورد لەبەغدا چووە نێو لیستی هاوپەیمانیو بەو هۆیەشەوە متمانەی جەماوەرەکەی لەدەستداو دوچاری شکست بووەوە.

شوان قەڵادزەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو وتەبێژەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت "لەگەڵ ئەوەی چەندین ئەندامی شورای ناوەندی نەیاربوون، بەڵام پێویستی یەکهەڵوێستی کورد لەبەغدا بزووتنەوەی ناچارکرد بچێتە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئەمە جگەلەوەی رێککەوتنێک لەگەڵ دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان کرا".

ئەو رێککەوتنە سیاسیەی کە لەنێوان بزووتنەوەو پارتیو یەکێتی ئەنجامدراوە، بەهۆی بێبەڵێنی پارتی هەڵوەشاوەتەوەو جێبەجێنەکراوە، بزووتنەوەش بۆ ئەوە لەپارتی نیگەرانەو بەهۆکاری سەرەکی دەزانێت لەپەراوێزخستنی مەرجەکەیان، پێیانوایە فێڵکردن بووە لەحزبەکەیان، عیرفان ئەحمەد کاکە دەڵێت "پاش راگەیاندنی چوونە نێو لیستی هاوپەیمانی لەلایەن بزووتنەوەوە، برادەرانی پارتی پەشیمانبوونەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لێدوانێکیداو رایگەیاند کە هاوپەیمانی کوردستان مەرجی هیچ لایەنێک قبوڵ ناکاتو زۆر لەکەس ناکات بێتە نێو ئەو لیستە".

پەلکێشکردنی بزووتنەوە بۆ نێو لیستی هاوپەیمانی هەوڵێکی پارتی بووە لەپێناوی دوورخستنەوەی ئەو حیزبە لەدوو پارتە ئیسلامییەکەی تری کوردستانو شکستپێهێنانی هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی لیستی ئیسلامی، هەربۆیە پارتی ئەو بەڵێنەی بەبزووتنەوە داوە کە ئێستا لێی پاشگەزبووەتەوەو ئامادەنییە بیباتەسەر، بۆ ئەمە ئەندامەکەی سەرکردایەتی بزووتنەوە دەڵێت "پارتی لەبەڵێنەکەی پاشگەزبووەوەو بێمنەتی بەرامبەر بزووتنەوەو حیزبەکانی تری نێو هاوپەیمانی راگەیاند، ئەمەش گەورەترین هەڵەی سیاسی بزووتنەوە بوو کە ئەنجامیدا".

سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی دەڵێت "ئاگاداری رێککەوتنی سیاسی نیمو ئێمە تەنها کارمان بۆ سەرخستنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کردووە".

لەلایەکی ترەوە زۆرێک لەئەندامانی بزووتنەوە بەتایبەت پێشمەرگە دێرینەکانو بڕێکیش لەسەرکردایەتی دەنگی خۆیان نەداوەتەوە کاندیدەکەی بزووتنەوە لەسنووری پارێزگای سلێمانی، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەو بوونی بزووتنەوە لەنێو لیستی هاوپەیمانی، عیرفان ئەحمەد لەوبارەوە دەڵێت "رەنگە زۆرێک لەئەندامانی بزووتنەوە دەنگیان بەلیستەکەیان نەدابێتو لەبەر بەشداریکردنمان لەلیستی هاوپەیمانی دەنگیان بەلیستە ئیسلامییەکانی تر دابێت".

بۆ وەرگرتنی رای چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی، دەستوور پەیوەندیکرد بەهەریەکە لەمحەمەدی مەلا قادرو ئازاد بەرواریو مەحمود محەمەد، بەڵام هیچ کامیان ئامادەی وەڵامدانەوە نەبوون.

# "فشاری سیاسی لەسەر خەڵکی پارێزگای دهۆك زۆر بەرچاوە"

## بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

**زانا رۆستایی بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا ساختەکاری کەمتربووەتەوە. رۆستایی دەڵێت کۆمەڵ سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە دیوە.**

..............................

**دەستوور:** وەک کۆمەڵی ئیسلامی پرۆسەی هەڵبژاردن چۆن دەبینن، بەگشتی رازین لەبەڕێوەچوونی پرۆسەکە لەهەرێمی کوردستان؟

**زانا رۆستایی:** تائەندازەیەکی زۆر لەبەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان رازیبووین، ئەم هەڵبژاردنە بەبەراود بەهەڵبژاردنەکانی پێشوو بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ بەرەو پێشچوونێکی زۆری پێوەدیاربوو، کێبڕکێیەکی ئازادانە لەنێوان لیستەکاندا هەبوو، شەفافیەتی زیاتر هەبوو، کۆمسیۆنیش تائەندازەیەکی باشتر توانیبووی کارەکانی خۆی بەچاکی بەڕێوەببات.



زانا رۆستایی

**دەستوور:** بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایەن چاودێرەکانتانەوە لەبنکەکانی دەنگداندا بەئێوە گەیشتووە، دەتوانیت پێمان بڵێیت کۆمەڵ لەو پارێزگایانەی بەشداری هەڵبژاردنی کردووە چەند کورسی بەدەستهێناوە؟

زانا رۆستایی: ئێستا کورسیەکی مسۆگەرمان لەپارێزگای هەولێرو یەکێکیشمان لەپارێزگای سلێمانی هەیە، دوو کورسی لەو دوو پارێزگایە ئەگەریان هەیە، لەبەرئەوەی زانیاری هەندێک لەبنکەکانی دەنگدانمان لانیە کە چاودێرمان تێیدا نەبوو، ئومێد دەکەین لەهەولێرو سلێمانی ئەو دوو کورسییەمان هەبێت.

**دەستوور:** لەلایەن چاودێرەکانتانەوە هیچ حاڵەتێکی ساختەکاریی تۆمارکراوە؟ زۆرترین حاڵەت لەکوێ بووە؟ سکاڵاتان تۆمارکردوە؟

**زانا رۆستایی:** لەپارێزگای هەولێر نزیکەی ٢٠ سکاڵامان تۆمارکردووە، لەپارێزگای سلێمانیش بەهەمان شێوە ژمارەیەک سکاڵا تۆمارکراوە، سکاڵاکان زیاتر پەیوەندیان بەدەنگدانی نایاساییەوە هەبووە، کەسانێک بۆ جاری دووەم دەنگیانداوە، یان بەپێناسێک دەنگیانداوە کە رێپێدراو نەبووە، یان لەلایەن کادیرە حیزبییەکانەوە دەستتێوەردان لەکاروباری هەڵبژاردندا هەبووەو فشار خستنەسەر دەنگدەران، هەروەها بەشێکی سکاڵاکانمان پەیوەندی بەمامەڵەی کارمەندانی بنکەکانی دەنگدانەوە هەبووە لەگەڵ نوێنەری قەوارە سیاسیەکاندا.

**دەستوور:** پێتانوایە ساختەکاریی کراوە؟

**زانا رۆستایی:** بەڵێ پێمانوایە لەپارێزگای هەولێر حاڵەتێکی زۆری ساختەکاریی ئەنجامدراوە بەتایبەت لەدوای نیوەڕۆدا، بێجگە لەوە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی دەنگدان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو ناوخۆوە کە زۆربەیان ناویان لەتۆماری دەنگدەراندا دووبارە بووبوویەوە کە جارێکی تر دەنگیان دابووەوە ئاگادارین بەلێشاو بووە، هەروەها هەندێک لەبارەگا حیزبییەکان دەرمانی تایبەتیان ئامادەکردبوو بۆ پاککردنەوەی پەنجە، بەنمونەو بەبەڵگەنامە لەلامانە کە لەچەند شوێنێک ئەم ساختانە کراوە، بەڵام بەبڕوای ئێمە ئەو ساختانە ئەگەر کرابێتیش کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ئەنجامی دەنگدان نەبووە، چونکە فریانەکەوتن، چاودێرەکانی ئێمەش رۆڵێکی باڵایان هەبوو لەڕێگرتنو بەرلێگرتنی ساختەکارەکان.

**دەستوور:** زۆرترین ئەو ساختانەی کراوەو ئێوە بەبەڵگە لاتانە لەکام پارێزگا بووە؟

**زانا رۆستایی:** زیاتر لەپارێزگای هەولێرو کەرکوک کراوە، بەڵگەی زۆرمان هەیە، لەسلێمانیش کەم تا زۆر روویداوە، بەڵام زۆربەی لەهەولێرو کەرکوک بووە.

**دەستوور:** رێژەی ئەو ساختەکاریانەی کاریگەری لەسەر دەنگەکانی ئێوە کردووە، مەبەستم ئەوەیە قەبارەی ساختەکارییەکە کاریگەری لەسەر قاسم ئینتخابی هەبووە؟

**زانا رۆستایی:** لەوانەیە بووبێتە هۆی ئەوەی رێژەی سەدی بەرزبووبێتەوە، بۆنمونە ئێستا کەدەوترێت ٧٦٪ی دەنگدەران بەشداریان لەهەڵبژاردندا کردووە لەوانەیە چەند خاڵێک بەهۆی ئەو ساختانەوە بووبێت، ئەگینا ئێمە بنکەکانی دەنگدانمان دەبینی کە چۆڵبوو، پێمانوانییە رێژەی دەنگدەران لە٦٠٪ بۆ ٦٥٪ بووبێت، بەڵام بەهۆی ئەو ساختانەوە رێژەی سەدی دەنگدان زیادیکردووە.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنی پێشوودا زۆربەی هێزەکان رایانگەیاند لەهەولێرو دهۆک ساختەکاریی زۆرکراوە، ئەمجارەش ئەو حاڵەتە دووبارە بوویەوە، یان حاڵەتەکە گۆڕاوە؟

**زانا رۆستایی:** زانیاری زیاترمان لەسەر هەولێرو کەرکوک هەیە کە ساختە کراوە، بەڵام بەئەندازەی جاری پێشوو نەبووە.

**دەستوور:** لەدهۆکو کەرکوکو موسڵ کۆمەڵی ئیسلامی پێگەی لاوازە، بۆچی نەتانتوانیوە دەنگی خەڵکانی ئەوێ بەدەستبهێنن؟

**زانا رۆستایی:** ئێمە لەدهۆک هەمووی ساڵو نیوێکە رێگەمان پێدراوە بارەگاکانی خۆمان بکەینەوە، فشاری سیاسی لەسەر خەڵکی پارێزگای دهۆک زۆر بەرچاوە بۆیە لەوێ وەک پێویست نەبووین، وەک کەرکوکیش پێدەچێت ئێمە لەڕووی رێکخستنەوە کەموکوڕیمان هەبووبێت، نەمانتوانیبێت کەسایەتی بەهێزی جەماوەری پێشکەش بکەین، لەموسڵیش هیچ بنکەو بارەگایەکمان نییە بۆیە نەمانتوانیوە دەنگی زۆر بێنین.

**دەستوور:** جگە لەهەولێر کە مامۆستا عەلی باپیر خۆی هەڵبژارد، لەهەموو شوێنەکان لەدوای یەکگرتووەوەن، بۆچی نەتانتوانی یەکگرتوو تێپەڕێنن؟ پێتانوایە بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی ئێوە نەبووە، یان دەنگەکانتان هەر ئەوەندەیە؟

**زانا رۆستایی:** لەپارێزگای هەولێر بەگشتی زۆر لەپێش یەکگرتووەوەین، لەپارێزگای سلێمانیش لەچەند ناوچەیەک لەسەر ئاستی قەزا وەک بتوێنو پشدەر، چەمچەماڵ، قەزای رانیە، ئێمە لەپێش یەکگرتووەوەین، لەخورماڵو سیروانو هەڵەبجەی تازەو چەند شوێنێکی تریش هەر لەپێش یەکگرتووەوەین، بەڵام لەناوەندی شاری سلێمانیو لەگەرمیان یەکگرتوو لەپێش ئێمەوەیە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پاڵێورای بەهێز، بوونی پێگەی جەماوەری بەهێزو کارکردنی ئەو حیزبە لەو ناوچانە.

**دەستوور:** ئامارە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەخەن کە بزووتنەوە ئیسلامی نەیتوانیوە لەهیچ پارێزگایەک کاندیدێک سەربخات، بەڵام جاری پێشوو لەپەرلەمانی کوردستان دوو کورسی بەدەستهێنا، ئەوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

**زانا رۆستایی:** ئەمە ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە ئەو دەنگانەی بەبزووتنەوەی ئیسلامی دران دەنگی خۆی نەبوو، دەنگانێکی ناڕازیبوون لەلیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی.

**دەستوور:** هیچ پلانێکتان لەگەڵ گۆڕانو یەکگرتوودا هەیە پێکەوە بڕیاربدەن بەشداری لەحکومەتی عێراق بکەن یان رەتیبکەنەوە؟ بەو پێیەی پێکەوە پێگەتان بەهێزتر دەبێت؟

**زانا رۆستایی:** ئەو سێ لیستە هەماهەنگی بەردەوامامان هەبووە لەقۆناغەکانی رابردووەوە، لەداهاتووشدا لەراگۆڕینەوەو هەماهەنگی بەردەوامین بۆئەوەی بڕیارێکی دروستبدەین کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت، هیچ بڕیارێکی پێشوەختیشمان نییە بۆ بەشداریکردن لەحکومەت یان نەکردن.

"لەناوەندی شاری سلێمانیو لەگەرمیان یەکگرتوو لەپێش ئێمەوەیە، بەڵام لەهەولێرو رانیەو پشدەرو چەمچەماڵ ئێمە لەپێشەوەین."

"لەپارێزگای هەولێر حاڵەتێکی زۆری ساختەکاریی ئەنجامدراوە بەتایبەت لەدوای نیوەڕۆدا"

# کامەران مەنتك: ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی هەرێم دەگۆڕێت

مەعاز فەرحان

کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین ئاماژە بەوە دەدات زانیارییە سەرەتاییەکان لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوە دەردەخەن کە لەزۆر شوێن پێگەی یەکێتیو پارتی بچوک بووەتەوە، لەبەرامبەردا ئۆپۆزیسیۆن دەنگی زیاتری بەدەستهێناوە.

کامەران مەنتک رایگەیاند ئێستا پارتی بەراورد بەهەڵبژاردنی رابردوودا دەنگی کەمبووەتەوە، دەڵێت دەبینین لەزۆر ناوچە کە بەجێنفوزی پارتیو یەکێتی دانراون، گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو دەنگی باشیان بەدەستهێناوە کە ئەم دابەشبوونە لەسەر حسابی پارتیو یەکێتیە، وتی "مانای وایە لەمەودوا نەخشەی سیاسی لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا گۆڕانێکی بەسەردا دێت".



ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە ئەو پاشەکشەی پارتیو یەکێتی لەبەرئەوەیە کە ماوەیەکی زۆرە دەسەڵاتو بەڕێوەبردنداو بەڕێوەبردنەکەشیان سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە.

کامەران مەنتک وتی "پێموایە لەلایەک کۆنبوونی ئەم دەسەڵاتەو لەلایەک هەڵەیو چەوتی ئەو سیاسەتەی پەیڕەویان کردووە، بێدەنگبوونیان لەدەنگی خەڵک وایکردوە کە خەڵک دەنگیان نەداتێ".

کامەران مەنتک پێیوایە لەپەرلەمانی ئایندەی عێراقدا لیستی کوردی چالاکتردەبێتو رۆڵی ئۆپۆزسیۆنیش دەردەکەوێت، کامەران وتی "لەبەرئەوەی فرە رەنگی پێوەدیارەو بەرژەوەندییەکانی کورد زیاتر دەتوانرێت بەدەستبهێنرێن".

## لەدهۆك چاو بەئەنجامی ٣٠ سندوقی دەنگداندا دەخشێنرێتەوە

دەستوور

سەرچاوەیەک لەئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەئەسوات عێراقی رایگەیاندوە، کۆمسیۆن چاو بەئەنجامی ٢٧ سندوقی دەنگدانی گشتیدا دەخشێنێتەوە لەو پارێزگایە، جگە لە ٣ سندوقی دەنگدانی تایبەت.

سەرچاوەکە رایگەیاند "لەوەرگرتنو بەراوردکردنی ٢٧ سندوقی دەنگدانی گشتیدا لەپارێزگای دهۆک، کێشەی هونەری هەبووەو هاوکات سێ سندوقی دەنگدانی تایبەتیش کێشەیان تێدابووە"، روونیشیکردەوە "ئەو سندوقانە بەلایەنی کەمەوە ٤٠٠ دەنگیان تێدایە".

سەرچاوەکە بەدووریزانی "دەنگی سەرجەم ئەو سندوقانە رەتبکرێنەوە"، وتیشی "کێشەکە تەنها هونەرییە".

پارێزگای هەولێر لەپێشەوەی ئەو پارێزگایانەیە کەزۆرترین دەنگدەر بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردووە.

## بودجەی هەولێرو دهۆك لەبودجەی سلێمانیو کەرکوكو گەرمیان زیاترە

فەرمان خێلانی

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەدات کە بودجە بەنایەکسانی دابەشکراوە لەنێوان پارێزگاکاندا، دەڵێت لە٦٠٪ی بودجە بۆ دهۆکو هەولێر دانراوەو لە٤٠٪ی بودجە بۆ سلێمانیو گەرمیانو کەرکوکو خانەقین.

ئیسماعیل گەلاڵی ئەندام پەرلەمان لەفراکسیۆنی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لە٦٠٪ی بودجە بۆ دهۆکو هەولێر دانراوەو لە٤٠٪ی بودجە بۆ سلێمانیو گەرمیانو کەرکوکو خانەقین، لەکاتێکدا رێژەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆکو هەولێر کەمترە لەپارێزگای سلێمانیو گەرمیان، بەمەش لەبەشە بودجەی سلێمانیو گەرمیان پرۆژە بۆ ناوچە دابڕاوەکانو کەرکوکو خانەقین ئەنجامدەدرێت، وتی "کەرکوکو خانەقینو ناوچە دابڕاوەکانی



تر لەسەر هەموو کوردستان حیسابن، نەک تەنها لەسەر سلێمانیو گەرمیان، کەواتە دەبوو پێش دابەشکردنی بودجە بەسەر سلێمانیو هەولێرو دهۆک، بودجە بۆ ناوچە دابڕاوەکانو کەرکوکو خانەقین دیاری بکرابایەو دواتر ئەوەی دەمایەوە بەسەر ئەم سێ پارێزگادا بەیەکسانیو بەپێی رێژەی دانیشتووان دابەشبکرایە".

ئەو ئەندام پەرلەمانەی گۆڕان پێیوایە ئەو دابەشکارییە سزای سیاسییە، دەڵێت "قبوڵکردنی ئەم بەشە بودجەیە لەلایەن یەکێتییەوە بەسزای سیاسی یەکێتی دەزانم، بەوەی کە لەهەڵبژاردندا لەسلێمانیو گەرمیان شکستیان هێناو بەمەش دەیانەوێت لەبەشە بودجەی ئەم پارێزگایە پرۆژە بۆ کەرکوکو خانەقینو ناوچە دابڕاوەکانی تر ئەنجامبدەن، سەرجەمی بەشە بودجەی پارێزگای سلێمانی گەرمیان بۆ ئەم دوو ناوچەیە خەرج نەکەن".

## دڵدار زێباری: پارتی لەموسڵ لەپاشەکشەدایە

مەعاز فەرحان

دڵدار زێباری جێگری پارێزگاری موسڵ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات، جەماوەری پارتی لەپاشەکشەدایەو گۆڕان توانیویەتی دەنگێکی بەرچاو بەدەستبهێنێت.

دڵدار زێباری دەڵێت پارتی مامەڵەی باش نییە لەپارێزگای نەینەواو خەڵکی لەدەوری گۆڕان کۆدەبنەوە، وتی "هەرچەندە گۆڕان هێزێکی تازەیە بەڵام حزورێکی زۆر جوانیان هەیە، خەڵکی مەیلیان بەلای گۆڕاندا زیاتر دەچێت وەک لەپارتی، چونکە پارتی تائێستا حیزبایەتی کردووە بۆیە گۆڕان لەمیللەتەوە زۆر نزیکە".

زێباری رایدەگەیەنێت پارتی لەهەڵبژاردنەدا ساختەکاری کردووە، وتی "زەختێکی زۆر لەلایەن پارتیەوە لەسەر خەڵکی دەوروبەری موسڵ هەبووە، لەهەندێ شوێندا نوێنەری کیانە سیاسییەکان دەرکراون، بەو حاڵەشەوە لەگەڵ لیستی گۆڕاندا لەململانێدان بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتر".

## عەبدولڕەحمان سدیق: ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی دەنگدەر چاودێری بارودۆخەکەیە

محەمەد حەمە نەجیب

ساسەتمەداری کورد، عەبدولڕەحمان سدیق پێیوایە کەبەغداد یاریگایە بۆ لیستەکانو شوێنی مەشقکردنی سەرجەم لیستەکانی کوردستانە، ئاماژە بەوەشدەکات کەبزووتنەوەی گۆڕان هەر کورسییەک بهێنێت، سەرکەوتنە بۆ ئەو، چونکە یەکەمجارە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات.

عەبدولڕەحمان سدیق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت هەڵبژاردنەکان بریتین لەو تاقیگەیەی کەقەوارەکان خۆیان تیایدا تاقیدەکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن جەماوەرەکەیان تاچەند لەگەڵیان ماوە، وتی "هەر دەنگدەران دیاریدەکەن کێ ئۆپۆزسیۆن بێتو کێ لەدەسەڵات بێت، لەبەرئەوە بوونی ئۆپۆزسیۆن بڕیاری گەلە".

عەبدولرەحمان سدیق دەڵێت ئەو لایەنانەی کە لەهەڵبژاردنەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بوون بەئۆپۆزسیۆن دەتوانین بڵێین پێشکەوتنێکی زیاتریان بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لەلایەن لیستی گۆڕانەوە کە دەنگی زیادی کردوە. سدیق وتی "ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەدەنگدەری کورد یان هاووڵاتی چاودێرێکی وریای بارودۆخەکەیە، تەماشای گشت لایەنو حیزبەکان دەکات لایەنێک تاقی دەکاتەوە گۆڕانکاری دەکات، ئەگەر ئەو لایەنەش نەیتوانی ئامانجەکانی ئەو خەڵکە بێهێنێتەدی یان کەمتری هێنایەدی ئەوا دەنگی خۆی دەداتە لایەنێکی دی یا لایەنێکی دی دەهێنێتە پێشەوە، ئەمەش وانەیەکی هەڵبژاردنە کە دەبێت کەس لەسەر چەپکە گوڵی سەرکەوتن نەخەوێت، بۆ چوار ساڵەو چوارساڵی تر تاقیدەکرێتەوە".

عەبدولڕەحمان سدیق وتی "راستە فرە لیستیمان هەیە، بەڵام لەبەغدا پێویستیمان بەیەک هەڵوێستی هەیە لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا، بەڵام زۆر مەسەلەی دی هەیە پێموایە ئەم لیستانە لەبەغداد جیاوازی بیرو بۆچوونیان هەر دەبێت، چونکە ئەگەر هەمووی لەیەک بچنو کارەکانی ئەوانەی پێشوو ئەنجامبدەنەوە، ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارێکی نوێیان نەکردوە، چونکە ئێمە زۆر مەلەفمان ماوە کە بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە".

## ژمارەی کورسی لیستە کوردستانییەکان بۆ پەرلەمانی عێراق

پارتی لەدهۆک ٨ کورسی، لەهەولێر ٨ کورسی، لەموسڵ ٧ کورسی، لەسلێمانی ٢ کورسیو لەدیالەش تەنها کورسیەکی بەدەستهێناوە.

گۆڕان لەسلێمانی ٧ کورسی، لەهەولێر ٣ کورسی، لەموسڵ ٢ کورسی، لەکەرکوکو سەلاحەدین ٢ کورسی بەدەستهێناوە.

یەکێتی، لەسلێمانی ٥ کورسی، لەکەرکوک ٥ کورسی، لەدیالە ٢ کورسی، لەموسڵ ١ هەولێر ١ کورسی بەهۆی پەرشوبڵاوبوونەوەی دەنگەکانی، بردووەتەوە.

یەکگرتوو لەسلێمانی ٢ کورسیو لەدهۆک ٢ کورسیو ١ کورسیشی لەهەولێر بردووەتەوە.

کۆمەڵ لەهەولێرو سلێمانی ٢ کورسی بەدەستهێناوە

تێبینی/ ئەم ئەنجامانە بەدەرن لەدەنگدانی تایبەتو دەرەوە.

ئارام شێخ محەمەد؛ سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕان: لەپارێزگای سلێمانی لەپێش هەموو حیزبەکانەوەین



لاپەڕە ٧

info@destur.net

# پاشەکشێ، یان سەرکەوتن!

## کەس خۆی بەدۆڕاو نازانێت، ئیسلامییەکان: بووینەتە رەقەم، یەکێتی: هەستاینەوە، گۆڕان: ناوچەکەمان کردە نیلی، پارتی: یەکەمین







پەیامنێرانی دەستوور

حیزبە کوردستانییەکان هەموویان پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن، لەکەناڵو لێدوانە رۆژنامەوانییەکاندا سەرجەمیان خۆشحاڵی خۆیان بەدەرەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن رادەگەیەنن، وەک ئەوەی هەموویان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنابێت.

ئەگەرچی هێشتا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە رانەگەیەنراوە، بەڵام تەواوی حیزبە کوردستانییەکان ئەوانەی هیوای بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانیان هەبوو، ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن.

### ئیسلامییەکان: بووینەتە رەقەم

حیزبە ئیسلامییەکان خۆشحاڵی خۆیان بەدەرەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن رادەگەیەنن، ئاماژە بەوە دەکەن کە گەشەکردنی رەوتی ئیسلامی لەکوردستان بەرەو پێشچووە، بەڵام بەڕای چاودێرانی سیاسی هێنانی کورسییەک یان دوو کورسی زیاتر، لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە، مانای گەشەکردنی رەوتی ئیسلامی نییە لەکوردستاندا.

دوو حیزبی ئیسلامی لەکوردستاندا، بەشێوەیەکی سەربەخۆو دوور لەهەر هاوپەیمانێتییەک بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردووە، ئەوانیش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامین.

یەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ٢٠٠٥دا بەتەنیا ٥ کورسی بەدەستهێناو کۆمەڵیش لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا ٢ کورسی پێدرا، بەوپێیە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بوونە خاوەنی ٧ کورسی.

لەم هەڵبژاردنەدا بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی لەنوێنەرەکانیانەوە دەستیان کەوتووەو بەپێی وتەی خۆیان ٩ کورسی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەدەستدەهێنن.

بەشیر محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند ٦ کورسی بەدەستدەهێنینو وتی "لەهەولێر کورسییەکو لەسلێمانی دوو کورسیو لەدهۆکیش چاوەڕاوانی دوو کورسین، ئەمە جگە لەکەرکوک".

یەکگرتووی ئیسلامی دوای دەرکەوتنی چەند ئەنجامێکی بەرایی هەڵبژاردنەکان خۆشحاڵی خۆیان بەئەنجامەکان دەربڕیو بەبەرەوپێشچوونێکی هێزە ئیسلامییەکان وەسفیانکرد.

بەشیر محەمەد بەخۆشحاڵییەوە، وتی "تەوژمی ئیسلامی لەکوردستاندا لەبەرەو پێشچووندایە"، هەروەها وتی "سەرەڕای دروستبوونی کۆمەڵێک هێزی دیکە، بۆیە هێزی دەسەڵات لەپاشەکشەدایە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەشاری هەولێر بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ٤٧ هەزار دەنگی هێناوە، ئەمە لەکاتێکدا لەسەرەتایی ئەم دەیەیەدا لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی هەولێر، یەکگرتووی ئیسلامی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، ٥٩ هەزار دەنگی هێنا، بەوپێیە ١٢ هەزار دەنگ کەمی کردووە.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بەپێی وتەی خۆیان لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی، ١٥٠ هەزار دەنگیان هێناوە.

زانا رۆستایی سەرپەرشتیاری بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بەدەستووری وت "ئێمە یەک کورسی لەهەولێر بەدەستدەهێنین، چونکە ٧٥ هەزار دەنگمان هێناوە".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەبەهۆی ئەوەی لەسلێمانی زیاتر لە٨٠ هەزار دەنگیان هێناوە، دوو کورسی دەهێنن، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوور هەر کورسییەک لەسنووری پارێزگای سلێمانی ٤٦ هەزار دەنگی پێویستە.

بەشێک لەچاودێرانی سیاسی پێیانوایە، هێنانی کورسییەک زیاتر مانای پێشوەچوونێکی رەوتی ئیسلامی بێت لەکوردستانداو پێیانوایە ئەوە نابێتە وەرچەرخانێکی گەورە لەهاوکێشەی هێز لەکوردستاندا.

کەنعان حەمەغەریب مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی بەدەستووری وت " کۆمەڵو یەکگرتوو، ئەو رێژە دەنگەی کەزیاتریان هێناوە بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی رابردوو، بەو ئاستە نییە بڵێین گۆڕانکارییەک روویداوە لەتەرازووی هێزدا، ئەوە تەنها بەرزبوونەوەیەکی رێژەیی کەمە".

کەنعان دەڵێت "ئەو دەنگانەی کۆمەڵو یەکگرتوو لەم هەڵبژاردنە هێناویانە، مانای وانییە ئەوان بوونەتە رەقەمێکی گەورەو کاریگەریان هەبێت لەئایندەدا".

بەڕای کەنعان زۆرێک لەبیرو بۆچوونەکانو لێکدانەوەکان وایاندەبینی کەحیزبە ئیسلامییەکان بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە، بەڵام تاڕادەیەک بەرەوپێشچوون، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کەببنە هێزێکی گەورەو کاریگەر.

ئارام قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بەدەستووری وت "ئەگەر کۆمەڵی ئیسلامی بواری بۆ برەخسێت بەتایبەتی لایەنی ئابووری دەتوانێت دەنگێکی زۆر زیاتر بهێنێت، چونکە لایەنی ئابووری فاکتەرێکی گرنگە بۆئەوەی هەر حیزبێک پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت".

حیزبە ئیسلامییەکان پێیانوایە کەمی دەنگەکانیان، لەهەڵبژاردنەکەی ٧/٢٥ بەهۆی دابەزینیانەوە بووە لەگەڵ دوو حیزبی عیلمانیدا، پێیانوایە ئەمجارە دەنگێکی باشتریان بەدەستهێناوە.

ئارام قادر وتی "کەمی رێژەی دنگەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو بەشێک لەهۆکارەکەی پەیوەندی بەوەوە هەبووە لەگەڵ هێزە عیلمانییەکان چووینتە یەک لیستی هاوبەشەوە".

سەلاحەدین بابەکر وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، ئاماژە بەوە دەکات کە لەم هەڵبژاردنەدا بۆ دیاریکردنی کاندیدەکانیان گەڕاونەتەوە لای جەماوەرەکەیان، ئەوەش بەهۆکاری "زیادکردنی" دەنگەکانی حیزبەکەی دەزانێت.

سەلاحەدین بابەکر وتی "لەم هەڵبژاردنەدا یەکگرتوو ١٠٠ هەزار دەنگی زیاتری هێناوە لەچاو هەڵبژاردنی ٢٠٠٥".

### یەکێتی: ئێمە هەستاینەوە

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لەگەڵ پارتیو ١١ حیزبی تر بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردووە، لەکەناڵەکانی خۆیانەوە ئاماژە بەسەرکەوتنێکی گەورە دەکەن، شەوی یەکەمی بڵاوبوونەوەی چەند ئەنجامێکی بەرایی هەڵبژاردنەکانیش، لایەنگرانیان بۆ خۆشی دەربڕین رژانە سەر شەقامەکان.

یەکێتی لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا خۆی دانی بەوەدانا کەتووشی شکست بووە، لەناوچەی جێ نفوزی خۆی، دوای ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی بۆ لیستی گۆڕان رۆیشت، بەڵام ئێستا سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێن حیزبەکەمان هەستایەوە.

عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بەدەستووری وت "لەچاو ئەنجامەکانی پەرلەمانی کوردستان هەستانەوەیەکی زۆر گەورە بەدیدەکرێت لەهەموو پارێزگاکانی کوردستاندا بەتایبەتی سلێمانی، ئێستا یەکێتی یەکەمەو رێژەی ئەو دەنگانەی کەهاوپەیمانی بەدەستیهێناوە لەناویدا یەکێتی گەڕاوەتەوە ئاستی جارانی خۆی".

هەروەها وتی "لەئاست پشتیوانیکردنی خەڵک لەیەکێتیو کاندیدەکانی لەهەموو پارێزگاکاندا کاندیدەکانی یەکێتی چانسی باشیان هەیە".

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی کەهەیە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ٢٩٢ هەزار دەنگی لەسنووری پارێزگای سلێمانی بەدەستهێناوە کەزۆرینەی دەنگەکان بۆ کاندیداکانی یەکێتی چووە.

هەروەها لەسنووری پارێزگای کەرکوکیش یەکێتی بەپێی ئەنجامە بەراییەکان ٤ کورسی مسۆگەر کردووە، بەڵام لەهەولێر ئەگەرچی زیاتر لە١٠٠ هەزار دەنگیان هێناوە، بەڵام بەهۆی زۆری کاندیداکانیان دەنگەکانیان بڵاوبووەتەوە، بۆیە بەپێی بەشێک لەراگەیاندنەکان لەباشترین حاڵەتدا تەنها هیوای بەدەستهێنانی یەک کورسییان هەیە.

روشدی وتی "خۆمان بەسەرکەوتوو دەزانین، ئەنجامەکان ئەوە دەڵێن کەزۆرینەی دەنگەکان بۆ هاوپەیمانیو لەنێویشیاندا لەسنووری سلێمانیو کەرکوکو دیالە بۆ یەکێتییە کەئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ یەکێتی".

یەکێتی بەهۆی ئەوەی دەنگەکانی سلێمانی زۆرترینیان بۆ کاندیدەکانی رۆیشتووە، بۆیە هیوای نزیکبوونەوەی لەگۆڕان هەیە، لەرێژەی کورسیدا، بەڵام لەخانەقینو دیالە دەنگی زۆرینەی لیستی هاوپەیمانی بۆ کاندیداکانی یەکێتی رۆیشتووە، بۆیە یەکێتی لەئێستاوە کورسییەکەی پارێزگای دیالەی مسۆگەرەو بەنیازی کورسییەکەی پارێزگای سەلاحەدینیشە، هەرچەند راگەیاندنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەدەن کەئەوان کورسییەکەی پارێزگای سەلاحەدینیان بردووە.

### گۆڕان: ناوچەی سەوز بۆ بەنیلی

زۆرترین ململانێیەکانی نێوان لایەنەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەسنووری پارێزگای سلێمانیدابوو، ئەویش لەنێوان یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕاندابوو، هەر دوای ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنیش هەردوولایان رژانە سەر شەقامەکان.

بزووتنەوەی گۆڕان، هەر زوو پیرۆزبایی سەرکەوتنی بەهەوادارانی راگەیاند، رۆژێک دوای هەڵبژاردنەکانیش لەراگەیاندنەکانیانەوە ئاماژەیان بەوەدا کە ناوچەی سەوزیان گۆڕیوە بەنیلی.

لیستی گۆڕان بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لەسنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی ٢٦٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە، بەوەش تەنها ٣٠ هەزار دەنگ لەدوای هاوپەیمانی کوردستانەوەن، بۆیە ئاماژە بەوەدەکەن کە لەپێش یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوەن.

لەپارێزگای هەولێریش ٩٠ هەزار دەنگیان هێناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کورسییەک لەو پارێزگایە ٤٨ هەزار دەنگی پێویستە بۆیە تەنها یەک کورسی لەوپارێزگایە دەبەن، بەڵام لەکەرکوک، پێدەچێت کورسییەک ببەن یاخود نا، بەهۆی ئەو رێژە دەنگە کەمەی کەهێناویانە، لەدهۆکیش چانسی بردنی کورسییەکیان زۆر کەمە.

کێبڕکێو ململانێی گەورە لەئێستادا لەنێوان هەردوو لیستی گۆڕانو یەکێتیدایە لەسەر ئەوە ئەوان ببنە هێزی چەندەم لەکوردستاندا.

گۆڕانیش لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە دەڵێن بزووتنەوەی گۆڕان بوونەتە هێزی دووەم لەکوردستانداو یەکێتیش ئەوە رەتدەکاتەوە.

ئاسۆ عەلی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، رایگەیاند دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە چەند رۆژێکی تر بڵاودەکرێتەوە، ئەو راستییە دەخەنەڕوو کەئەم هەڵبژاردنە بزووتنەوەی گۆڕان بووەتە هێزی دووەم لەهەرێمی کوردستان.

ئاسۆ عەلی وتی "هەر لەبادینانەوە، تادەگاتە گەرمیانو ناوچەکانی دەوروبەری دەنگەکانی جەماوەری گۆڕان ئەو راستییە ئاشکرادەکەن کە نەخێر یەکێتی هێزی دووەم نییە، بەڵکو ئەوە بزووتنەوەی گۆڕانە بووەتە هێزی دووەم".

هەروەها ئاسۆ عەلی وتی "بزووتنەوەی گۆڕان سەرەڕای ئەو ساختەکارییانەی کە لەلایەن حیزبەکانی سەر بەدەسەڵاتەوە کراوە، توانیویەتی دەنگیکی زۆر بەدەستبهێنێت، سلێمانیو گەرمیانو هەولێرو دهۆک ئەو شایەدییە دەدەن".

بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی کەرکوکەوە، رایدەگەیەنن کەبارودۆخی شاری کەرکوک، بەهۆی ئەو حەساسیەتەی کەهەیەتی نایانەوێت قسەی لەسەر بکەن، ئاسۆ عەلی وتی "هەندێک راستیمان لەبارەی کەرکوکیشەوە لایە، بەڵام نامانەوێت باسی بکەین".

وتی "ئێمە لەتەواوی کوردستان پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان لەسەر بوو، بەڵام توانیمان دەنگی جەماوەرێکی زۆر دەستەبەر بکەین، وەک لەئەنجامە سەرەتاییەکاندا بڵاوکراوەتەوە".

### پارتی: یەکەمین

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئاماژەیان بەوەدەدا کەئەوان وەکو حیزب لەکوردستاندا یەکەمدەبنو زۆرترینی کورسییەکان بەدەستدەهێنن، بەڵام پێدەچێت بەهۆی هێنانی دەنگێکی زۆری ئۆپۆزسیۆنەکانەوە لەژێر ناوچەی نفوزی ئەوان، ئەو دەنگانە نەهێننەوە کەخۆیان پێشبینیاندەکرد.

پارتی لەهەریەکە لەپارێزگاکانی کەرکوکو سلێمانی، بەپێی ئەنجامە بەراییەکان پێدەچێت هەریەکەو کورسییەکی لێبهێنن، بەڵام لەهەولێر زۆرترین دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی، بەهۆی کەمی کاندیدەکانیانەوە بۆ ئەوان دەچن، لەدهۆکیش بەهەمانشێوە، بەڵام لەپارێزگای موسڵ بزووتنەوەی گۆڕان دوو کورسی بردووەتەوە.

پارتی لەدەزگاکانی راگەیاندنی خۆیەوە، بەتایبەت لەماڵپەڕو رۆژنامەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کەئەوان زۆرترینی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە وەکو حیزب.




هەزاران هاوڵاتی بێبەشبوون لەدەنگدان

# هەڵبژاردنو بەزمەکانی ....

## دووجار دەنگدان، نەهاتنەوەی ناوەکان، کۆمسیۆنو بێدەنگی...

زانا حەمە غەریب

بەزمەکانی هەڵبژاردن لەکوردستان، هاوشێوەی هەڵبژاردنەکەی پێشوو، لەچەند ناوچەیەکی کوردستان دووبارە بووەوە، لەجۆری نەبوونی دەنگی دەنگدەرو دووجار دەنگدانو پێشێلکارییەکانی تری هەڵبژاردن.

**لەبری ئەوانەش دەنگدراوە، کەناویان نەبوو**

هەرچەندە لەسەرەتای هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو چالاکوانانی ڕێکخراوەکان، بەردەوام جەختیان لەوە کردووەتەوە کەپێویستە دەنگدەر تەنها یەکجار دەنگبداتو مامۆستایانی ئاینیش جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کەدەنگدان زیاتر لەجارێک دەچێتە بابی حەرامەوەو دروست نییە، بەڵام دەنگدانی ئەمجارەش وەک جارانی پێشوو بەدەرنەبوو لەو حاڵەتەو خەڵکانێکی زۆر هەبوون کەزیاتر لەجارێک دەنگیانداوە.

ئاریان کەناوی خوازراوی یەکێک لەو کەسانەیە زیاتر لەجارێک دەنگیداوە، باسی لەوەکرد کەئەو لەدەنگدانی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو لەئێستاشدا چەند جارێک دەنگیداوەو بەلایەوە شتێکی ئاسایی بوو، چونکە پێیوابوو "هەتا دەنگێک زیاتر بدات هەنگاوێک لیستەکەی بەرەو پێشەوە دەبات".

لەپارێزگاکانی کوردستان، بەتایبەت لەسنووری هەولێرو دهۆکو کەرکوک، لەسلێمانیش لەدەنگدانی تایبەتدا، دەنگدانی دووبارە زۆر هەبوو.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لەلایەن دەنگدەرانی تایبەتەوە ئەو حاڵەتە زۆر هەبووە، چونکە هێزەکانی پۆلیسو سوپاو پێشمەرگە چەند ڕۆژێک بەرلەدەنگدان دەنگی تایبەتی خۆیان داوە، بۆیە لەڕۆژی دەنگدانی گشتیشدا دەنگدانیان دووبارە کردووەتەوە.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش لەبەیانێکدا ئەوە دووپاتدەکاتەوە "دەنگدانی زیاتر لەجارێک سەرپێچییە لەیاساکانی هەڵبژاردنو هەرکەسێکیش ئەو کارە بکات پێویستە بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی بکرێتو بەبڕی ١٠٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار غەرامە بکرێت".

بەیانەکەی کۆمسیۆن ئاماژە بەوەشدەکات کەئەوە جگە لەوەی ئاماژە بۆ ئەوەدەکرێت کەلەدوای جیاکردنەوەی دەنگەکان دەنگە دووبارەکان ئەژمار ناکرێن.

**نەهاتنەوەی ناوو بێدەنگی کۆمسیۆن**

لەکاتی پرۆسەی دەنگداندا ئەوەی کەبووە هۆی بێزاریو نیگەرانیو تووڕەبوونی زۆرێک لەخەڵکی، نەگەڕانەوەی ناوی دەنگدەران بوو کەبەو هۆیەشەوە بەپێی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم نزیکەی ٧٠ هەزار دەنگدەر بێبەشبوو لەدەنگدان.

محەمەد عەلی بەهۆی نەهاتنەوەی ناوی بێبەشبووە لەمافی دەنگدان، بەدەستووری وت "من زۆرم لاسەیرە لەهەڵبژاردنی پێشوودا ناوم هاتووەتەوەو هەر لەم بنکەیش دەنگمداوە، بەڵام ئێستا ناوم نەهاتووەتەوە لەکاتێکدا ئەو پسولەیەی لەلایەن بایەعەوە پێماندراوە ناوی منی تێدایەو زۆر نیگەرانم، چونکە حەزدەکەم پڕ بەدڵ دەنگبدەم، چونکە ئەمە چارەنووسی گەلەکەمە".

سیروان عەزیز یەکێکی ترە کە بێبەش بووە لەدەنگدان، وتی "کۆمسیۆن خۆی کێشەکانی دروستکردووەو دواییش دەستی دەستی پێ کردووین".

تاهیر محەمەد ئەمین، بەرپرسی ئۆفیسی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لەسلێمانی بەدەستووری ڕاگەیاند "من چەندجار تەلەفونم بۆ ئەو کێشەیە بۆ کراوەو خۆم چەندجار چووم سەردانم کردوون، بەبێئەوەی کەئەوان ئاگایان لەمن بێت سەیرم کردووە تەلەفونەکانیان بەگوێوە بووەو وەڵامی خەڵکیان داوەتەوە، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەئەوانە چوون دەنگبدەنو مۆبایلەکانیان لێوەرگیراوە لەو بنکەیەی دەنگی تیا دەدەن هەتا دەنگدانەکانیان تەواو دەبێت".

**هاوپەیمانی کوردستان داوای ڕوونکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتنی کرد**

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەسەرەتای نەهاتنەوەی ناوی هەزاران دەنگدەر لەڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا، داوای لەکۆمسیۆن کرد، ڕوونکردنەوە بداتو ئەگینا هەڵوێستی تر دەگرنەبەر.

لەبەیاننامەکەدا هاتووە "پاش پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە لەپرۆسەی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆمان ڕوونبوویەوە کە لەسنووری پارێزگای دهۆک، نزیکەی ٢٠ هەزار دەنگدەرو لەپارێزگای هەولێرو قەزای مەخمور ٤٣ هەزار دەنگدەرو لەپارێزگای سلێمانیو کەرکوکو دیالەو ناوچە دابڕاوەکان خەڵکێکی زۆر بێبەش کراونو تەنانەت لەدەنگدانی مەرجداریش بوار بۆ دەنگدەران نەڕەخساوە کەدەنگ بدەن".

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کەئەوان وەک لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەگەڵ ناڕەزایی دەربڕینیان بۆ ئەو کارە، بەشێوەیەکی دەزانین کەدژی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانەو هاتووە "هەست دەکەین هەڵوێستی سیاسی لەپاڵدایە".

تاهیر محەمەد وتی "بێگومان دوو جۆر ناو نەهاتنەوە هەبوو یەکێکیان ئەوەبوو کەبەهیچ جۆرێک ناوی لەتۆماری دەنگدەراندا نەبوو، یەکێکیشیان ئەوەبوو کەهاووڵاتی لەتۆماری مورشددا ناوی هەبوو، بەڵام لەتۆماری ناو بنکەکاندا ناوی نەبوو کەهاووڵاتیش لەوێ ناوی نەبێت ناتوانێت دەنگبدات، چونکە بەرامبەری ناوەکەی خۆی ئیمزا دەکات".

بەڕای کۆمسیۆن هۆکاری سەرەکی بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەکاتی چاپکردنی ئەو داتایانەی کەدەڕواتو کاتێک کە دابەشدەکرێتەوە بەسەر وێستگەکانی دەنگداندا ناو دەپەڕێت.

تاهیر محەمەد وتی "ئەو کێشانە دەگێڕمەوە بۆئەوەی کەکۆمسیۆن متمانەی تەواوی لەسەر تۆماری وەزارەتی بازرگانییەو ئەو داتایانە لەوێ دێنو چەندجار تازە دەکرێنەوەو ئەوەش ئەو کێشانە دروستدەکەن".

# کەرکوک.. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆتو ئەوانی تریش

## کوردەکانی کەرکوک، لەم هەڵبژاردنەدا ململانێی نێوان خۆیانو عەرەبو تورکمانەکانیشیان دەکرد

زانیار داقوقی لەکەرکوک

لەشاری کەرکوک، کوردەکان جگە لەململانێکردن لەگەڵ عەرەبو تورکمانەکانو نەتەوەکانی تر، ململانێیەکی توندیشیان هەبوو لەنێوان خۆیاندا، بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگەکانی پارێزگاکە.

بۆ یەکەمجار لەهەڵبژاردنەکاندا، لەشاری کەرکوک، کورد بە٥ لیستی جیاواز بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا کرد، ئەوەش زۆرترین ململانێی نێوان لایەنەکانی بەخۆوەبینی، بۆ کوردەکانیش تاڕادەیەکی زۆر قورسبوو.

جگە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، ٤ لیستی تری کوردی لەشارەکەدا کێبڕکێیان دەکرد، ئەوانیش هەریەکە لەلیستەکانی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیو لیستی قەڵابوون.

کوردەکان ئەم هەڵبژاردنەیان بەقورسترین هەڵبژاردن بۆ نەتەوەی کورد لەپارێزگاکە وەسفکرد، چونکە پێیانوابوو بەهۆی ئەو فرەلیستی کوردییەوە، دەنگێکی زۆر لەدەستدەدەنو ئەوەش لەقازانجی نەتەوەکانی تردا دەشکێتەوە.

هێرش عەلی ٢٧ ساڵ، پیشە مامۆستا، وتی "هەموومان لەشارەکە ترسێکمان هەبوو، لەوەی کورد بەهۆی بڵاوبوونەوەی دەنگەکانی کورسی کەمتر بهێنێت لەعەرەبەکان، بەڵام خۆشبەختانە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان دیارە وادەرنەچووە".

هێرش وتی "کورد لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەدا وەک ئەوە وابوو خۆی لەبیربچێتەوە، ململانێی لەگەڵ خۆیدا دەکرد".

لیستی هاوپەیمانی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان، لەململانێیەکی توند دابوون لەشارەکەدا، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، ململانێی کورد تەنها لەگەڵ نەتەوەکانی تردابوو.

کوردەکان دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان، دڵخۆشبوون بەوەی دەنگی کوردەکان بەشێوەیەکی زۆر بڵاونەبووەتەوەو کورسی زیاتریان لەنەتەوەکانی تر بەدەستهێناوە.


لیستی جیاواز لەکەرکوک دەنگی کوردی پەرت ئەکرد

بەپێی چەند ئەنجامێکی بەرایی کەدەست دەستوور کەوتووە لەپارێزگای کەرکوک لیستی هاوپەیمانی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە کە (٥، ٦) کورسییەو زۆرینەی دەنگەکانیش بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕۆیشتووە.

غازی کەرکوکی کارگێڕی مەڵبەندی یەکێتی لەکەرکوک، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "دوای ئەو ململانێیەی کە لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، لەنێوان لایەنەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگی زۆرترین جەماوەر ئەنجامدەدرا، هاوپەیمانی کوردستان توانی لەکەرکوک یەکەمبێت". غازی وتیشی "بەرەی تورکمانی تەنها یەک کورسی بەدەستهێناوەو نەتەوەی عەرەبیش ٢ کورسی بەدەستهێناوە".

بەڕای ئەو بەرپرسەی یەکێتی، تەواوی ململانێیەکان بەقازانجی لیستی هاوپەیمانی کەوتەوە، بەوەش ئەو لیستە توانی ئەو ترسە لەدڵی دەنگدەرانی شارەکە بڕەوێنێتەوە کەپێیانوابوو بەهۆی فرە لیستییەوە دەنگەکان بۆ نەتەوەکانی تر دەچێت.

بەرپرسێکی پارتی لەکەرکوک، لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەسەرکەوتنی لیستەکەیاندەدات، لەشاری کەرکوک، پێیوایە ئەوانەی لەلیستی هاوپەیمانیدابوون لەشارەکە، ئەوەندەی گرنگی بەداهاتووی شارەکە دەدەن، گرنگی بەوە نادەن چ کاندیدێک براوەی یەکەم دەبێت.

لوقمان کاکەیی کارگێڕی لقی پارتی لەوشارە، وتی "ئێمە وەک پارتیو یەکێتی هیچمان لاگرنگ نییە، لەوەی کام لامان دەنگی زیاتر دەبەین، بەڵکو گرنگ لای ئێمە ئەوەیە کەرکوک بەڕاستەقینە کوردستانییەو هاوڵاتیانی شارەکەمان کوردستانێتی کەرکوک بۆ جیهان ئاشکرا دەکەن".

ژاڵە نەفتچی کاندیدی بەرەی تورکمانی کە پێشتر ململانێی توندی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی شارەکە دەکرد، ئێستاش پێیوایە نەتەوەکانی تر لەپێشترن لەهێنانی دەنگی زۆرینەی هاووڵاتیان، نەک کوردەکان.

ئەو وەک ئەوەی ئێستاش لەململانێدابێت، وتی "لەکەرکوک لیستی عێراقییە ٦ کورسی بەدەستهێناوە، سەرجەم لیستە کوردییەکانیش بەهەموویان هەر ٦ کورسییان هێناوە، ئێمەش وەکو بەرەی تورکمانی ٢ کورسی".

کوردەکانی کەرکوک بەوە دڵخۆشبوون کەهاوشێوەی ئەوان، عەرەبەکانیش دابەشبووبوون بەسەر چەند لیستو قەوارەیەکەوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر دابەشبوونی دەنگی عەرەبەکانیش هەبوو.

محەمەد خزر جبوری، لەنەتەوەی عەرەبو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەدەستووری وت "عەرەبەکان بەهۆی قەوارەی زۆرەوە لەشاری کەرکوک هەر ئەو ٢ کورسییەیان بەرکەوتووە، ئەوان بەسەر چەند لیستو قەوارەیەکدا دابەشبووبوون".

جبوری ئەوەشی وت "پرۆسەی هەڵبژاردن لەکەرکوک بەباشی بەڕێوەچووە"، بەڵام نەتەوەی عەرەب "هەڵەی کرد، ئێمە وەک عەرەب ئەگەر بەکۆی دەنگ بەشداریمان لەهەڵبژاردن بکردایە لەکەرکوک لەوانەیە ٤ کورسیمان بەدەستهێنایە".

کاوێز مەلا پەروێز نووسەرێکی پارتییە، پێیوایە ململانێی نێوان کوردەکان لەگەڵ خودی خۆیانو کوردەکان لەگەڵ نەتەوەکانی تر لەم هەڵبژاردنەدا، بەخۆشیو دوور لەهەر گرژییەک بەڕێوەچوو.

ئەو وتی "ململانێیەکان لەکاتی بانگەشەکاندا هەبوون، چ لەنێوان خودی کوردەکان، چ بەرامبەر نەتەوەکانی تر، بەڵام بەزیان نەشکایەوە بەسەر کورددا".

بزووتنەوەی گۆڕان کە لەململانێیەکی توندابوو لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا، زۆرێک لەهاووڵاتیان پێیانوابوو بەزیان بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد دەشکێتەوە، لەلایەک بەهۆی ڕوودانی شەڕو ناکۆکی، لەلایەکی تر بەهۆی فەوتانی دەنگی کورد بەهۆی فرە لیستی کوردییەوە.

تەیب حەمید کاندیدی گۆڕان لەکەرکوک، وتی "بزووتنەوەی گۆڕان لەشاری کەرکوک لەگەڵ ئەوەدانەبوو ناکۆکی لەدەرەئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکەوێتەوە، لەڕێگەی سکاڵاوە دژ بەساختەکاریو هەر شتێکی تر کاردەکەین".


لاپەڕە ٩

# "لەپارێزگای سلێمانی لەپێش هەموو حیزبەکانەوەین"

## سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**ئارام شێخ محەمەد سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت گۆڕان لەپارێزگای سلێمانی یەکەمەو لەهەولێرو دهۆکیش ژمارەی دەنگەکانی زیادی کردووە لەچاو هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا.**
**ئارام شێخ محەمەد ئاماژە بەوەدەدات کە لایەنگرانو کاندیدەکانیان لەژێر هەڕەشەو مەترسیدا بوون لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنو ڕۆژی هەڵبژاردندا.**

**دەستوور:** شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن چۆن دەبینن، بەگشتی رازین لەبەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** بەشێوەیەکی گشتی تێبینیمان هەیە لەسەر پرۆسەکە تێبینی زۆر جدیمان هەیە، بەشداری ئێمە لەم پرۆسەیەدا وەکو گۆڕان پرۆسەیەکی نابەرامبەربوو پرۆسەیەک بوو کەئێمە هەم لەڕووی ژمارەوە هەم لەڕووی ئیمکانیاتەوە هەم لەڕووی ئەوەی کە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەرامبەر بەلیستی ئێمە بەڕاستی زوڵمێکی زۆر لەئێمەو لایەنگرانمان کراوە، رووبەڕووی هەڕەشەو مەترسی لێدانو گرتنو فڕاندنو هەتا رووبەڕووی کوشتنو تەقەلێکردن بووینەتەوە، ئێستاش خەڵکێکمان هەیە لەزیندانەکاندا، سەرەڕای ئەوانەش ئێمە پێمانوایە کە سەرکەوتنی گەورەمان بەدەستهێناوە کەپەنامان نەبردووەتە بەر توندوتیژی، ئەم پرۆسەیە لەپرۆسەیەکی نابەرامبەردا بەڕێوەچوو.

**دەستوور:** دەتوانی بەنزیکی پێمان بڵێیت گۆڕان لەپارێزگای هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، موسڵ، دیالەو سەلاحەدین چەند کورسی بەدەستهێناوە، بێگومان چاودێرانتان دەنگەکانیان بۆ جیاکردوونەتەوە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** ئێمە تاوەکو ئێستا ناتوانین هیچ ژمارەیەک رابگەیەنین، لەسلێمانی وەک هەمیشە وەک ٧/٢٥ دەرکەوت سلێمانی بۆ جارێکی تر سەلماندی کە پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەکی گشتیو شاری سلێمانی بەتایبەتی شاری گۆڕانە، ئێمە ئەگەر لەبەرامبەر هاوپەیمانیدا کە پێکهاتووە لەیەکێتیو پارتیو یانزە حیزب ئەوان وەکو لیست ئەوان وەکو قەوارە وەکو هاوپەیمانێتی چەند دەنگێک لەپێش ئێمەوە بن، بەڵام ئێمە ئەو دەنگانەی بەدەستمانهێناون لەپارێزگای سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی لەپێش هەموو ئەو قەوارەو لیستانەوەیە کە لەپارێزگای سلێمانیدا بەشدارییانکردوە، ئەگەر بەتاک تاک وەریانبگرین پێمانوایە ئێمە براوەین لەم شەڕەدا.

**دەستوور:** لەبەغدا ئەو دەنگانەی بەدەستتانهێناون بەشی کورسییەک دەبن؟

**ئارام شێخ محەمەد:** تائێستا ئەنجامەکان روون نین کە لەبەغدا بگەینە کورسییەک، زۆر دڵنیانینو چاوەڕێی ئەوە دەکەین ئەنجامەکانمان دەستبکەون.

> لەدهۆکدا
> وەك شارەکانی تر
> ئازادی سیاسی نییە

**دەستوور:** بەپێی ئەو ئامارانەی دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویانکردووەتەوە، بەبەراورد بەهەڵبژاردنی ٧/٢٥ گۆڕان لەقەزاو ناحیەکانی سلێمانیدا پاشەکشەی کردووە، هۆکاری ئەوە چییە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** پێموانییە پاشەکشەی کردووە، هۆکاری ئەوە ئەگەر باسی پاشەکشە بکەیت، وەکو دەنگدان پێموانییە وەکو پاشەکشێ پاشەکشەی کردبێت، لەبەرئەوەی ئەنجامی گشتی لەهەڵبژاردنەکاندا ئەوەی سەلماندووە لەزۆربەی شوێنەکان زوڵمو زۆرێکی زۆر کراوە بەرامبەر بەلایەنگرانو دۆستانی گۆڕان، لەبەر نانبڕینو لەبەر کۆمەڵێک کێشەو زەبروزەنگ، لەدەربەندیخان سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکیان لێفڕاندووین لەگەڵ ئەوەشدا لەناو دەربەندیخاندا ئێمە یەکەم بووین، لەزۆر لەشوێنەکانی تریش بەمشێوەیە رۆشتوەتە پێشەوە، بیریشمان نەچێت هەڵبژاردنەکە ئەمجارە کراوەبووەو هەر یەکێک لەکاندیدەکانی لیستەکان بۆخۆی کۆمەڵێک دەنگی بردووە، ئێمە پێمانوایە بەم بەراوردە بەراورد بکەین لەپاشەکشەدا نین.

**دەستوور:** هەست ناکەیت ئەو هەڵمەتەی یەکێتی لەسەر ئێوە کردی توانی کاریگەری لەسەر خەڵکی قەزاو ناحییەکان هەبێتو ئێوە نەتوانن وەک خۆی وەڵامیان بدەنەوە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** مەسەلەکە پەیوەندی بەبڕیاری خەڵکەوە نییە، مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ساختەش زۆر کراوە، چاوترساندنی زۆر کراوە، پاڵەپەستۆ خراوەتە سەر شوێنەکان، خەڵکێک هەیە فشاری زۆریان بۆ هێناون، ئێمە بەبەردەوامی چاودێری ئەو حاڵەتانەمان کردووە، لەبەرئەوە پێموانییە ئەوە پەیوەندی بەبڕیاری خەڵکەوە هەبێت، ئەوەندەی کە پەیوەندی بەفشاری دەسەڵاتەوە هەبوو بۆ سەر ئەوخەڵکە کە بەوشێوەیە دەنگ بدات، ئەمە مەسەلەکەیە، مەسەلەکە ئەوەنییە کە خەڵک ئازادانە دەنگی دابێت.

**دەستوور:** نەتانتوانی لەکەرکوکیش بیگۆڕن بۆچی؟

**ئارام شێخ محەمەد:** لەکەرکوکیش دیسان بەدەر لەهەر شیتەڵکردنەوەیەکی سیاسی کە ئەوەش بۆخۆی پێویستی بەلێکدانەوەو شیکردنەوە هەیە، گۆڕان هیچ کێشەیەکی لەوەدا نییە کە هەر حاڵەتێک بێتە پێشەوە کە تەحدیدی ئەوەبکات کە بۆچی ئەگەر ئەنجامێک کە ئەوچاوەڕوانی دەکات بەو شێوەیە بەدەست نەهاتووە، هەروەها گۆڕان هیچ کێشەیەکی لەوەدا نییە کە ئەنجامەکان هەرشتێک بێت قبوڵی بکات، سەرەڕای ئەوە ئێمە بەدڵنیاییەوە لەکەرکوک کورسیەک دەهێنین، ئەوانە هەموو پڕوپاگەندەیە، وەکو وتم تائێستا ئەنجامەکان ئاشکرانەکراون، لەگەڵ ئەوەشدا ساختەکاریی زۆر کراوە، بریکارێکی زۆر هەڕەشەی لێکراوەو خەڵکێکی زۆری ئێمە لەبەردەم مەترسیدا بوون، ئەمە بێجگە لەوەی کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی ناڕەواو ناشایستەیان بەرامبەر سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دروستکرد کە هەموو ئەمانە جێگەی پرسیارو تێڕامانە کە پێموایە ئەمە کاریگەری هەبوو هەرئێستا بۆخۆی ئەنجامەکانی کەرکوک رەنگە لەژێر پرسیاردا بێت.

**دەستوور:** ئەگەر بەشی دوو


ئارام شێخ محەمەد

کورسیش ساختەکاری کرابێت، ئەوا ئەنجامە سەرەتاییەکان دەڵێن هەر هاوپەیمانی لەپێشەوە دەبوو، لەکاتێکدا کەرکوکییەکان نەهامەتی زیاتریان چەشتووە، ئایا مەسەلەکە ئەوەیە ئێوە نەتانتوانی کار لەسەر دەنگی ناڕازی بکەن، یان کاریگەری ئەوگرتە ڤیدیۆیە بوو کە سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان دەردەکەوتو دەیوت ئاوارەکان حیزبەکان دەدۆشن؟

**ئارام شێخ محەمەد:** ساختەکاریی کراوە، ساختەکاریی بریتیە لەوەی تۆ دەنگی خەڵک بگۆڕیت، لەبەرئەوە ئەو دەنگە ناڕازیانە کە ناڕازین تۆ دەچیت دەیانکەیت بەدەنگی خۆت ئەمەیە ساختەکاریی، داننان بەو واقیعەی کە لەکەرکوک ساختە کرابێت بۆخۆی واتە گۆڕینی ئەو واقیعە، واتە گۆڕینی دەنگی کەرکوکو کەرکوکییەکان، خۆی ئەمە گرفتە بنەڕەتییەکەیە، ئەم گرفتە پەیوەندی بەوەوە نییە کەمەسەلەن گرتەیەکی ڤیدیۆیی لێبدرێت یان نا، چونکە دواجار خەڵک ئەو کێشەیەی هەبێت من دڵنیام لەوەی کە رەنگە بەئەندازەیەک هۆشیاری خەڵک کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنو ئەنجامی هەڵبژاردن بکات، بەڵام ئەو ئەنجامە یەکجار بەو گەورەییە نییە، لەشوێنێکی وەکو کەرکوکدا لەئەنجامنەدانی سەرژمێریدا بەژمارەیەکی دەنگدەری دیاریکراوو بەژمارەیەکی دیاریکراوی پێکهاتەکانی ناو کەرکوکدا ئەو جیاوازییە دروستبکرێت، بۆنمونە لایەنێک زیاد لەژمارەی دانیشتوانەکەی کەرکوک دەنگ بێنێت، ئەمە جگە لەوەی لەهەندێ وێستگەدا رێژەی دەنگدەر بگاتە سەرو ٨٥و ٩٠ بۆ خۆی ئەوە دەبێت لەژێر پرسیاردا بێت، چونکە ئەو ئەنجامە زۆر بەرزانە بەس تەنها لەو شوێنانە روودەدەن کە بەڕێژەیەکی زۆر زۆر ساختەکاریی تیادەکرێت، بۆنمونە لەوێستگەیەکدا چ پێویست بەوە دەکات کە تۆ بتەوێت پرۆسەیەک بەنیزامی بڕوات فشار بۆ بریکارێک بهێنیتو بیکەیتە دەرەوە یان هەڕەشەی لێبکەیت، چ پێویست دەکات ئەمانە بکەیت کە تۆ دڵنیابیت دەنگێک هەیە دەنگی خۆتە.

**دەستوور:** هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان لەهەولێر دەنگی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ببێتە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری، هێشتا لەدهۆک زۆر لاوازن، ئەوەش ئەو قسەیە دووپاتدەکاتەوە کە گۆڕان زیاتر جەختی لەسەر سلێمانییە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** خۆی ئەمە سروشتیە لەهەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، بەڵام سیاسیەکان لەم وڵاتەدا بۆ مەبەستو مەرامی تایبەتی بۆ جوڵاندنی ئیحساسی ناوچەگەرێتی ئەم قەزیەیە دەوروژێنن، ئەگینا زۆر زۆر سروشتیە لەهەموو دونیادا وایە لەهەر شوێنێک سەرچاوەی هێزی تۆ بوو بەدڵنیاییەوە تۆش گرنگی پێنەدەیت جەماوەرەکەی خۆتو هێزەکەی خۆت وادەریدەخەن کە ئەمە تۆ تەرکیزت لەسەر ئەوێیە، لەسلێمانیدا گۆڕان هێزی یەکەمە کە هێزی یەکەمە هەر جەماوەرەکەی بێتە سەرجادەکە دەلیلە بۆئەوەی کە ئەم بەهێزەوە دەربخات، مەسەلەکە ئەوەنییە کە تۆ گرنگی زیاتر بەم شوێنە دەدەیت کە گرنگیشی پێبدەیت هیچ عەیبێکی تێدانیە پێموانیە ئەمە کێشە بێت، لەهەموو شوێنێکی دونیاو ململانێیەکی هەڵبژاردندا وایە، بەهێزکردنی سەنگەری خۆتو لێرەوە رۆیشتن بۆ شوێنەکانی تر گرنگە، سەرەڕای ئەوە حاڵەتێک هەیە دەبێت لەبیرمان نەچێت گۆڕان ئەمجارە لەدهۆک بەراورد بەجاری رابردوو چووەتە پێشەوە چەند هەزار دەنگێک زیادی کردووە، لەهەولێر ئێمە دەنگی باشترمان هێناوە، ئینجا ئەوە گۆڕان نییە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەجۆرێکی تر شیبکاتەوە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەڕووی دیموکراسیەوە هەر چۆنێک بێت گۆڕان یەکەم کەسە پشتگیری لێبکات، گۆڕان بەبەردەوامی خەریکی ئەوەیە کە دیراسەی ئەم حاڵەتە بکات، ئەمجارەش بەپێچەوانەوە لیستی کراوە بوو، لەبەرئەوە هەرپارێزگایەک ئەنجومەنو لیژنەی تایبەت بەخۆی هەبووە خۆیان سەرپشک بوون لەبڕیارەکانی خۆیان، ئەو لیژنەی بانگەشەیەی کە لەهەولێر خەریکی سەرپەرشتیکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون، هیچی کەمتر نەبووە لەلیژنەی بانگەشەی سلێمانی.

**دەستوور:** کەواتە کەمتەرخەمی هەبووە لەو کەسانەی کەبانگەشەیان کردووە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** نەخێر من نەموتوە کەمتەرخەمی هەبووە، من پێموایە گرنگی دراوە بەبانگەشەی هەڵبژاردن، بۆیە هەر لیژنەیەک کە نەیتوانیوە بەئەنجامی خۆی بگات، لەبەرئەوەی لەهیچ شارێک نییە لەکوردستاندا ئێمە رووبەڕووی لێدانو گرتنو فڕاندنو کڕین هەوڵدان بۆ پەشیمانکردنەوەی کاندیدو لایەنگرانمان نەبوبێتینەوە، لەبەرئەوەی هەرچی ئامرازی نەشیاو هەیە لەسەرتاسەری هەموو دونیادا لەفەرهەنگەکانی رەشی هەموو هەڵبژاردنەکانی دونیادا بەرامبەر لیستی گۆڕان بەپلەی ئیمتیاز بەکارهێنراوە لەهەموو شوێنەکاندا، ئەمەش کاریگەری دادەنێت لەبەرئەوە ئەمە لەگەڵ نانبڕینو کێشەی نانبڕاوەکان بەپێی پێویست چارەسەرنەکراوە، بەڵێنێکی زۆر دراوە نەیانبردە سەر، هەموو ئەمانە بەدڵنیاییەوە کاریگەری دادەنێت، ئیتر هەر ئەوەندەی دەتوانرێت بکرێت بەڕاستیەکەی ئەمە کەمتەرخەمی نییە بۆ لیژنەیەک بگەڕێنرێتەوە، لەکاتێکدا بۆنمونە ئەگەر ئێمە باسی کاندیدەکانی خۆمان بکەین زۆر بەنابەرامبەری لەبەرامبەری کاندیدەکانی ئەواندا چونەتە ملیملانێیەکەوە، ئەوان هەزارەها دۆلاریان بۆ خەرجکراوە، لەکاتێکدا ئێمە ئەگەر سەرنج بدەیت هەموو کاندیدەکانمان لەسەر گیرفانی خۆیان ئیشەکانیان کردووەو بانگەشەیان کردووە، کاندیدەکانی ئێمە بێجگە لەژمارەیەک پۆستەری دروستکراو باقی هەموو ئەو فلێکسو پۆستەرانە لەسەرگیرفانی خۆیان بووە.

**دەستوور:** دەڵێن ئەو لاوازیەتان بەهۆی ئەوەوەیە، کەمتر رەخنە لەپارتیو ئەدای حکومڕانی ئەوانو قۆرخکارییەکانی پارتی گرتووە، بۆیە جەماوەری بادینان دەنگتان پێنادات؟ بۆنمونە بەڵگەنامە رەشەکان هەموو لەسەر یەکێتی بوو؟

**ئارام شێخ محەمەد:** ئەمە حاڵەتێکە، پێموایە بەجۆرێک لەجۆرەکان هەوڵدەدرێت ئەم حاڵەتە وای لێبکرێت، ئەوە ناشارێتەوە کە ناوچە جێنفوزی یەکێتی پارێزگای سلێمانی بووە لەپێشوتردا، ئێستاش ناوچەی سلێمانی جێنفوزو هێزی ژمارەی یەکی بزووتنەوەی گۆڕانە، لەم حاڵەتەدا بەزمێک کە دروستدەبێت بەپێویست ئەم بەزمە کاتێک کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو ئەم ململانێیە لێرە کە توند دەبێتەوە وادێتە پێشچاو کە بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر شەڕی لەگەڵ یەکێتیدا هەیە وەک لەوەی شەڕەکە باسی شەڕی پارتی بێت، لەکاتێکدا ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان نە شەڕمان لەگەڵ یەکێتی هەیە نە لەگەڵ پارتی وەکو حیزب، مەسەلە حکومڕانییە، براکانمان لەپەرلەمانی کوردستان کاتێک کە شەڕیان کرد لەسەر بودجە خۆ شەڕیان لەگەڵ پارتیو یەکێتی نەکرد، لەسەرەتادا ئەوان بەئێمەیان وت دواخستنی بودجە لەزەرەری خەڵکی کوردستانە دوای خۆیان رازیبوون کە دواخستنی بودجە لەخزمەتی خەڵکی کوردستانە.

لەوێ کێ باسی یەکێتیو پارتی کرد، قسەکردن لەسەر ئەدای حکومڕانیو قسەکردن لەسەر ئەوەی لەم وڵاتەدا حکومەتێکی نادادپەروەر هەیە، دەسەڵاتێک هەیە نەیتوانیوە بەپێی پێویست ئیشەکانی بکات، چەوساندنەوە هەیە لەبەر جیاوازی بیروڕا خەڵک نانبڕاو دەکرێت، لەم حاڵەتەدا ئەم ململانێیەی ئێمە لەسەر گۆڕینی سیستمە جا کێ پێی خۆشە بیکات بەشەڕی یەکێتیو پارتی، دواجار هاووڵاتی بڕیاردەدات لەسەر ئەوەی ئەم شەڕە، شەڕە لەگەڵ یەکێتیو پارتی یان شەڕە بۆ دروستکردنی سیستمێکی جیا.

**دەستوور:** ئێوە پێتانوایە کە لەناو پارتیشدا گەندەڵیو قۆرخکاری هەیە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** گەندەڵی ئەگەر تۆ لەو پێناسەیەی گەندەڵیدا بوەستی باسی ئەوەبکەیت گەندەڵی بریتیە لەبەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت، بەتایبەتی گەورەترین بەرژەوەندی کە لەم وڵاتەدا بەکارهێنرابێت بۆی بەرژەوەندی حیزب بووە، جیانەکردنەوەی حیزب لەحکومەتدا ئەمە شتێکی سەرتاپاگیرە، هەر لە زاخۆوە تاکوێ دەگات بەسنووری کوردستان ئەمە وایە کە بەپێی پێویست وایە مەسەلەیەکە ئینکاری لەسەر ناکرێت، بۆنمونە یەکنەخستنەوەی هێزەکانی ئاسایشو پێشمەرگە مەسەلەیەکە هەردوولایان وەکو یەک دەگرێتەوە، ئەگەر ئەمە یەکێک بێت لەشێوازەکانی گەندەڵی، بەکارهێنانی سیستمی حکومڕانی بۆ جیاوازیکردن لەدەسەڵاتدا، بەدڵنیاییەوە ئەمە شتێکی سەرتاپاگیرە لەکوردستاندا، ناتوانیت بڵێیت ئەمە یەکێتیەو ئەمە پارتیە، ئەوە عەقڵیەتێک هەیە هەمیشە لەسەر ئەوە دەڕوات کە قسەیەکت بەیەکێتی وت دەبێت یەکێکیش بەپارتی بڵێیتو بەپێچەوانەشەوە، بۆئەوەی یەکێتیەکانو بەپێچەوانەشەوە پارتیەکان دڵخۆش بن کە شەڕەکە لەگەڵ خۆیاندا نییە، بەڵام بەرنامەی ئێمە بەرنامەیەکە بۆ گۆڕان لەسیستمی حکومڕانیو بەڕێوەبردنی دەسەڵات، جا ئەم سیستمە لەهەر شوێنێکدا پێچەوانەکەی وجودی هەبێت کەواتە هەموو کەسێک دەگرێتەوە.

**دەستوور:** دەوترێت گۆڕان نایەوێت لەئێستاوە شەڕی پارتی بکات، تا دڵنیا نەبێت لەوەی بەتەواوی لەیەکێتی دەباتەوە؟

**ئارام شێخ محەمەد:** کێ وادەڵێت ئاخر من پێم وتی ئەو شتە وانییە، لەبەرئەوەی کە ئەوەی کە دەبینرێت وانیە ئێستا ئێمە لەکوردستاندا هێزێکی پەرلەمانین، ٢٥ کورسیمان لەپەرلەمان هەیە، لەناو پەرلەمانیشدا داکۆکی لەهەموو خەڵک دەکەین.

**دەستوور:** بۆچی لەبادینان هیچ هێزێک نەیتوانیوە ببێتە رکابەرێکی جدی پارتی؟

**ئارام شێخ محەمەد:** رەنگە پەیوەندی بەدەسەڵاتی هێزەکانو جەماوەرەوە هەبێت، بۆ خۆی تەنگ پێهەڵچنینێک هەیە لەسەر لیستەکانو ئەو فەزایەی کە ئازادی سیاسی کە پێویستە لەناوچەکانی وەک ئەوەی لەهەندێک ناوچەدا هەیەو لەو ناوچەیەدا نیە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش بڕیاری جەماوەرەکە رەنگە بەوشێوەیە بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم حاڵەتە کەباس دەکرێت، ئێمە لەدهۆکیش چەندجار رووبەڕووی چەندین

> لایەنێك زیاد لەژمارەی
> دانیشتوانەکەی کەرکوك،
> دەنگی هێناوە

# "لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت کە تەوژمی ئیسلامی لەهەڵکشاندایە"

## بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

**بەشیر محەمەد بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات کە ساختەکاری لەهەڵبژاردندا کەمبووەتەوە، دەڵێت ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆنو هۆشیاربوونەوەی خەڵک بەکاریگەری ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمانو وریایی چاودێری کیانە سیاسییەکان ڕێگربوون لەساختەکاری.**

**دەستوور:** بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن چۆن دەبینن، بەگشتی رازین لەبەڕێوەچوونی پرۆسەکە لەهەرێمی کوردستان؟

**بەشیر محەمەد:** بەگشتی پرۆسەکە لەسەر ئاستی عێراق پرۆسەیەکی زۆر گرنگو گەورەبوو، لەپرۆسەیەکی گەورەی وادا کێشەی گەورە دروستنەبوو بەشێوەیەکی باش بەڕێوەچوو، هەرچەندە لەناوچەکانی خواروو هەندێک کارەسات ڕوویدا کە لەچاو بارودۆخی ئەمنی عێراق تا ئەندازەیەک ئاسایی بوو، چونکە چاوەڕوان دەکرا شتی وا ڕووبدات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەچوو، بۆیە ئێمە لەو شوێنانەی چاودێرمان هەبوو لەبنکەکاندا ئەگەر هەستیان بەکێشەو پێشێلکاریی کردبێت لەڕێگەی خۆیانەوە سکاڵایان تۆمارکردووە، ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ هەڵبژاردنی ٧/٢٥ زۆر جیاوازی هەبوو، ٧/٢٥ دەتوانین بڵێین بەلێشاو ساختەکاریی کرا سکاڵای زۆر تۆمارکرا، خۆش بەختانە ئەمجارە کۆمیسیۆن کە جێگەی تەقدیرە ڕێوشوێنی باشی گرتەبەر بۆئەوەی کەمترین پێشێلکاریی ڕووبدات، هەندێک پێشێلکاری کرا، ئەو حاڵەتانەش لەچاو پرۆسەکە دەتوانم بڵێم ئاساییە، چونکە یەکەمجارە کۆمیسیۆن بەجدی بڕیاری داوە لەسکاڵاکان وردتر بکۆڵێتەوە، لیژنە دانراوە بۆئەوەی ڕێگە لەساختەکاریی بگیرێت، بۆیە دەتوانم بڵێم پرۆسەکە بەباشی بەڕێوەچوو سەرەڕای هەندێک تێبینی لەسەر ئەدای کۆمسیۆن کەبوونە هۆی بێبەشبوونی خەڵک لەدەنگدان.

**دەستوور:** دەتوانی بەنزیکی پێمان بڵێیت یەکگرتوو لەو پارێزگایانەی بەشداری هەڵبژاردنی کرد چەند کورسی بەدەستهێناوە بێگومان چاودێرانتان دەنگەکانیان بۆ کۆکردوونەتەوە؟

**بەشیر محەمەد:** بەپێی قسەی نوێنەرەکانمان ئێمە لەسەر ئاستی کوردستان لەبەرئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئامادەییەکی باشی هەیە، بەڵام ژمارەی بنکەکان لەڕاستیدا زۆر زۆرە لەپارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر دەگۆڕێت، ئێمە توانیومانە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیو تائەندازەیەکی زۆریش لەپارێزگای دهۆک هەموو بنکەکان بتوانین نوێنەرمان لەوێ بێت، بەڵام لەپارێزگای هەولێرو کەرکوکیش زیاتر بەهۆی فراوانی ناوچەکە نەمانتوانی لەهەموو بنکەکانی دەنگدان وەک پێویست نوێنەرمان هەبێت، ئەو بەرئەنجامانەی تا ئێستا گەیشتوونەتە دەستی ئێمە ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێنج کورسی مسۆگەر کردووە، ئومێد دەکەین ژمارەی کورسیەکانمان بگاتە حەوت کورسی، بەڵام قسەکە لەوەدایە کەئێمە لەو بنکانەی کە نوێنەرمان نەبووە دەرئەنجامەکان لای ئێمە ڕوون نین، دەنگدانی تایبەتیش ماوە کە ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکی تایبەتیە، چونکە نۆێنەرمان لەهەموو بنکەکاندا نەبووە، بۆیە نازانین ژمارەی دەنگەکانمان چەندە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یەکگرتوو توانیویەتی لەهەڵبژاردنی ٣/٧ بەبەراورد بەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ زیاتر لە١٠٠ هەزار دەنگ زیاد بکات، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ئەمەش جێگەی دڵخۆشی ئێمەیەو بەسەرکەوتنێکی گەورەی دەزانین.

**دەستوور:** لەهەولێرو دهۆکو سلێمانی چەند کورسیتان هێناوە؟

**بەشیر محەمەد:** ئێمە بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانە لەسلێمانی ٢ کورسی مسۆگەرەو ئومێدی سێهەممان هەیە، لەهەولێریش ١ کورسی مسۆگەرەو ئومێدی دووەممان هەیە، لەدهۆکیش ١ کورسی مسۆگەرەوە زۆر نزیکە کورسی دووەم، لەکەرکوکیش بەپێی ئامارەکانی خۆمان ١ کورسیمان مسۆگەرە.

**دەستوور:** چاودێرەکانتان هیچ حاڵەتێکی ساختەکارییان تۆمار کردوە؟ زۆرترین حاڵەت لەکوێ بووە؟ سکاڵاتان تۆمارکردوە؟

**بەشیر محەمەد:** بەدڵنیاییەوە بەشێوەیەکی گشتی حاڵەتی ساختە هەبووە لەهەندێک شوێن، بەڵام ژمارەی سکاڵاکانمان لانییە، لەبەرئەوەی سکاڵاکانی ئەمجارەش جیاوازبوون لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥، چونکە لەهەڵبژادنی پێشوودا بنکە نەبوو کە پێشێلکارییێکی زەقی تیا نەکرێت، بەڵام ئەمجارە خۆشبەختانە ڕێژەی ساختەکاری زۆر کەمبووەتەوە، ئەویش دەگەڕێتەوە یەکەم بۆ هۆشیاری هاووڵاتیان، بۆ چوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان کە خۆیان دەنگیاندا، بۆیە خەڵکی تر نەیتوانی دەنگیان بۆ بدات، دووەم بریکارەکان بەشێوازێکی بەرچاوروونانە چون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەرکو مافەکانی خۆیان باش دەزانی، لەبەرئەوەی کارەکانی خۆیان بەباشی رادەپەڕاند، کۆمسیۆنیش ئەو ساختەکارییە زۆرەی ٧/٢٥و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تری عێراق وایکرد ڕێگری بکەنو پشت بەشارەزایانی نێودەوڵەتی ببەستن، لەبەرئەوە هەنگاوی باشتریان ناو ئەوەش بووەهۆی ئەوەی ئەو میکانزمانەی دایانناوە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێگری لەساختەکاریی بکات، هەرچەندە لێرەش ئیرادەی ساختە هەرهەبوو، جگە لەوانەش هاووڵاتیان کاریگەری دەنگەکانیان بینی کە لەدوای ٧/٢٥ەوە ئۆپۆزسیۆنێکی کار لەپەرلەمانی کوردستان دروستبوو کەدەتوانێت فشار لەسەر دەسەڵات دروستبکاتو ببێتە هۆی ئەوەی هەنگاوێکی جدی بەرەو کرانەوەو جەماوەر ببینێ، زۆرترین سکاڵامان لەدهۆک بووە، بەوپێیەی تەنها ئێمە لیستی ڕکابەری سەرسەختی دەسەڵات بووینو لیستەکانی تر بەو شێوەیە نەبوون لەبەرئەوەی فشارێکی زۆر لەسەر ئەندامانمان کە هەوڵی ساختەکاریان داوە، ئەویش ژمارەکە زۆر نییە، بەبەراورد بەجاری پێشوو هەنگاوێکی باشی ناوە.

**دەستوور:** ڕێژەی ئەو ساختەکاریانە کاریگەری لەسەر دەنگەکانی ئێوە کردووە، مەبەستم ئەوەیە قەبارەی ساختەکارییەکە کاریگەری لەسەر قاسم ئینتخابی هەبووە؟

**بەشیر محەمەد:** ئەوە دەبێت کۆمسیۆن بڕیاری لەسەربدات، چونکە پێشێلکارییەکان چەند جۆرێکن، بەڵام خۆشبەخاتە نوێنەرانی ئێمە لەبنکەکانی دەنگداندا هەر پێشێلکارییێکیان بینیبێ سکاڵایان تۆمارکردووە، ئەمجارەش کۆمسیۆن بڕیاریداوە لەهەر بنکەیەکدا نوێنەری کیانە سیاسییەکان کرابێتەدەروە یان لەلایەن بەڕێوەبەری بنکەکەوە کرابنە دەرەوە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەنگی ئەو بنکانە ڕەتدەکرێنەوەو ئەژمار ناکرێن، ئەمەش هەنگاوێکی باشە، لەپرۆسەیەکی وەهادا ئەگەر نوێنەری قەوارە سیاسییەکە بۆی نەبێت لەنزیکەوە چاودێری پرۆسەکە بکات پێی ناوترێت هەڵبژاردن، لەبەرئەوە ڕەتکردنەوەی بڕیاری قاسمی ئینتخابی کۆمسیۆن یەکلاییدەکاتەوە، لەبارەی ئەوە کاریگەری لەسەر دەنگی ئێمە هەبووبێت ئەوە لەبنکەکاندا دەزانرێت، چونکە پێش هەڵبژاردن هەندێک دروشم بڵاوکرابوویەوە کە ئەگەر زانیتان لیستی ئۆپۆزسیۆن دەنگی زۆری هێنا ئەوا کەشێک بخولقێنن بۆئەوەی دەنگەکانیان بسوتێت، شتی لەو شێوەیە هەبووە، بۆیە ئێمەش ئەو دەرەنجامانەی لای خۆمانن نووسیومانو دواتر لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە رادەگەیەنرێن بەراوردیان دەکەینو هەر تێبینیەکمان هەبوو دەتوانین قسەی خۆمان بکەین.

**دەستوور:** پێشتر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو وتی هەولێر پایتەختی ساختەکارییە، لەم هەڵبژاردنەدا دۆخەکە گۆڕا یان وەک خۆی مایەوە؟

**بەشیر محەمەد:** ئەوە تەعبیرێکە ئەو بەڕێزە خۆی بەکاریهێناوە، نیەتی بەکارهێنانەکەشی لای خۆیەتی کە بۆچی بەکاریهێناوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەهەڵبژاردنی پێشوودا بینیمان ئەو پێشێلکاریی‌و ساختانەی لەهەولێردا کرا بەبەراورد بەشوێنەکانی تر ئەوە نەکرابوو، بەڵام ئەمجارە خۆشبەخاتە هەنگاوێکی باش لەلایەن کۆمسیۆنەوە نراوە بۆ ڕێگری لەساختە، پێمانوایە کاریگەری ٧/٢٥ بوو ئەم بارودۆخەی بەمشێوەیە گۆڕی کە ئەو ساختەیەی پێشتر هەبوو ئەمجارە بەو شێوەیە نەبێت.

**دەستوور:** هەندێک لەئامارەکان دەڵێن لەهەولێر کۆمەڵ دەنگی زیاتری لەئێوە هێناوە، ئەوە بەکاریگەری کاندیدکردنی مامۆستا عەلی باپیر بوو، یان یەکگرتوو لەهەولێر هەر ئەوەندە دەنگی هەیە؟

**بەشیر محەمەد:** بەدڵنیاییەوە بەدەستهێنانی دەنگ، بەدەستهێنانی دەنگی ئەندامان نییە، چونکە ئەندامانی یەکگرتوو چەند بەرامبەری ئەندامانی برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامیە، چونکە ئێمە ١٦ ساڵە بوونمان هەیەو پێش ڕاگەیاندنیشمان لەهەولێر ڕێکخستنەکانمان بوونی هەبووە، دەزانین برادەرانی کۆمەڵ بەو شێوە نوێیەی ئیشوکارەوە هاتنەوە ناو هەولێر، لەو ڕووەوە جیاوازی هەبوو، ئەو دەنگانەی ئێمەش دەنگدانی هەموو ئەندامان نییە، بەڵکو دەنگدانی ئیسلامخوازو جەماوەری هەولێرە، لەبەرئەوە ئەو کاندیدەمان کە ڕکابەری کۆمەڵی دەکرد، ئەوەی ئێستا دەرچووە کاک ئوسامە جەمیلە کە ڕکابەری یەکەمی کۆمەڵ بووە، هەروەها کاندیدکردنی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کاریگەری هەبووە، ئەو دەنگانە دێن هەمووی دەنگی ئەندامانو لایەنگران نییە، بۆیە لەو ڕووەوە کاریگەری هەیە، بۆیە هێشتا دەرەنجامەکان یەکلایی نەبۆتەوە تابزانین کام کاندیدەمان لەپێشەوەیە.

**دەستوور:** بۆچی هیچ هێزێک لەبادینان ناتوانێت گەشەبکاتو ببێتە ڕکابەرێکی جدی پارتی؟

**بەشیر محەمەد:** یەکگرتوو هەر لەیەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنیەوە سەرەڕای هەموو ئەو فشارە جۆربەجۆرانەی لە١٩٩٤ەوە تائێستا لەسەرمان بووە بەبەردەوامی لەزۆربوندابووین، بۆیە ئەمڕۆ یەکگرتوو لەدهۆکدا چەسپاوەو بوونی هەیە، لەزاخۆش مەڵبەندمان هەیە، بۆیە لەدهۆکدا تەنها ئێمە بووین توانیومانە بەشێوەیەکی زۆر جدی کاربکەین لایەنەکانی تریش کە نەیانتوانیوە، بەشێکی ئەوەیە پەیوەندی بەحیزبەکانەوە هەیەو بەشێکیشی پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە هەیە لەوێ، لەهەڵبژاردنی ئەمجارەشدا لەو ناوچەیە دەنگی زیاترمان لە٧/٢٥ هێناوە، لە٧/٢٥دا هەموو لایەنەکان زانیان ئەو دەنگانەی لەو ناوچەیە بەدەستهات تەنها هی ئەندامانی یەکگرتوو بووە لەدهۆکدا.

**دەستوور:** بەپێی ئامارەکان لەکەرکوک نەتانتوانیوە کورسیەک مسۆگەربکەن، بۆچی؟

**بەشیر محەمەد:** بەپێچەوانەوە ئێمە توانیومانە لەکەرکوک ڕێژەیەکی باش لەدەنگەکانی ئەو پارێزگایە بەدەستبهێنین، ئەوەی پەیوەندی بەناوچە جێناکۆکەکانەوە هەیە بەڕاستی دەبێت ئەو پرسیارە لەدەسەڵاتدارانی کوردی ئەو ناوچانە بکرێت کە ئەوەندە ململانێی حیزبی کراوە ئەوەندە ململانێی نەتەوایەتی‌و خزمەتگوزاری نەکراوە، وەک لایەنێکی ئیسلامی‌و بەشدار لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، ڕێکخستنەکانی ئێمە لەدوای ٢٠٠٣ەوە ئیشدەکەن، چونکە کاتێک حیزبمان ڕاگەیاند لەوناوچانەدا بواری ئەوەنەبووە ئیشی حیزبی بکرێت، لە٢٠٠٣ەوە بەواقعی چوینەتەوە ناو کەرکوک، ئەمجارە توانیومانە لەناوچە کوردیەکاندا ڕێژەیەکی بەرچاو لەدەنگ بهێنین کە ڕکابەری لیستی یەکەمی کوردی دەکەین لەوێ ئەمە جێی دڵخۆشیە بۆ ئێمەو بەهێزی کاندیدەکەمان بووە، ئومێد دەکەین توانیبێتمان لەکەرکوکدا کورسیەک بهێنین، بەپێی ئەو دەنگانەی بەئێمە گەیشتوە ئەو دەنگانەی لەوێ هێناومانە لەکورسیەک نزیک بۆتەوە، هەرچەندە بەهۆی فراوانی ناوچەکەوە نەمانتوانیوە لەهەموو بنەکەکاندا نوێنەرمان هەبێت.

**دەستوور:** پرسیارێکی جدی هەیە، ئەویش ئەوەیە ئایا یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامییە، یان نا؟ چونکە دەڵێن ئیسلامی بوونی یەکگرتوو کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی هەیە، بۆ نمونە لەکەرکوک ناعەدالەتییەکی زۆر هەیە، کەچی یەکگرتوو نەیتوانیوە کورسیەکیش مسۆگەربکات، لەهەولێرو دهۆکیش بەهەمان شێوە، دەڵێن گۆڕان بەهۆی سلێمانچێتی‌و ئێوە بەهۆی ئیسلامیبوونتانەوە ناتوانن ناڕازییەکانی ئەو دوو پارێزگایە، بەتایبەت دهۆک ببەنە سەر سندوقەکانی دەنگدان؟

**بەشیر محەمەد:** ئەو جۆرە لێکدانەوانە هیچ بنەمایەکیان نییە، چونکە یەکگرتوو پێش هەموو شتێک کاندیدەکانی بەئیسلامی بوونو بەکەسانی میانڕەو شارستانی ناسراون، یەکگرتوو شانازی بەئیسلامی بوونی خۆی دەکات، ئێستا ئیسلامی بوونی میانڕەوە ناسراوەو مێژووەکەشی شاهیدە، ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیشمان هێناوە بەهۆی ئیسلامی بوونمانەوە بووە لەناو خەباتی سیاسیدا هەر واناسراوین، پێمانوایە ئەو کارو چالاکیانەی دەیکەینو ئەو دەستکەوتانەی هەمانە بەفەزلی ئیسلامی بوونمانەوەیە، بەپێچەوانەوە لایەنەکانی ترەوە لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت کە تەوژمی ئیسلامی لەهەڵکشاندایە، بەڵام ئاراستەو تەوەجوهەکانی تر لەپاشەکشەدان.



بەشیر محەمەد

> *ڕێژەی ساختەکاری زۆر کەمبووەتەوە، هەرچەندە ئیرادەی ساختە هەر هەبوو.

> پێمانوایە کاریگەری ٧/٢٥ بوو ئەم بارودۆخەی بەمشێوەیە گۆڕی کە ئەو ساختەکاریانەی پێشتر هەبوو ئەمجارە وا نەبێت.



# کورد لەبەغدا لەنێوان حکومەتو ئۆپۆزیسیۆندا دابەشدەبێت

ئا: دەستوور

بەرای هەندێک لەچاودێران لەمەولا کورد لەبەغدا لەنێوان هێزەکانی ناو هەر حکومەتێکی ئیئتلافیو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو حکومەتەدا دابەشدەبێت، لەبەرئەوەی ئەو چوار لایەنەی ئەگەریی پێکهێنانی هەر حکومەتێکیان لەبەغدا بە ئەگەریی جیاواز جیاواز هەیە، نایانەوێت سەرجەم هێزە کوردییەکان لەحکومەتەکەیاندا بەشدار بکەن.

ئەو چاودێرانە دەڵێن: هیچ هێزێک ناتوانێت ژمارەیەکی زۆری کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێتو ئەنجامی سێ هاوپەیمانێتی سەرەکی لەهەڵبژاردنەکەی ڕۆژی یەکشەممە لەبەغدا لەیەکەوە نزیک دەبێتو هیچ کامێکیان ناتوانن زۆرینەی ٣٢٥ کورسییەکەی پەرلەمان بەدەستبهێنن، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە لایەنەکان گفتوگۆی چڕوپڕیان لەناو خۆیان دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی کە دەنگی پێویستی پەرلەمانی داهاتوو بەدەستبهێنێتو ئەو کارەش چەند مانگێک دەخایەنێت.

ئەو چاودێرانە کەپێیانوایە دانوستانەکان لەنێوان چوار لایەندا بێت، لەو بڕوایەدان هەر لەئێستاوە هەندێک لەو هێزانە کەوتوونەتە زەمینەخۆشکردن بۆ کارێکی لەو جۆرە، ئەمانەش ئەو لایەنانەن:

**هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانون**

ئەگەریی پێکهێنانی حکومەتی زۆرە، بەڵام ناتوانێت بەبێ عەرەبە سونەکان ئەو کارە بکاتو دەنگی پێویست لەپەرلەمان بۆ پەسەندکردنی حکومەتەکەی بەدەستبهێنێت، بۆیە بە رای ئەو چاودێرانە دەبێت نوری مالیکی سەرۆک وەزیری عێراق لەهەنگاوی پێکهێنانی حکومەتدا پشتیوانی هەندێک گرووپی ئایینی سونە بەدەستبهێنێت کە نزیکن لەئیخوان موسلمینەکانەوە.

باس لەوەشدەکەن ئەم هاوپەیمانێتییە دەخوازێت هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی عێراقی دروستبکات کە زۆرینەی لیستو قەوارە شیعەکان بێتو ڕەنگە بیەوێت حیزبێکی کوردیش بچێتە ئەو هاوپەیمانێتییەوە.

کێشەی ئەم هاوپەیمانێتییە ئەوەیە کە ناکۆکە لەگەڵ کوردو سەدرییەکان، سەدرییەکان کە لەناو بەرەی ئیئتلافی شیعەدان جیادەبنەوەو نایانەوێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکیدا بکەن.

لەئێستادا دەوترێت، نوری مالیکی فەرمانی دەستگیرکردنی موقتەدا سەدری ڕابەری ڕەوتەکەی دەرکردبێت کە گومان دەکرێت لەئێران بێت. هەروەها کورد لەگەڵ بۆچوونی دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز لەناوەندو لاوازکردنی هەرێمە فیدرالییەکاندا ناکۆکە.

**هاوپەیمانێتی ئەلعیراقیە**

ئەم هاوپەیمانێتییە کەئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیری حکومەتی ئینتیقالی سەرۆکایەتی دەکات، ئەگەریی پێکهێنانی حکومەتی لەهاوپەیمانێتییەکەی مالیکی کەمترە.

هاوپەیمانێتیی ئەلعیراقییە کە پێدەچێت لەناوچەی عەرەبە سونەکاندا پێشەنگ بێتو زۆرینەی دەنگەکان بباتەوە، لەهەوڵی ئەوەدایە سەرۆک کۆماری عێراق بدرێت بەعەرەبە سونەکانو تاریق هاشمی جێگری ئێستای سەرۆک کۆماریشی بۆ ئەو پۆستە دیاریکردووە.



ئاڵاکەی بەعس برەوی ماوە!

ئامانجی ئەوەیە کە شەراکەت لەگەڵ گرووپەکانی هاوپەیمانێتی نیشتمانی عەمار حەکیم بکات کە هەردوو لایەن ڕووبەڕووی مالیکی وەستاونەتەوە.

ڕەنگە ئەم هاوپەیمانێتییە لەداهاتوودا داوا لەچەند گرووپێکی تر لەوانە هاوپەیمانێتی یەکێتیی عێراقو ئەحرار بکات بچنە ناویەوەو دواتریش داوا لەحیزبێک یان دوو حیزبی تر بکات بچنە ناو هەر هاوپەیمانێتییەک کە بۆ پێکهێنانی حکومەت پێکدەهێنرێت.

بە رای ئەو چاودێرانە ئەم هاوپەیمانێتییە لەهەر هەوڵێکیدا بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕوبەڕووی ئەم کێشانە دەبێتەوە، قایلکردنی عەمار حەکیمی سەرۆکی هاوپەیمانێتیی نیشتمانی بەوەی هێندە دژایەتی بەعسییەکان نەکاتو ئەو گرووپانەی گومانیان لێدەکرێت کە هاوسۆزبن لەگەڵ ئەو حیزبەو لەناو هاوپەیمانێتییەکەی عەلاویدان قبوڵ بکات، جگەلەوەش کێشەیەکی تری ئەوەیە کە ئوسامە نجێفی نەتەوەپەرستی توندڕەو قایلبکات، لایەنێکی کوردی لەهەر هاوپەیمانێتییەکی پێکهێنانی حکومەت لەداهاتوودا قبوڵ بکات.

**هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی عێراق**

ئەم هاوپەیمانێتییە کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، ئەگەریی پێکهێنانی حکومەتی لەهەردوو هاوپەیمانێتییەکەی تر کەمترە.

چاودێران لەو بڕوایەدان بەشداریکردنی ئەم هاوپەیمانێتییە لەگەڵ ڕەوتی سەدردا جەماوەرێتییان زۆر دەکاتو پێدەچێت ببنە هێزی سێیەم.

ئاماژە بەوەشدەکەن، هاوپەیمانێتییەکەی حەکیم لەهەر هەوڵێکیدا بۆ پێکهێنانی حکومەت ئامادەیە بەشداریکردنی تەواوی هاوپەیمانێتیی ئەلعیراقییەی عەلاوی قبوڵ بکات، خوازیاریشە دواتر هاوپەیمانێتیی لەگەڵ کوردەکاندا دروست بکات.

چاودێران دەڵێن: "هەر هەوڵێکی لەو جۆرە ڕوبەڕووی ئەوە دەبێت کەئایا هاوپەیمانێتیی عێراقییە بەبێ مەرج بەشداریی لەهاوپەیمانێتییەکەیدا دەکاتو کێشەی دووەمیش مانەوەی سەدرییەکانە لە ناو هاوپەیمانێتییەکەیدا ئەگەر بێتو ئەلعیراقییە بەشداریی بکەن".

**هاوپەیمانی کوردستانی**

بە رای چاودێرە سەرخۆکانی کاروباری عێراق، ئەگەر زۆرە ئەم هاوپەیمانێتییە کە سەرۆک جەلال تاڵەبانی سەرۆکایەتی دەکات بەشداریی لەحکومەتدا بکات.

لەو بڕوایەشدان هەنگاوی یەکەمی هاوپەیمانێتیی کوردستان بۆ بەشداریکردن لەحکومەتدا ڕاوێژکردن دەبێت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا.

چاودێرانی کاروباری عێراق دەڵێن: هاوپەیمانی کوردستانی دەیەوێت لەگەڵ هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، بەهۆی نزیکبوونی بۆچوونیان لەمەسەلەی چەسپاندنی فیدرالیدا بەشداریی لەحکومەتدا بکات، بەڵام بەبێ سازشکردن لەبەرامبەر بەشداریکردنی هاوپەیمانێتییەکەی عەلاوی لەحکومەتدا.

باس لەوەشدەکەن، کە هەر هەوڵێکی هاوپەیمانی لەو هەنگاوەیدا بریتی دەبێت لە قایلکردنی گۆڕان بەبەشدارییان لەحکومەتداو کارکردنە بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێک لەگەڵ سەدرییەکانی ناو هاوپەیمانێتیی نیشتمانی.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

# عێراقییەکان حەزیان لەتیۆری پیلانگێڕییە

ئا: دەستوور

دوای کۆتاییهاتنی دەنگدانەکەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، هەندێک ناوەندی عێراقیو عەرەبیو دەرەوە نیگەرانن لەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەجۆرێک هیچ لایەنێکی سەرەکی ڕکابەر ناتوانێت زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکاتو بەهەوڵو ماندووبوونێکی کەم حکومەتی داهاتوو پێکبهێنێت.

ئەو ناوەندانە دەڵێن: لەکاتێکدا گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت نەک هەر چەند هەفتەیەک، بەڵکو ڕەنگە چەند مانگێکیش بخایەنێتو ئەمەش چەندین مەترسیو نیگەرانی دروستدەکات کە دیارترینیان دروستبوونی بۆشایی سیاسییە دوای ئەوەی حکومەتەکەی ئێستا دەبێتە تەنیا حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان.

لەو بارەیەوە ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە "گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت دەبێتە مایەی لاوازبوونی حکومەتی ئێستاو ڕەنگە چەکدارە توندڕەوە سونییەکان ئەوەبقۆزنەوەو هەوڵی دروستکردنەوەی جەنگی تایەفی بدەنەوە".

حکومەتەکەی نوری مالیکی کەدەبێتە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان لەو ماوەیەدا تەنیا دەتوانێت موچەی فەرمانبەران بدات، بەڵام ناتوانێت هیچ بڕیارێک دەربکاتو هیچ گرێبەستێکیش ئیمزا بکات.

ئەو ناوەندانە ئاماژە بەوەدەکەن، لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥یش، دوای پێنج مانگو لەساڵی ٢٠٠٦دا حکومەت پێکهێنرا، ئەمەش بواری بۆ ڕێکخراوی قاعیدەو گرووپە چەکدارەکانی تری سونەکانو میلیشیای سوپای مەهدی ڕەخساند، پەرە بەکارەکانیان بدەنو قەسابخانەیەکی تایەفی بخوڵقێنن.

بەگوێرەی لێدوانی ئەو ناوەندانە، لەئێستادا ئەو گرووپانە دەتوانن هێرشی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن لەوانە ئەنجامدانی تەقینەوەی خۆکوژیی لەشوێنە گشتییەکانو پەلاماردانی ئەو شوێنانە بەکاتیۆشاو موشەکو ئاماژە بەوەدەکەن، کە پەلاماردانی هەر کۆبوونەوەیەکی ئایینی شیعەکان بەسە بۆ دروستکردنی پاشاگەردانیو زەمینەخۆشکردن بۆ هەر جەنگێکی تایەفی.

جگە لەخوڵقاندنی هەلومەرجێکی لەو جۆرە، بەگوێرەی چاودێرانی بواری عێراق، گروپە چەکدارەکان دەتوانن کاری کوشتنو ڕفاندن ئەنجامبدەن.

هاوکات لەگەڵ مەترسی جموجوڵی گروپە چەکدارەکان، بە رای چاودێران مەسەلەی ناڕەزاییو تۆمەتبارکردن بەساختەکاریی کێشەیەکی ترە کە دوای دەنگدان ڕووبەڕووی عێراقییەکان دەبێتەوە.

یەکێک لەو لایەنانەی هەرزوو ڕایگەیاند ژمارەیەک سکاڵای لەدژی پێشێلکارییەکان تۆمارکردووە، هاوپەیمانێتیی ئەلعیراقییەی عەلاوی بوو.

عەلاوی کە شیعەیەکی عەلمانییەو لەگەڵ زۆرینەی گرووپەکانی عەرەبی سونە هاوپەیمانێتیکردووە، زەمینەی بۆ ئەگەرێکی لەو جۆرە خۆشکردووە.

پێشترو لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا، عەلاوی باسی لەچەندین پێشێلکاریی کرد لەوانە کوشتنی کاندیدێکی لەشاری موسڵو چاپکردنی ٧ ملیۆن کارتی دەنگدانی زیادە.

ئەو ناوەندانە دەڵێن: ژمارەیەک لەگرووپەکانی عەرەبی سوننە ڕەنگە ئەوەبڵاوبکەنەوە کە لەلایەن زۆرینەی شیعەوە فێڵیان لێکراوە لەمەسەلەی بەشداریکردنێکی عادیلانە لەدەسەڵاتدا.

هۆشیاری ئەوەشدەدەن، هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی مشتومڕ لەبارەی ساختەکردنی هەڵبژاردنەکە وەکو ئەوەی لەئەفغانستانو ئێراندا ڕوویدا، پێویستە بەبەڵگەوەبێت بەرلەوەی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەمریکاوە پشتڕاستبکرێتەوە.



لەقەعقاعەوە تا مالیکی، جەنگ بەردەوامە

لەلایەکی ترەوە هاوکات لەگەڵ ئەگەریی خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی عێراق، مەسەلەی ئەگەریی دەستپێکردنی پاشەکشەی سوپای ئەمەریکا لەمانگی ئاب وەکو سەرەتایەک بۆ پاشەکشەکردنی سەرجەم هێزەکانی ئەو وڵاتە لەعێراق نیگەرانییەکی تری ناوەندە سیاسییەکانە.

پێشتر سەرچاوەیەکی سوپای ئەمریکا وتبووی: "دەکرێت خشتەی پاشەکشەی هێزەکانمان دەستکاریی بکەین ئەگەر ڕەوشی ئەمنی عێراق بەرەو خراپی چوو".

بە بڕوای چاودێران ئەگەر تا مانگی ئاب، حکومەتی داهاتووی عێراق دەستبەکارنەبێت ئەوا دەبێت ئەمریکا خشتەی پاشەکشەی هێزەکانی بگۆڕێت.

هەر لەچوارچێوەی نیگەرانییەکانی دوای هەڵبژاردن، ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاویکردوەتەوە، کەعێراقییەکان حەزیان لەتیۆرەکانی پیلانگێڕییەو لەبەغدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە هێزەکانی لایەنگری مالیکی ڕەنگە یاخیببن ئەگەر ترسیی ئەوەی هەبێت جارێکی تر نەبێتەوە بەسەرۆک وەزیر.

باسی لەوەشکردووە، کە دیپلۆماتو لێپرسراوە سەربازییەکانی ئەمریکا هەردوو ئەو دەنگۆیانەیان ڕەتکردووەو وتوویانە "سوپای ڕاهێنراوی عێراق زۆر جیاوازترو کارامەترە لەو سوپایەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی سەدامدا بوو".

# دوای هەڵبژاردنەکەی عێراق



ئەم دەنگانە کێ دەکات بە سەرۆکی حکومەت؟

میچان ئوسیلفان

تائێستاش ئەوەم لەبیرە کە چۆن لەنێوان نووسینگەکەم لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو یەکەی (ئەرکی چاودێریکردنی هەڵبژاردن)ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەدرێژایی شەوی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٥، دەهاتمو دەچووم.

ئەو کاتە عێراق یەکەم هەڵبژاردنی گرنگی لەماوەی چەندین ساڵ سازدەکرد، بڕیاربوو کورتەیەک لە بارەی ئەو ڕەوشە لەماوەی چەند سەعاتێکدا بدەمە سەرۆک بوش، بۆم روونکردەوە کە چۆن ئەو نیگەرانییەی سەرەتا ئێمەی گرتبووەوە کاتێک بینیمان سەرۆکی عێراق ئەو کاتە غازی یاوەر کە لەناوەندێکی دەنگدانی چۆڵدا دەنگی دەدا بووە جێی دڵەڕاوکێمان، گۆڕا بۆ خۆشحاڵییەکی زۆر دوای ئەوەی زانیاریی راستودروستمان پێگەیشت لەبارەی چوونە سەر شەقامەکانو سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە.

ئەو خۆشحاڵییە دواتر گۆڕا بۆ بێزارییەکی زۆر، کاتێک ماوەی پێکهێنانی حکومەت دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە زۆری خایاندو زۆرێک سکاڵاو ناڕەزایی لەنێوان لایەنە رکابەرەکاندا هاتەکایەوە، لەو هەڵبژاردنەی کە سەرەتای ساڵ بەڕێوەچوو هەڵبژاردنەکەی دواتر کۆتایی هەمان ساڵ بوو، بۆماوەیەک بێدەنگی نێوان لایەنەکانی ململانێ ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی ململانێی توند لەنێوانیانو لەناو حیزبە جۆراوجۆرەکاندا لەسەر سروشتو پێکهاتەی حکومەتی عێراق، ساڵی ٢٠٠٦ بۆشایی سیاسی، بۆشایی ئەمنی لێکەوتەوە، ئەو کاتەی حکومەت سوێندی دەستوری خوارد، ڕووبەڕووی ڕەوشی زۆر توندترو ئاڵۆزتر بووەوە لەوەی پێشتر باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو.

گومانی تێدانییە ئێستا عێراق لەهەلومەرجێکی تەواو جیاواز لەوەی ساڵانی ٢٠٠٥و ٢٠٠٦دایە، بەڵام ئەگەر هەیە ئەم جارەش وڵاتەکە دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئێستا کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو (٧ی ئاداری ٢٠١٠) بەڕێوەچوو، دانوستانی دورودرێژ لەنێوان حیزبەکانو ئەو بەرانەی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا لەحکومەتی داهاتوو دابەشدەکەن بەخۆیەوە ببینێت، ئەم دانوستانانە دامەزراوە تازە دروستکراوەکانی عێراق بارقورس دەکات، پلانی کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە ئاڵۆزدەکات، هەرچەندە پێکهێنانی حکومەت مەسەلەیەکی تەواو پەیوەستە بەعێراقەوە، بەڵام ئەمریکا بەرژەوەندی هەیە لەزانینی ناسنامەی حکومەت، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی ئەم حکومەتە دەسەڵاتی بەدەستەوە دەبێت، ئەمریکا تاکۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی لەعێراق دەکێشێتەوەو لەهەمان کاتدا سروشتی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە لەماوەی ساڵانی داهاتوو دیاری دەکات، هەروەک ئەم حکومەتە بەشێوەیەک لەشێوەکان سیاسەتی عێراق لەماوەی ئەگەریی هەر رووبەڕووبونەوەیەک لەنێوان کۆمەڵی نێودەوڵەتیو ئێرانی دراوسێیدا دیاری دەکات.

زۆر هۆکار هەیە وامان لێدەکەن لەو بڕوایەدابین کەپێکهێنانی حکومەت ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت: هۆکاری یەکەم، بریتییە لەگەشەکردنی ئیجابی، کە گۆڕانکارییە لەسروشتی حیزبە عێراقییەکاندا: حیزبەکانی شیعەو کورد کە لەماوەی ڕابردوودا باڵادەستبوون، پارچە پارچەبوونو بەسەر خۆیاندا دابەشبوون کە پارچە پارچەبوونی مەزهەبیو ئیتنیکی بەردەوام لەکۆمەڵگای عێراقی دەردەخات، ئەم بەرەوپێشچوونە مژدەبەخشە بەئەگەریی دەرکەوتنی پرۆسەیەکی سیاسیی ناتایفی، هەروەک بەڵگەشە لەسەرئەوەی دەنگدانی ڕۆژی یەکشەممە، دابەش دەبێت بۆ دەنگدان بەسەر ژمارەیەک حیزبدا کە هەمویان بەپەرۆشەوەن بۆ پێشکەشکردنی کەسێک بەسەرۆکی وزیران.

هۆکاری دووەمو زۆر جێی نیگەرانییە ئەوەش ئەگەریی تێکەڵکردنی بنەما دەستورییەکانە کە پێویستە عێراقییەکان بەکاری بهێنن بۆ پێکهێنانی لەحکومەتە نوێیەکەیاندا، ئەم حکومەتە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی پێکهاتوو لەسێ کەسو سەرۆک وەزیران لەخۆناگرێت کە بەڕەزامەندی دوو لەسەرسێی ئەندامانی پەرلەمان دەستنیشان دەکرێت، هەروەکو لە (حوکمی ئینتیقالی)دا هاتووەو دەستووری کاتیو دەستووری هەمیشەیی دەگرێتەوە، بەڵکو یەک سەرۆک دەبێتو بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێت، لە رووی تیۆرییەوە ئەمە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ئاسانتر دەکات لەچاو پێکهێنانی دوایین حکومەت- هەروەها خێراتریش- بەڵام ئەوە ڕاستییەکە کە هێشتا کۆدەنگییەک نییە لەنێوان سیاسەتمەدارانی عێراق بۆ پێویستی بەردەوامبوون بەحوکمەکانی ئینتیقالی ئاماژەپێدراو.

بەردەوام عێراقییەکان، توانایەکی بوێرانەیان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە سیاسییە ئاڵۆزەکانو دروستکردنی هاوسەنگی پیشانداوە.. هیچ گومانێکم نییە ئەگەر ئێمە لەو پارچە کاغەزانەی لەگیرفانی سیاسەتمەدارە عێراقییەکانە وردببینەوە، وردببینەوە لەو تێبینییانەی بەپەلە لەیاداشتەکانیاندا تۆماریانکردووە، گوێبگرین بۆ تۆماریی ئەو قسانەی لەکۆڕەکانیاندا دەیکەن کە لەسەعاتەکانی دوایی شەودا بەڕێوەدەچن، حساباتی ئاڵۆزو سۆزدارییەکی سیاسییانە دەبینین، پێشترو تائێستا لەیەک ئاستدا بەردەوامە، هەر خودی ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە دوایین بەشی ئەم پرۆسەیەیە کەپڕە لەهەلی گونجاوی سیاسیی.

لەساڵانی ٢٠٠٥و ٢٠٠٦ دەیان یاداشتمان نووسیوە، کەتیایاندا سەرۆک بوشمان لەبارەی ئەو دانوستانانەی بەئاشکراو لەپشت پەردەوە سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی عێراق لەو کاتەدا بەڕێوەچووە ئاگادارکردووەتەوە، تیایاندا بەرژەوەندی گەوهەریی ئەمریکاو بژارە ڕەخساوەکانمان لەبەردەم بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکان دیاریکردووە، لەو بڕوایەدام کە تیمی تایبەت بەئۆباما ئێستا هەمان شت دەکات.

هەرچەندە ئێستا عێراق بووەتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییو هەلومەرجی سیاسیو ئەمنی تەواو جیاوازە بەبەراورد بە ٢٠٠٥، هێشتا واشنتۆن لەبەردەم پرسیارێکی قورسدایە سەبارەت بەوەی پێویستە لەقۆناغی دژواری داهاتودا چۆن مامەڵە بکات.

بەهۆی هەستیاریی دەستوەردانی ئەمریکا، هەندێک شێوازێک پێشنیازدەکەن کە بریتییە لەوەی واشنتۆن خۆی بەدووربگرێت لەدانوستانەکان، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە پێشنیازێکی قورسەو ئاماژە بەوەدەکەن کەئێمە لەساڵی ٢٠٠٥ ئەوەمان تاقیکردووەتەوە، بینیمان هەندێک لایەن لەدژی ڕکابەرەکانیان سوودی لێوەردەگرن، ڕەوشەکە لەئێستادا ڕودەداتەوە بەجۆرێک تێبینیو کۆمێنتی هەر لێپرسراوێکی ئەمریکا خراپ لێکدەدرێتەوەو لەدانوستانەکانی نێوان خۆیاندا بەخراپ بەکاردەهێنرێت.

لەسەرو ئەوەشەوە، لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی پێشنیازی خۆدورگرتنی واشنتۆن دەبێتەوە، ئەوەیە کەبەرژەوەندی ئەمریکا لەحکومەتی نوێی عێراقدا وادەخوازێت تا ڕادەیەک بەشداریی بکات لەهەوڵەکانی پێکهێنانیدا، بەڵام چ جۆرە بەشدارییەکو لەچ ئاستێکداو سنورەکەی چییە؟

یەکەم: وەکو بنەمای گشتی پێویستە ئەمریکا هەوڵنەدات هیچ کاندیدێک بەسەر ئەوانی تردا فەرزبکات یان پەکی هەندێک بۆ بەرژەوەندی هەندێکیان بخات.

دووەم: پێویستە لەئێستاوە دیاری بکات سیاسەتی چی دەبێت بەرامبەر پێکهێنانی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی.

هەرچەندە ڕەوشی ئەمریکا وەکو جاران لەعێراق نییە، بەڵام هێشتا لەو لایەنەوەی کەهەموو لایەنەکان ڕێزی لێدەگرنو بەگوێی دەکەن ئەگەر لەژێر لێویشەوە بێت، هیچ ناکۆکییەک نییە لەسەرئەوەی هەر حکومەتێکی عێراق بێت دەیەوێت پەیوەندی باشی لەگەڵ واشنتۆندا هەبێت، ئەگەر تەنانەت لەساڵی ٢٠١٢دا هیچ سەربازێکی ئەمریکا لەوڵاتی میزۆپۆتامیا نەمێنێت، ئەوا حکومەتی عێراق پێویستی بە ئەمریکا دەبێت لە روی دابینکردنی کەرەستەی جەنگیو ڕاهێنانی سوپاکەی، هەروەها ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە چەندین بەرژەوەندی لەبوارەکانی خوێندنو وەبەرهێنانیو تەکنیکیدا لەخۆدەگرێتو لەو بڕوایەدانیم هیچ سەرۆک وەزیرانێکی عێراق لەداهاتوودا هەوڵی کەمکردنەوەیان بدات.

***جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەی جۆرج بوش بووە بۆ کاروباری عێراقو ئەفغانستان**

**و. لەعەرەبییەوە: دەستوور**

# کوردو عێراقی دوای هەڵبژاردن

محەمەد عەلی

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق کە ڕۆژی ٣/٧ بەڕێوەچوو،تێیدا ١٩ ملیۆن دەنگدەری عێراقی لە نێو خۆی وڵاتداو چەند سەد هەزار کەسێک لە دەرەوە ڕوویان لە سندوقەکان کرد بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان، ئەوەی کە لە ئەنجامە بەراییەکانەوە دەرکەوتووە ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە نەخشەی سیاسی عێراقی نوێدا ڕوو دەدات، کە کاریگەری زۆری لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەو پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێشدا دەبێت، بە تایبەت لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و ئێران کە تا ئێستا بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستوەردەدەنە کاروبارەکانی ناو عێراقو تۆپبارانی سنورەکانی بە بیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکەو پژاک دەکەن.

لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە لە دوای هەڵبژاردنی ٧/٢٥ەوە ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە چیتر پارتیو یەکێتی نابنە بڕیاردەری بە تەنهاو سەربەخۆ لەو بڕیارانەدا کە پەیوەندی بە خاکو میللەتەوە لە ناوەوەو دەرەوە هەیە، بەڵکو لەپاڵ ئەواندا ئۆپۆزیسیۆنێک هەیە کە قورساییەکی بەرچاوی لە پەرلەماندا هەیەو ئاگادارو بەشداری بڕیارەکانە. بە وێنەی هەڵبژاردنەکەی ٧/٢٥ لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عیراقیش کورد بەچەند فراکسیۆنێک دەچێتە بەغدا کە لەبڕیارەکانی پەیوەست بە گەلی کورددا پێویستە بەپێی قورساییان حساب بۆ دەنگیان بکرێت.

هەروەک ئەنجامە بەراییەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کە لیستی عیراقییەی عەلاوی لە پێشەوەی هەموو لیستەکانەو بەو پێیە بێت حکومەتی داهاتوو بەسەرکردایەتی ئەیاد عەلاوی پێکدەهێنرێ، بۆ تورکیا عەلاوی لە نوری مالکی باشترە، بەڵام دۆخەکە بۆ ئێران بە پێچەوانەوەیە، عەلاوی بەهەموو جۆرێک دژی دەستوەردانی ئێرانە لە کاری نێوخۆیی عێراقداو نەرمترە لەبەرامبەر تورکیادا.

ئەیاد عەلاوی سەردەمێک دژایەتی کوردی لە سایەی ڕژێمی پێشوودا کردووە تا ئێستاش بە تەواوەتی لەو چوارچێوەیە نەچۆتە دەرەوە کەپێشتر تێیدابووەو تا ئێستاش هاولیستو هاودەنگە لەگەڵ بەعسییەکاندا، لەم خاڵەشەدا لەگەڵ تورکیادا یەک دەگرێتەوە کە دژی زۆرێک لە بەرژەوەندییەکانی کوردە بەتایبەت گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان. کورد بە دەرنەچوونی هاوپەیمانە ئەزەلییەکەی کە ئەنجومەنی باڵایە لە هەڵبژاردنداو بەدابەشبوونی دەنگەکانی بەسەر نوێنەرانی پارتیو یەکێتی لەلایەکو گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو لەلایەکی دیکەوە، پێدەنێتە قۆناغێکی زۆر جیاواز لەو قۆناغانەی بڕیویەتی. بەتایبەت سەرکەوتنەوەی عەلاوی کە سەردەمانێک سەرۆک وەزیری عێراق بووەو سیاسییە کوردەکان ئاشنایەتییەکی زۆریان لەگەڵ سیاسەتەکانیدا بەرامبەر بە کورد هەیە.

پێویستە ڕێگە بە هیچ وڵاتێکی دەرەکی نەدرێت جیاوازی بیروڕای نێوان لایەن کوردییەکان لەبارەی مەسەلە چارەنوسسازە ئەزەلییەکانەوە بقۆزێتەوەو لەدژی کورد بەکاری بهێنێتەوە، بەتایبەت جیاوازی بۆچوونەکان لەبارەی مەسەلەی کەرکوکو ناوچەکانی دیکەوە ئەگەر هەبن. هەروەک مەرجی سەرەکی بەشداری کورد جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل بێت، نەک سەرۆک وەزیری داهاتوو وەک ئەوانەی ڕابردوو کورد بکاتە قوربانی چەند بەڵێنێکی وڵاتێکی وەک تورکیا، نوێنەرانی کورد پێویستە لە هەنگاوی یەکەمەوە حسابات بۆ هەرکارێکیان بکەن، بەتایبەت لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا سوپای ئەمریکا بەتەواوەتی خاکی عێراق جێدەهێڵێ، بەمەبەش جارێکی ترو لەماوەی ساڵێکدا هاوپەیەیمانێکی دیکە لەدەست دەدات لەدوای لەدەستدانی هاوپەیمانێتییەکەی ئەنجومەنی باڵا، سەرکەوتنی لیستی عەلاوی بە مانای زیندوبوونەوەی بیری شۆڤینی عەرەبی چونکە بەشێک لەو کەسانەی بەتۆمەتی بەعسیبوون دورخرابوونەوە، لەو لیستەدان کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات، بۆیە هەڵکردن و مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا پێویستی بە وریاییو سوربوونی زۆر لەسەر مافەکانی کورد هەیە.



نوێنەران چی بۆ دەنگدەرانی کورد دەکەن؟



# دوای شەش ساڵ لە ڕاپەڕین

## کورد لە سوریا لەژێر سەرکوتکردنو لاوازی بزووتنەوەی سیاسیدا

ڕاپۆرت: محەمەد خێر داوود

شەش ساڵ بەسەر ساڵیادی ڕاپەڕینی کوردستانی سوریا لەدژی سیاسەتی ڕژێمی ئەو وڵاتە دژ بە گەلی کورد تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا کوردەکانی کوردستانی سوریا بەرانبەر ئیجرائاتی بەعسی سوریا دەناڵێنن، پارتە سیاسییەکانیش نەیانتوانی ڕاپەڕینەکە بقۆزنەوەو مافەکانی کورد دەستەبەر بکەن.

### زوڵمەکانی حکومەتی سوریا

وەکو مەرسومی سەرۆک کۆماری ژمارە ٤٩، کە کڕینو فرۆشتنی خانوبەرە لە ناوچە کوردنشینەکان قەدەغە دەکات، بێبەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانە لە مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی سوری کە لە ساڵی ١٩٦٢ ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان لێسەنرایەوە، لەگەڵ پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی کە تیایدا بە پێی پرۆژەیەک بەهەزران عەرەب لەناوچە کوردنشینەکان نیشتەجێکرانو زەویوزار لەکوردەکان سەندراوەتەوە، کە مەبەست لێی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەو دەستبەسەرداگرتنیماڵو موڵکی هاووڵاتیانی کورد بووە.

هەروەها قەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی کوردیو دەستگیرکردنی چالاکوانانو سیاسەتمەدارانی کوردو دادگاییکردنیان لەدادگا تایبەتیەکانی سوریا بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ پارچەکردنی خاکی سوریا بەدەستی وڵاتێکی بیانی!

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقو پەسەندکردنی سیستمی فیدرالیزم بۆ هەرێمی کوردستان، کە بۆتە جێگای نیگەرانی حکومەتی سوریا لە پلانێکی داڕێژراودا کە سیناریۆی ئەو پلانە یاریگای قامشلۆ بوو، لە کاتی هاتنی لایەنگرانی تیمی فوتبۆڵی شاری دێرزۆری عەرەبی بۆ ناو یاریگاکەی قامیشلی، دەستیانکرد بە وتنەوەی دروشم دژ بە کوردو سەرکردەکانی کوردستانی عێراق کە لە ڕووی لۆجستیو مەعنەوی لە لایەنی هێزە ئەمنیەکانی سوریاوە ئامادەکرابوون، بۆیە هێرشیان کردە سەر کوردەکانو لەو کاتەدا بە پشتگیری ڕاستەقینەی هێزە ئەمنیەکان چەندین کورد کوژران، ئەم کردەوەیە بووەهۆی ناڕەزایی گەلی کوردو لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی سوریا، ڕاپەڕینی گەلی کورد دژ بە ڕژێمی بەعسو پلانەکانی بەرانبەر بە کورد هەڵگیرساو تیایدا بەسەدان هەزار گەنجو ژنو منداڵو پیرەمێردی کورد بەشداریان تیایدا کرد.

### بزووتنەی سیاسی کورد لە سوریا شەریکی ڕژێم بوون

شەلال گەدۆ نوێنەری پارتی چەپی کوردی سوریا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستور ڕایگەیاند، کە ڕاپەڕینەکەی ١٢ ئازار بۆتە هۆی ئەوەی کە حیزبە کوردییەکان یەک هەڵوێست بنوێنن، بەڵام لەبەیاننامەیەکی هاوبەشداو بەبێ هیچ پاساوێک داوا لە گەلی کورد کرا کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنێت، وتی"ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بزووتنەوەی کورد شەریکی ڕژێمی بەعس بووە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، پاشانیش دوای بەهێورکردنەوەنی شەقامی



ڕاپەڕینێک بێ سەرکردە

کوردی دەستکرا بە تاڵانکردنی ماڵو سامانی کوردو بە هەزاران کەس لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی سوریا دەستگیرکراو لەژێر ئەشکەنجەی توندا چەندەها کەس شەهید کران".

هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا گەدۆ جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی ئەگەر ڕاپەڕینی کوردستانی سوریا بەردەوامبوایە، ئەوا دەرئەنجامی باشو دەسکەوتی گرنگ بۆ کورد بەدەستدەهات.

ناوبراو گەشبینی خۆی نەشاردەوە لەوەی کە ئەنجومەنی سیاسی کورد لە سوریا بەم دواییانە لە لایەن ٩ پارتی کوردی سوریا پێکهێنراوە، هیواخوازە ببێتە سەرەتایەک بۆ یەکخستنەوەی ڕیزی سیاسی کوردو وتاری کورد بۆ کاری هاوبەشو دۆزینەوەی چەند میکانیزمێکی نوێ بۆ پێشخستنی پرسی کورد لەسوریا.

### ڕاپەڕینەکە لەحیزبەکان گەورەتربوو

لەبارەی ڕۆڵی هێزە کوردییەکان لە سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینەکە، خالید عەلی کە زیندانییەکی سیاسی کوردەو پێشتر بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە دادگای باڵای ئەمنی دەوڵەتی سوریا حکومدرابوو، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی نەبوونی تێگەیشتنێکی سیاسی بزووتنەوەی کورد لە سوریاو بەهۆی ئەوەی کە ڕاپەڕینەکە لە بزووتنەوەی سیاسی کورد گەورەتربوو، توانای هەڵگرتنی ڕووداوەکە بۆ ئەو هێزانە ئەستەم بوو، ڕاپەڕینەکە کۆتاییپێهاتو پوچەڵکرایەوە بەبێ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت.

لەلایەکی ترەوە ناوبراو پێیوایە کە شەش ساڵ بەسەر ساڵیادی ڕاپەڕینەکە تێدەپەڕێت، بەڵام تا ئێستاش هێزە سیاسیەکان توانای ئەوەیان نیە کە ئەنجامی ڕاپەڕینەکە بخەنە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد، کە تا ئێستاش بۆ مەبەستی حیزبی کاری لەسەر کراوەو دواتریش لەباتی ئەوەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕاپەڕینەکە بکرێت، دەستیانکرد بەدژایەتیکردنی یەکتری کە ئەمە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دۆزی گەلی کورد لەسوریا دروستکرد.

### ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبیو ڕاپەڕینی کوردستانی سوریا

ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی لە سوریا هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبوو لەبارەی کردەوەکانی ڕژێم لە ڕاپەڕینەکەدا.

عەبدولباقی کۆلۆ سکرتێری بزووتنەوەی ١٢ ئازاری کوردی لە سوریا بە توندی ڕەخنەی لە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوریا گرت، کە لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا بێدەنگیان هەڵبژاردو هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە بەرانبەر بە سەرکوتکردنی دەنگی ڕاستەقینەی کورد بۆ نەهێشتنی زوڵمی بەدەیان ساڵ کە دەرهەق بە کورد ئەنجامدەدرێت.

بەڵام ناوبراو تەنها خۆشحاڵی خۆی بەرانبەر بە هەڵوێستی ڕەفعەت ئەلئەسەد برای سەرۆک کۆماری پێشووی سوریا حافز ئەلئەسەد کە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی بەعسە پیشاندا، بەهەڵوێستێکی جوامێرانە وەسفیکرد داوای کرد کە پارتە کوردییەکانی سوریا لە ڕەفعەت ئەلئەسەدەوە نزیکببنەوە، چونکە بە وتەی ئەو ڕەفعەت ئەلئەسەد لەگەڵ مافی چارەنووسی گەلی کوردەو هەڵوێستی ڕوونو ئاشکرایە بەپێچەوانەی هەڵوێستی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تر.

سەرەڕای ڕەخنەگرتنی بزووتنەوەی سیاسی کورد لەسوریا، بەڵام کۆلۆ جەختیکردەوە، ئەگەر ئەنجومەنی سیاسی کورد چەند هەنگاوێکی جدیو پراکتیکی بنێ، ئەوا دەبێتە مایەی دڵخۆشی کۆمەڵگای کوردی لەو وڵاتە.

### ڕێکخراوە مەدەنییەکان زۆر لاوازن

لە کوردستانی سوریا، ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەلاواز دادەنرێت، بە تایبەت ئەو ڕێکخراوانەی بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن.

ئازاد دیوانی کە چالاکوانێکی مافناسی کوردی سوریایە لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا لاوازبووە، کە ئەمەش بۆشاییەکی دروستکرد، چەند ڕێکخراوێک هەبوون کە تائێستاش لەسەر کاری خۆیان بەردەوامن، بەڵام ڕۆڵیان نەبوو، بەهۆی نەبوونی کادری پسپۆرو هاوکاتیش نەبوونی ئیمکانات بۆ چاودێریکردنی ئەو پێشێلکاریانەی دەرهەق بە خەڵکی مەدەنی دەکرا، هەروەها سنوردارکردنی کاری ئەم ڕێکخراوانە کە بە نهێنی کار دەکەنو ڕووبەڕووی زیندانیو حکومی جۆراوجۆر دەبنەوە".

### ڕاگەیاندن لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا

بەهۆی ئەوەی کە سیستمی حکومڕانی سوریا تۆتۆلیتارە، سەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو کۆمۆنیکەیشنی جەماوەری بۆ حیزبی بەعس قۆرغکراوە، هاوکاتیش نەبوونی ڕاگەیاندنی کوردی لە سوریاو لاوازی کوردی سوریا لەو بوارەدا کە تا ئێستاش لەو پارچە کوردستانییە تەنانەت کەناڵێکی سەتەلایت نیە کە گوزارشت لە ئازارەکانی ئەو گەلە بکات، بۆیە ڕاپەڕینی ١٢ی بەهاری کوردستانی سوریا دەنگدانەوەیەکی کاریگەری بە پێی قەبارەی ڕووداوەکە نەبوو.

لەوبارەیەوە دکتۆر ڕەزوان بادینی کە کوردی سوریایەو سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدینە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور باسی لەوەکرد، کە بەهۆی دواکەوتنی کورد لەسوریا لە بواری ڕاگەیاندندا، نەتوانرا دەنگی ڕاپەڕینی کوردستانی سوریاو عەدالەتی پرسی کورد بگەیەنرێتە ڕای گشتیو نێودەوڵەتیو پەنچە لەسەر داواکارییەکانی کورد دابنرێت.

### ڕاپەڕین مەینەتی هێنا

١٢ی بەهاری هەر ساڵێک بە بەهاری خوێناوی لە لایەن کوردانی کوردستانی سوریا دەزانرێت، کە لە دەرئەنجامی ڕاپەڕینەکەدا بەسەدان کەس بوونە قوربانیو بەدەیان خوێندکاریش لە زانکۆی دیمەشق دەرکران، کە ژمارەیەکیان لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق درێژەیان بە خوێندن دا، بەهەزاران دوکانو موڵکی هاووڵاتیانی کورد تاڵانکرانو بە هەزاران کەسیش دەستگیرکران کە هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست دا.

ئەمساڵیش وەکو ساڵانی پێشووتر گەلی کورد لە سوریا بۆ بەرزراگرتنی خوێنی شەهیدانو شەرمەزارکردنی کردەوەکانی ڕژێم دەرهەق بەگەلی کورد لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات، مەراسیمی جۆراوجۆر ئەنجامدەدەن کە سەرجەم ناوچە کوردنشینەکان بەداگیرساندنی مۆم کۆڵانەکان ڕووناک دەکەنەوە.

# حاجی ئەحمەدی ئازادو ڕەمزی کارتاڵ دادگایی کرا

ئا: محەمەد خەفاف

دوای دەستگیرکردنیان لەلایەن پۆلیسی بەلجیکاوە، حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پژاک ئازادکرا، بەڵام ڕەمزی کارتاڵ سەرۆکی کۆنگرەی گەلو زوبێر ئایدار ئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەکە بەرەو دادگا ڕەوانە کران.

حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ڕۆژی ٥ی ئەم مانگە لەشاری کۆڵنی ئەڵمانیا لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی ئەو وڵاتەوە لەماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا، هەروەک دەستگیرا بەسەر بەشێک لە شتە تایبەتییەکانی سەرۆکی پژاکدا وەک دەفتەری تەلەفۆنو ئەو کاغەزو کتێبانەی لەبەردەستیدا بوون.

پارتی ژیانی ئازادیش دەستگیرکردنی حاجی ئەحمەدی بە دەستو پلانی ئەمریکا دەزانێت، سەرکردەیەکی پارتەکە ئاماژە بەوە دەدات ماوەیەکە کۆبوونەوەی نهێنی لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا بەڕێوەدەچێتو دەستگیرکردنی حاجی ئەحمەدیش هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە، هەروەک ڕایگەیاند "زانیاری ئەوەمان بەدەست گەیشتووە کە چەند ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولادا ئیمزاکراوە بۆ مامەڵە کردن لە نێوانیاندا".

سەرکردەکەی پژاک وتی "ئەمە



عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی



ڕەمزی کارتاڵ



زوبێر ئایدار

ئەو پەیامە لەلایەن ئەمریکاوە بەئێران دەگەیەنێ کەئەو وڵاتە بەرەنگاری ئەو هێزانە دەبێتەوە کە کێشەیان لەگەڵ ئێراندا هەیە".

دەستگیرکردنی ئەحمەدی هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکوتانە سەر هەریەک لە بارەگاو ستۆدیۆکانی ڕۆژ تی ڤیو نوێنەرایەتییەکانی بەدەپەو بنکەکانی پارتی کۆنگرەی گەل لەلایەن ٣٠٠ پۆلیسی بەلجیکیو دەستگیرکردنی ڕەمزی کارتاڵی سەرۆکی پارتەکەو ٢١ کەسی دیکە کە هەندێکیان لە ئەندامە باڵاکانی کۆنگرەی گەلن، جگە لەوەش زەرەرو زیانێکی زۆر بە ئۆتۆمبێلەکانی ڕۆژ تی ڤیو خودی بینای ستۆدیۆکان گەیشت کە بە سەدان هەزار دۆلار دەخەملێنرێت، بۆ ڕۆژی دواتر ١٤ کەس لەو کەسانەی دەستگیرکرابوون ئازادکرانو هەشت کەسیان بڕیاری زیندانی کردنیان تاوەکو دادگایی دەکرێن بۆ دەرچوو، لە نێویشیاندا هەریەک لە ڕەمزی کارتاڵو زوبێر ئایداری تێدایە، ئەم دەستگیرکردنانەش بووەهۆی ئەوەی بە هەزارەها کوردی دانیشتووی وڵاتانی ئەوروپا ڕوو لە بەلجیکا بکەن بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەو هەڵمەتانەی هێزەکانی پۆلیسی ئەو وڵاتە دژی ڕۆژ تیڤیو سەرکردە کوردەکان ئەنجامیان دابوو، جگە لەمەش دەستگیرکردنەکان بووە هۆی دروستبوونی خۆپیشاندانی بەرفراوان لە نێوخۆی تورکیاشدا، موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی سەرکردایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشانەی کردو داوای لە تەواوی گەلی کورد کرد لەبەرامبەر ئەم کارەدا بێدەنگ نەبن، قەرەیلان جەختی لەوەش کردەوە پۆلیسی بەلجیکا ئەو کارەی تەواوکرد کە حکومەتی تورکیا بۆی تەواو نەکرا، ڕاشیگەیاند لە داوی کۆتاییهاتنی ئەو هێرشانەوە کورد دەست بەبەرگریکردن لە خۆی دەکات، هەروەک داوای ڕوونکردنەوەی لەحکومەتی بەلجیکا کرد، وتی "ئەوان بەو کارەیان ئێمە بەرەو جەنگ پاڵ دەنێن".

دوێنێ سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە دادگایی کردنی ڕەمزی کارتاڵ سەرۆکی کۆنگرەی گەلو ٧ کەسی دیکە ڕۆژی ٤ی ئەم مانگە دەستگیرکرابوون،دەستی پێکردووە.

بڵاویشیان کردەوە نزیکەی ١٥٠ کەس لە ئەندامانی کۆنگرەی گەل هاتوونەتە بەردەم دادگا بەمەبەستی چوونەژوورەوە بۆ نێو هۆڵی دادگایی کردنەکە بەڵام ڕێگەیان پێ نەدراوە،لەبەرامبەریشدا ناڕەزایی خۆیان بەوتنەوەی چەند دروشمێک دوپات کردۆتەوە.

هەر ئەمڕۆو پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکە جۆرجس هێنری بیوزەر پارێزەری هەریەک لە ڕەمزی کارتاڵو زوبێر ئایدار ئاشکرایکرد هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە تۆمەتەکان پشتڕاست بکاتەوە.

# هەڵبژاردنەکانی عێراق: بەڵێ بۆ ئێران، نا بۆ ئێران

حەمدی مەلیک
ئا: هیوا سەلیمی


جەلال تاڵەبانی


مەسعود بارزانی


ئەیاد عەلاوی


نەوشیروان مستەفا


عەمار حەکیم


ئەیاد جەماڵەدین


نوری مالیکی

٧ساڵ لەمەوپێش تەنیا یەک حیزب لە عێراقدا دەسەڵاتی بوو، ئەم حیزبەش تەنیا لە رێبەرێکدا کورت کرابووەوە، ئەویش سەدام حسێن بوو، بەڵام ئەمڕۆ جۆراوجۆری حیزبو گرووپە سیاسییەکان ئەوەندە زۆرە کە زۆرجار جیاکردنەوەی ئەوان لەیەکتر زەحمەتە، ئەڵبەت ئەم جۆراوجۆریو پلۆرالیزمە لە گەرماوگەرمی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بۆنو بەرامەیەکی تایبەتی بە فەزای سیاسیی عێراق بەخشی.

حیزبە جیاجیاکان بە ئاراستەی جیاجیا، لە کۆمۆنیستەوە تا ئیسلامی، لە لایەنگری ئێرانەوە تا لایەنگری ئەمریکا، لە هەوڵی ئەوەدان جێگەیەک لە رێبەری عێراقی داهاتوو بۆخۆیان دەستەبەر کەن، زۆربەی ئەم حیزبانە بەپێکهێنانی ئیئتیلاف لە هەوڵی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندان، بەڵام بەشێکیشیان سەربەخۆ لەم هەڵبژاردنەدا بەشداریان کردووە.

٤ هاوپەیمانی گەورە زۆرترین چانسیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان، ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە رابەری نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئێستا، هاوپەیمانی ئەلعەراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاویی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و هاوپەیمانی کوردستان . بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ کە پێکهاتەی ئیئتیلافەکان پتەوترو لەسەر ئەساسی ئایینیو تایفی پێکهاتبوو، ئیئتیلافەکانی ئەم دەورەیە تێکەڵاوێکە لە مەیلو بۆچوونە جیاجیاکان.

## ئیئتیلافی سیکۆلار لەگەڵ شیعە توندڕەوەکان

ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق، ئەحمەد چەلەبی سیاسەتمەداری دێرینی سیکۆلارو رەوتی سەدر بە رابەری موقتەدا سەدر، کەسایەتی ئایینی گەنجو توندڕەوی شیعەی لە زەرفێکدا کۆدەکاتەوە، ئەڵبەت ناکۆکی ئەم ئیئتیلافە تەنیا بەم نموونە کۆتایی نایەت، لە دەورەیەکدا کە نائەمنی باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو، لە رابردوودا ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بە رابەری بنەماڵەی حەکیم بە توندی لە کێبڕکێدا بوو لەگەڵ گرووپی سەدر بۆ باڵادەستی بەسەر ناوچە شیعەکان لە باشوری ئەو وڵاتە، ناکۆکییەک کە تەنانەت گەیشتە ئاگردانی نووسینگەکانی مەجلیسی باڵای عێراق، تیرۆرو لەناوبردن یەکێک لە ئامڕازە سەرکەوتووەکان لەو ململانە خوێناویە بوو، کەچی ئێستا وادیارە هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران بۆ نزیکبوونەوەی ئەم دوو گرووپە شیعە بە دەرەنجامێکی شیاو گەیشتووەو ئەم دوو رەوتە سیاسییە ئێستاکە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق پێکدێنن.

کەسایەتیەکی هەڵکەوتووی دیکەی ئەم ئیئتیلافە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقە، جەعفەری کە رۆژێک هاوکاری نزیکی نوری مالیکی بوو، بەهۆی کێشە لەسەر سەرۆکایەتی حیزبی دەعوەی ئیسلامی لەگەڵ مالیکی تووشی ناکۆکی بووەو ئێستاکە لە ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق رووبەرووی جێگرە پێشووەکەی بۆتەوە.

ئەڵبەت لەم ئیئتیلافەدا حیزبو کەسایەتی دیکەش بەشدارن، لەوانە دەکرێ ئاماژە بۆ کەسانێک لە ناوچە سوونەکانی رۆژئاوای عێراق بکرێ کە زۆرتر خاوەنی ستراکتۆری عەشیرەو تایفین.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق نزیکایەتی زۆربەی هەرە زۆری گرووپەکانی پێکهێنەری ئەم ئیئتیلافە لەگەڵ ئێرانە.

ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق کە ساڵانێکی زۆر لە ئێرانو بە پشتیوانیکردنی ئەو وڵاتە لە دژی سەدام چالاکیان کرد، لە پێشەوەی گرووپەکانی لایەنگری ئێرانن. سوپای بەدر کە لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق وەک باڵی سەربازیی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق رۆڵی دەنواند، لەسەردەستی سوپای پاسدارانی ئێران دامەزراو لەپاڵ ئەرتەشو سوپای پاسدارانی ئێران لە دژی سوپای عێراق دەجەنگی. ئێستاکەش نووسینگەکانی ئەنجوومەنی باڵا لە ئێراندا چالاکن.

ئەگەرچی پێوەندی ئەم حیزبە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندییەکی سیاسییو ئابوورییە، بەڵام ئەوەی کە ئەم پێوەندییە بەرجەستە دەکاتەوە، پابەندبوونی رابەرانی ئەم حیزبە بە تیۆری ویلایەتی فەقیهە، زۆربەی ئەوان عەلی خامنەیی وەک وەلیو خاوەنی موسڵمانانی جیهان پێناسە دەکەن. ئەحمەد چەلەبیش کە رۆژگارێک پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەوڵەتو تۆڕە هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، لەدوای تێکچوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ئێستا تۆمەتبار بە گوێڕایەڵبوونو لایەنگریکردن لە ئێران دەکرێ.

ژنراڵ ئۆدێرنۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ماوەیەک لەمەوپێش رایگەیاند کە ئەحمەد چەلەبی لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای قودس، باڵی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانی سوپای پاسداران، بە نهێنی چاوپێکەوتنی سازداوە، چەلەبی بەوەش تۆمەتبارە کە بە پشتیوانیو دواکاری ئێرانو بەکەڵکوەرگرتن لە پۆستەکەی کە بەرپرسایەتی دەستەیەک بە ناوی دەستەی دادو لێپرسینەوە کە کاری ریشەکێشکردنی بەعسو دوورخستنەوەی بەرپرسە پایەبەرزەکانو هاوفکرەکانی حیزبی بەعسی لەئەستۆدایە، توانی توندڕەوترینو شەفافترین رەخنەگرو نەیاری سیاسەتەکانی ئێران لە عێراق، واتە ساڵح موتڵەگ لە پرۆسەی هەڵبژاردن دووربخاتەوە، پێکهێنەرانی ئەم ئیئتیلافە کەمو زۆر پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە.

## ئیئتیلافی عەشیرەو تایفە جیاجیاکان

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا یەکێک لە چانسە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم کاتە، پێکهاتەی ئەسڵی ئەم ئیئتیلافە لە ٤٠ گرووپی سیاسیو کەسایەتی سەربەخۆو حیزبی دەعوە بە رابەری نوری مالیکی پێکدێت، کەسایەتییە سیکۆلارەکانیش لەپاڵ پیاوە ئاینییەکاندا لە هەر تایفەو عەشیرەیەک لەم ئیئتیلافەدا بوونیان هەیە، لە تورکەکانو کوردەکان بگرە تا عەرەبە سوننەو شیعەکان، ئەم ئیئتیلافە بە پشتبەستن بە کەسایەتی نوری مالیکی کە سەرکەوتن لە ئاسایشو ئەمنیەتی رێژەیی عێراق بە دەسکەوتی خۆی دەزانێ، دەیەوێ هەروەک هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو، سەرکەوتنی مەزن بەدەست بێنێ.

ئێران هەوڵی دا مالیکی رازی بکا بۆ گرێدانی بە ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقو هەروەک هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی رابردوو بەرەیەکی تەواو شیعە پێکبێنێ، بەڵام مالیکی لەبەرامبەر ئەم فشارە بەهێزەدا وەستایەوە، لەبەرئەوەی کە بەوتەی ناوبراو" کاتی ئەوە هاتووە لە چوارچێوەی تەسکی تایفی کە دەبێتە هۆی دووبەرەکایەتی لە عێراق، بێینە دەرەوەو لەهەوڵی یەکپارچەیی عێراقدا بین." مالیکی پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ دراوسێکەی رۆژهەڵاتی عێراق، واتە ئێران هەیە، ئەو لە دەورانی چوار ساڵەی سەرۆک وەزیرانی خۆیدا چەندینجار سەردانی ئێرانی کردو لەگەڵ بەرپرسە پایەبەرزەکانی ئێرانو لەوانە خامنەیی چاوپێکەوتنی سازدا، واپێدەچێ سەرەڕای ئەوەی کە مالیکی لەهەوڵی هەبوونی پەیوەندیەکی باش لە ئاستێکی باڵا لەگەڵ ئێرانە، بەڵام بەهۆی بڕوامەندنەبوون بە پێکهاتەی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر ئەساسی ویلایەتی فەقیهـ دامەزراوە، خۆی مولزەم بە رێنوێنەکانی ئێران ناکاو زۆر جار لە بەرامبەر فشارەکانی ئێران وەستاوەتەوە.

## ئیئتیلافی کوردەکان

هاوپەیمانی کوردستانی بەلەبەرچاوگرتنی پشتیوانی کوردەکانی عێراق لەم هاوپەیمانییە، یەکێک لە پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق دەبێ، ئەم ئیئتیلافە لە دوو حیزبی سەرەکیی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانیو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی پێکهاتووە.

ئەگەرچی رەوتی گۆڕان بە رێبەری نەوشیروان مستەفا کە گرنگترین رکابەری دوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستانە، لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا توانی ٢٥ لە سەدی دەنگەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکا، بەڵام هەروەک جاران هاوپەیمانی کوردستان بە هەبوونی رابەرانێکی دێرینی وەک تاڵەبانیو بارزانی بەختی ژمارە یەک بۆ بەدەستهێنانی زیاترین دەنگ لە کوردستانی عێراقن. ئەم دوو حیزبە سەرەکیەی کوردستانی عێراق پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، رێبەرانی ئەم دوو حیزبە کە پێکهاتەی سەرەکی هاوپەیمانی کوردستانی پێکدێنن لەو بڕوایەدان کە ئێران لە بارودۆخە دژوارەکاندا بەردەوام یارمەتیدەری کوردەکانی عێراق بووە.

بۆ وێنە لە ساڵی ٩١ لەدوای شۆڕشە بەربڵاوەکانی عێراقو تێکهەڵچوونی توند لەگەڵ سوپای عێراق هەزاران کەسی سڤیلی کورد پەنایان بۆ ئێرانو تورکیا برد. دەوڵەتی تورک رێگەی چوونە شارەکانی بە ئاوارەکان نەدا، بەوتەی کوردەکان دەوڵەتی تورکیا رەفتارێکی باشی لەگەڵ پەنابەرەکان نەکردو ئەوانی ناچار کرد تا لە کەمپەکانی پەنابەری لە هەلومەرجێکی نالەباردا بمێننەوە. لەبەرامبەردا ئێران پێشوازی لە پەنابەران کردو رێگەی بەوان دا تا بچنە شارەکانی ئێرانو لە ماڵی خزمو قەومەکانیان نیشتەجێ بن.

بەهۆکاری هەمان پێوەندی، حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان کە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ناوچەکەیاندا هەیە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی، هەرێمی کوردستان بۆ چالاکی چەکداری لە دژی ئێران بەکارنەهێنن.

## ئیئتیلافی نەیارانی ئێران

چوارەمین ئیئتیلافی گەورەی عێراق لیستی ئەلعەراقیەیە کە ئەگەرچی رابەرێکی شیعەی هەیە کەچی زۆرترین سیکۆلارە سوننەکانی لەخۆگرتووە، ئەم ئیئتیلافە پێکهاتووە لە رەوتی دیموکراتیکی ویفاقی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، بەرەی دیالۆگی نیشتمانی بە رابەری ساڵح موتڵەگو هەروەها تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق. رێبەری ئەم ئیئتیلافە، ئەیاد عەلاوی لە رابردوودا ئەندامی حیزبی بەعس بووەو کەچی بە هۆی ناکۆکیەک کە لەگەڵ حیزبدا پەیدای کرد، چووە دەرەوەی عێراقو بە ئۆپۆزیسیۆنو بەرهەڵستکاری ئەو سەردەمەی حکومەت گۆڕدرا.

ئاڵۆزترین کەسایەتی ئەم ئیئتیلافە ساڵح موتڵەگە، ئەو کە پەیوەندییەکی نزیکی لە گەڵ موجاهیدنی خەڵقی ئێران هەیە، بە تۆمەتی لایەنگری کردن لە بیروبڕوای حیزبی بەعس کە لە دەستووری عێراقدا بە حیزبی بەعسی فاشی ناوی لێبراوە، لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دوورخرایەوە. حیزبەکەی ساڵح موتڵەگ، بەرەی دیالۆگ رێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پێدراو تەنیا کەسێک کە شیاویەتی لێسەندرایەوە خودی ساڵح موتڵەگ بوو. ساڵح موتڵەگ کە بە نەیاری توندی ئێران ناوبانگی دەرکردووە، چەندینجار خوازیاری کەڵکوەرگرتن لە موجاهیدنی خەڵق وەک ئامڕازێک بۆ بەرگرتن بە دەسوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراق بووە، ئەو لە لێدوانێکدا رایگەیاند کە دوورخستنەوەی دیارییەکی بەنرخ بە مەحمودی ئەحمەدینەژاد لە ساڵیادی شۆڕشی ئیسلامی بوو، موتڵەگ لەوبڕوایەدایە کە هۆکاری دوورخستنەوەی ئەو نەک بە هۆکاری هاوفکری لەگەڵ حیزبی بەعس، بەڵکو بەهۆی دژایەتیکردنی توندو ئاشکرای لەهەمبەر دەسوەردانی ئێران لە عێراقو لەسەر خواستی ئەحمەدینەژاد سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران جێبەجێ کراوە. بەبڕوای کارناسان لیستی ئەلعەراقیە چانسی یەکەمە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە ناوچە سوونەکانی عێراق کە لە حیزبی بەعسی عێراقی نزیکن.

چەندین حیزبو لایەنی تریش بەشداریان کردووەو هەڵبەتە چانسێکی کەمتریان بۆ گەیشتن بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە، یەکێک لەم گرووپانە کۆمەڵەی ئازادەکانی عێراق بە رابەری ئەیاد جەماڵەدین کەسایەتی سیکۆلارو ئاڵۆزی شیعەیە، جەماڵەدین کە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ نیشتەجێی ئێران بووەو لە حەوزەی عیلمیەی قوم خوێندنی ئایینی تەواو کردووە، لە وتنەوەی توندترین دژایەتیەکان لەهەمبەر ئێران ترسێکی نییە، ئەو لەو بڕوایەدایە کە کۆماری ئیسلامی بە شتێک کەمتر لەوەی کە ئەو بە هەڵلوشینی عێراق ناوی لێدەبا، رازی نابێ. جەماڵەدین لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانیدا رایگەیاند کە سەدو دە ملیۆن دۆلاری بۆ بانگەشەی حیزبەکەی کۆکردۆتەوە، لە ناسراوترین روخسارەکانی ریکلامی هەڵبژاردنی لە جیهاندا کەڵک وەردەگرێ. جەماڵەدین لەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەیدا کە لەگەڵ ئەلعەربیە رێکخرابوو، رایگەیاند لەگەڵ بەڕێوەبەری نووسینگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئۆبامای سەرۆک کۆماری ئەمریکادا گرێبەستی کردووە، هەروەها لە لێدوانێکی سەرنجراکێشدا باسی لەوەکرد کە سەرەڕای بوونی ئەم بەڕێوەبەرە، لەگەڵ بەرپرسانی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی تۆنی بلێر سەرۆک وەزیری رابردووی بەریتانیا، جۆن هاوارد سەرۆک وەزیرانی ئوستورالیاو رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیا گرێبەستی کردووە.

بە ئاشکرا لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق پشتیوانی دەکاو بەتوندیش تۆمەتی وەرگرتنی یارمەتی ماڵی لەلایەن ئەمریکاوە رەت دەکاتەوە.

بەبڕوای جەماڵەدین ئێران سیاسەتی یەک بانو دوو هەوای لەبەرامبەر عێراقدا گرتۆتە بەر، بەومانایەی کە وتەی بەرپرسانی فەرمیی ئێرانی دەربارەی پشتیوانی لە سیستمی نوێ لە عێراق لەگەڵ رەفتارو کردەوەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران یەک ناگرێتەوە، ئەو لەوبڕوایەدایە کە ئێران لە رێگەی بارهێنانو راهێنانی میلشیا عێراقییەکانو هەروەها ناردنی چەک بۆ ناوخۆی عێراق، لەهەوڵی لاوازکردنی عێراقە.

جەماڵەدین کە بە توندی لایەنگری جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتە، بەڵێنی داوە کە لە ئەگەری گەیشتن بە پۆستی سەرۆک وەزیری لە عێراقدا هەمان سیاسەتی دوو لایەنە لەبەرامبەر ئێران پەیڕەو دەکا، ئەو دەڵێت "ئێمە دەبێ لە سەرجەمی ئامڕازەکانو لەوانە موجاهیدنی خەڵق بۆ بەرگرتن بە دەسوەردانی ئێران لە عێراقدا کەڵک وەربگرین، بە پشتیوانیی مادیو لۆجستیکی لە موجاهیدنی خەڵق، زەمینەکانی سەرگرتنی پەلاماری تێکدەرانە لە ناوخۆی ئێران فەراهەم بکەینو درێژە بەم کارە بدەین تا ئێران واز لە کاری تێکدەرانە لە عێراقدا بێنێ."

**سەرچاوە: ماڵپەڕی بی بی سی فارسی**



# خەلیل خەمگین: سبیل جان ئاوازی منی دزیوە

سیزار سەلیم لەهەولێر

**هونەرمەندی باکوری کوردستان، خەلیل خەمگین ئاماژە بەوە دەکات کە گۆرانیبێژی تورک سبیل جان ئاوازی یەکێک لەگۆرانییەکانی لەساڵی ١٩٩١ دزیوە، بەڵام دەڵێت "بەهۆی لایەنگیری حکومەت بۆ ئەو، پێموابوو ئەگەر داوای یاسایی لەسەر تۆماربکەم، بێسودە، بۆیە داوام بەرزنەکردەوە".**

**ئەو ماوەی ٣٦ ساڵە لەهونەردا کاردەکات، تەمەنیشی زیاتر لەنیو سەدە دەبێت، ماوەی ٢٥ ساڵ بوو سەردانی باشوری نەکردبوو، ساڵی رابردوو لەگەڵ هونەرمەند دیار دەرسیم هاتنە کوردستانو چەند کۆنسێرتێکیان ئەنجامدا، ئێستاش هونەرمەند خەلیل خەمگین لەوڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات.**

.............................

**دەستوور:** ساڵانێکی زۆرە لەناو بواری هونەردا کاردەکەی هاتنتان بۆ ناو ئەو بوارە چۆن بوو؟

**خەلیل خەمگین:** سەرەتای هاتنم وەکو زۆرێک لەوانەی کەوا سەرەتا دێنە ناو بوارەکە کەوتبوومە ژێر کاریگەری چەند دەنگێکی رەسەنی ناوچەکەمان لەرۆژئاوای کوردستان، ئەو دەنگە رەسەنانە منیان هێنایە نـاو بـوارەکـە، ئـەوانـیـش چەند هونەرمەندێکی خـاوەن ئەزمونو خاوەن دەنگێکی رەسەن بوون، لەوانە (جەمیل ئۆرۆو محەمەد عەلی تیجۆو چەندانی تر) کە ئەو هونەرمەندانە لە رۆژئاوای کوردستان زۆر بەناوبانگن.

**دەستوور:** بەڵام لەگەڵ هاتنت بۆ نـاو بـواری هونەر کوردستانت جێهێشت، هۆکاری چی بوو؟

**خەلیل خەمگین:** ئەوکاتەی لەناو وڵاتی خۆم بووم، توشی زۆر کێشە بـووم، هەمیشە هەڕەشەمان لـەسـەربـوو، ئەوکات لـەنـاو وڵات نـەدەتـوانـرا ئەو پـەیـامـەی کـەوا هەمبوو بەجێی بـێـنـم، بـۆیـە ناچاربـووم وڵات بە جێبهێڵم و لەدەرەوەی وڵات لەگەڵ کـۆمـا بەرخودان کەکۆمێکی هو نە رییە کاربکەم، تاوەکو ئێستاش بەردەوامم.

**دەستوور:** پەیوەندی کردنت بەو کۆمەوە چۆن بوو؟

**خەلیل خەمگین:** کۆما بەرخودان لەساڵی ١٩٨٣ دامەزرا، من لەساڵی ١٩٨٥ەوە پەیوەندیم پێوەکرد، ئێمە چەند کەسێک بووین کەوا پەیوەندیمان بەو کۆمەوە کرد، لەوانە (هونەرمەندان کاوە، شەمدینو دیار دەرسیمو چەندانی تر....)، تاوەکو ئێستاش ئەو کۆمە هەر بەردەوامەو کارەکانی ئەنجامدەدات.

**دەستوور:** بەڵام ئەوەی ئاگاداربین ماوەیەکە کارەکانی وەستاون، هۆکار چییە؟

**خەلیل خەمگین:** ئێمە لەکارکردن نـەوەسـتـاویـن، بـەڵام لەلایەنی بـەرهـەمـەوە مـاوەیـەکـە بەرهەمی نـوێـمـان نـیـیـە، ئـەویـش بەهۆی سەرقاڵی ئەندامانی کۆمە بەکاروباری خـۆیـانـەوە، بـەڵام وەکـو چالاکیو بۆنە نەتەوەییەکان ئێمە کارەکانمان ئەنجامداوە.

**دەستوور:** ئێوە چەند کەسێکن کەپێکەوە کـاردەکـەن، کارکردن لەگەڵ ئێوە مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، یـان هـەر کەسە دەتوانێت لەگەڵ ئێوە کاربکات؟

**خەلیل خەمگین:** وەکو مەرجی تایبەتی ئێمە هیچ مەرجێکمان نییە، بەڵام ئێمە ئەو هونەرمەندەی کەوا دەیەوێت لەگەڵ ئێمە کاربکات، ئەوا دەبێت رێز لەسەروەرییەکانی میللەتو خەباتی شەهیدان بگرێت.

**دەستوور:** بـەڵام ئـەوەی ئێمە هەستی پێبکەین هونەرمەندانی باشور لەگەڵ ئێوەدا نین هۆکار چییە؟

**خـەلـیـل خـەمـگـیـن:** کۆما بەرخودان کۆمێکی نەتەوەییە نەک پارچەیی، سەرەتای کاری کۆمیش کـە لـەهـەشـتـاکـان بـوو ئەوکات هونەرمەندانی باشور لەدەرەوەی وڵات کەم بوون، دواتر ئەوانەی کەهاتنە ئەوروپا هەندێکیان حەزیان نەدەکرد لەگەڵ ئێمە کاربکەنو هەندێکیشیان بیروباوەڕیان لەگەڵ ئێمە نەدەگونجا.

**دەسـتـوور:** بـەهـۆی خەباتی سیاسییەوە تۆ وڵاتـت بەجێهێشتو چـوویـتـە دەرەوە، لەخەباتی سیاسی تـاچـەنـد تـووشـی ئـەشـکـەنـجـەدان بوویتەوە؟

**خـەلـیـل خـەمگین:** زۆرجار ئەشکەنجە دراوم، بـەڵام دەبێت هەموومان ئـەوە بزانـیـن کـەوا هەر کاتێک ئێمە رێگای سەربەخۆیی بگرینەبەر ئەوا توشی ئەشکەنجە دەبـیـنـەوە، بـەڵام نابێت ئەوە لـەخـەبـاتـی سـیـاسـی سڵمان بکاتەوە، بەڵکو دەبێت ببێتە هێزێکی بـاشـتـر بۆمان.

**دەستوور:** جارێک باسی ئەوەتان کـردبـوو کـەوا هونەرمەندی تورک سبیل جان ئاوازی تۆی دزیوە، ئەمە تاچەند راستە؟

**خەلیل خەمگین:** بەڵێ راستە، ئەو ئاوازی یەکێک لەگۆرانییەکانمی کە لەساڵی ١٩٩١دا وتومە دزیوە.

**دەستوور:** ئەی بۆ داوای یاساییت لەسەری تۆمار نەکرد؟

**خەلیل خەمگین:** بەهۆی لایـەنـگـیـری حـکـومـەت بـۆ ئەو پێموابوو ئەوکارە بکەمو نەکەم وەکو یەک بوو، بۆیە نەمکرد.

**دەستوور:** ساڵی رابـردوو تۆو هـونـەرمـەنـد دیـار دەرسـیـم چەند کۆنسێرتێکتان لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدا، بەگشتی ئەو پارچەیەت پێ چۆن بوو؟

**خەلیل خەمگین:** ئەگەر وەکو لایەنی ئەمنیو ئاوەدانی بڵێم ئەوا لەئاستی زۆرباشـدا بـوو، بەڵام ئەگەر لەلایەنی خەڵکەکەیەوە بڵێم خەڵکەکەی زۆر تەمبەڵن لەئاست زۆر شتدا.







# ئامۆژگاریی دەکرێن کە بەیانیان زوو لەخەوهەڵسن

دەستوور:

رۆژنامەیەکی ئەڵمانی ئامۆژگاری یۆنانییەکان دەکات بۆئەوەی زاڵبن بەسەر ئەو قەیرانە داراییەی وڵاتەکەیانی گرتووەتەوە چاو لەئەڵمانەکان بکەنو بەیانیان زوو لەخەوهەڵسن.

رۆژنـامـەی بـیـڵـدی ئەڵمانیا چەند پێشنیازێکی بۆ گەلی یۆنان خـسـتـوەتـەڕوو داوادەکـات چاو لەئەڵمانەکان بکەن بەوەی بەیانیان زوو لەخەو هەڵسنو کاری زیاتر بکەن.

لەنامەیەکی کـراوەدا بۆ سەرۆک وەزیری یۆنان کە سەردانی وڵاتەکەیانی کردبوو، رۆژنامەکە نووسیویەتی ئەگەر ئـەم ژمـارەیـەی بیڵد بکەیتەوە، تۆ لەوڵاتێکی تـەواو جیاواز لەوڵاتەکەی خۆتیت، تۆ لەئەڵمانیایت، لێرە خەڵک تا تەمەنی ٦٧ ساڵی کاردەکەنو هیچ فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی مووچەی ١٤ مانگی وەرناگرێت.. لێرە پێویست بە ١٠٠٠ یۆرۆ بەرتیل ناکات بۆئەوەی قەرەوێڵەیەکت لەکاتێکی گونجاو لەنەخۆشخانەیەکدا دەستبکەوێت، هەروەها ئێمە مووچەی خانەنشینی نادەین بەو کچانەی جەنەراڵەکان کە بەداخەوە ناتوانن شووبکەن.

هـەر لەبەشێکی تـری نامەکەدا هاتووە: "لەم وڵاتەی ئێمەدا، چاودێریی کـاری بـەنـزیـنـخـانـەکـان دەکرێتو جوتیارەکانمان ملیۆنان یۆرۆی کۆمەکی یەکێتیی ئەوروپا لەکڕینی داری زەیتون بەفیڕۆنادەن کە لەبنەڕەتدا لێرە هەر نییە، ئێمە زوو لەخەو هەڵدەستینو بەدرێژایی رۆژگار کاردەکەین، لەبەرئەوەی ئێمە لەکاتێکی گـونـجـاودا بیر لەکاتە سەختەکان دەکەینەوەو بەرهەمی کۆمپانیاکانمان لـەسـەرتـاسـەری جیهان داواکـاریـی پێشترهەندێک لـەسـەرە.

لەئابووریناسانی ئەڵمانیا ئامۆژگاریی یۆنانیان کرد کە هەندێک لەشوێنەوارە دێرینەکانیان بفرۆشن بۆئەوەی لەو قەیرانە داراییەی رووبەڕوویان بووەتەوە رزگاریان ببێت.





# دیانا حەداد یاری تایکواندۆ دەکات

**دەستـوور:** گۆرانیبێژی لوبنانی دیانا حەداد رایگەیاند: یاری تایکواندۆ دەکات کە یارمەتیدەرێیەتی بۆ گۆرانی وتن.

لەمیانی بەرنامەیەکی کەناڵی دوبەی، حەداد وتی: "یاری تایکواندۆ توانایەکی باشـی پـێـبـەخـشـیـوە بۆ گـۆرانـی وتـن بەتایبەتی لەئاهەنگەکاندا".

وتـیـشـی: زۆر حـەزم لەنەستەلەیەو نایەڵم ببێتە هـۆی زیـادبـوونـی کێشم لـەبـەرئـەوەی هاوسەنگی دەکـەم لـەنـێـوان جوڵەو خواردندا. ئاماژەی بەوەشدا کە هەر لەمنداڵییەوە عاشقی گۆرانی وتن بووەو لەتەمەنی ٨ سـاڵـیـدا بـەشـداریـی لەئاهەنگێکدا لەکوێت کردووەو حەزیی زۆری لەگەشتکردنە.

# هەڕەشە لە وێنەکیشێک دەکەن

**دەستوور:** بەهۆی هەڕەشەی تـونـدڕەوە هندۆسەکان، قەتەر رەگەزنامەی بەخشی بەهونەرمەندی نیگارکێشی هیندی مەقبول فیدا حسێن.

مەقبول کە بەناچاری وڵاتـەکـەی خـۆی بەجێهێشت دوای ئەوەی لەلایەن توندڕەوە هیندۆسییەکانەوە چەندین جار هەڕەشەی لێدەکرێت، لە تابلۆکانیدا لەبەرئەوەی وێنەی خواکانی هیندۆسەکان بە رووتی دەکێشێت. رۆژنامەی زەهیندۆی هیندستانی بڵاویکردەوە: "نیگارکێشە هیندییەکە داوای رەگەزنامەی قەتەری نەکردووە، بـەڵـکو ئـەو وڵاتـە خـۆی دەستپێشخەریکردووە".

نووسیویەتیشی قبوڵکردنی ئەو دەستپێشخەرییە لەلایەن مـەقـبـولـەوە زۆر نزیکەو سنوورێک بۆ لاپەڕەیەکی جێی پەژارەی مێژووی عەلمانی لە هیندستانی سەربەخۆ دادەنێت.

ئـامـاژەی بـەوەشـدا هەر بەهۆی تابلۆکانیەوە، تائێستا ٩٠٠ داوای یاسایی لەسەر نیگارکێشەکە تۆمارکراوەو هیندۆسە توندڕەوەکان دەڵێن: مەقبول هەستی ئاینییانی بریـنـدارکـردووەو سوکایەتی بەبیروباوەڕیان کردووە.

# بەرهەم حەسەن:
# هونەر بووەتە مەکینەی پارە

سازدانی: موحسین یاسین

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەرهەم حەسەن کە ئێستا لەدەرەوەی وڵات دەژی، یادگارییەکانیو ژیانی خێزانی خۆی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا باسدەکات، نیگەرانی ئەوەشە، کەهونەر بووەتە ئامێرێک بۆ پارە پەیداکردن، بەپێچەوانەی سەردەمی پێش راپەرینەوە.**



**دەستوور:** بەهۆی ئەوەی باوکت مامۆستا بووە لەقوتابخانە خاتریان نەگرتوویت؟

**بەرهەم حەسەن:** ئەوکاتە وەکو خاتر نەدەگیرا، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبوایە کوڕی مامۆستا هەموو شتێکی بزانیایەو زۆر زیرەکو ئاقڵ بوایە، هەر بۆیە هەموو جارێک دەموت خۆزگە کوڕی مامۆستا نەبوومایە.

**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەریتان چۆن دەستیپێکرد؟

**بەرهەم حەسەن:** لەساڵی ١٩٧٦دا چوومە تیپی مۆ سیقا ی سلێما نی بۆ لای ما مۆ ستا سەلاح رەوفو دواتر ئامێری (چەلۆی) پێ بەخشیمو پێی وتم کەدەستو پەنجەم بۆ لێدانی ئامێری (چەلۆ) زۆر باشەو منیش بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەردەوامبوومو پاشان چەند پارچە میوزیکێکو چەند گۆرانییەکمان بۆ tv کەرکوک تۆمارکرد، دواتر بەهۆی بارودۆخی سیاسی خێزانەکەمانەوە باری خێزانی ئێمە تێکچوو، زۆر نەماندەتوانی لەشارەکاندا بمێنینەوە، هەندێکجار داوام لەمامۆستاکانی قوتابخانە دەکرد ئەگەر پیاوەکانی رژێم هاتنە قوتابخانەکەوە زوو ئاگادارم بکەن، ئیتر هەرلەوکاتەوە لەمیوزیک دابڕامو نەمدەتوانی بەردەوامبم، تیپی مۆسیقای سلێمانیش هەر خۆیان سانسۆریان لەسەربوو، رژێم داوای دەکرد کەئیش بۆ ئەوان بکەنو سروود بۆ ئەوان بڵێنو تۆماری بکەن.

لەبەرئەوە ئیتر ساردبوونەوەیەک لەکارەکانی ئەوانو منیش دروستبوو.

**دەستوور:** یەکەم گۆرانی کەتۆمارتکرد ساڵی چەندبوو تێکستو میلۆدی کێ بوو؟

**بەرهەم حەسەن:** یەکەم گۆرانیم لەساڵی ١٩٨٤ بۆ tv کەرکوک بەناوی (موبارەک بێت) تۆمارکرد، کەتێکستی شەهید (هیوا موانی)بوو کەچیرۆکێکی راستەقینە بوو بەسەر شەهید هیوادا هاتبوو، ئەو شیعرەی نووسیبوو پێشئەوەی شەهید بێت، پێی وتم کەدەبێت ئەو شیعرەی بەئەمانەتەوە بۆ بکەم بەگۆرانی، دواتر زەمەن وایکرد ئەو شەهیدبوو لەساڵی١٩٨٣، منیش وەکو وەفایەک ئەو شیعرەم کرد بەگۆرانی.

**دەستوور:** ئاستی تیپی مۆسیقای سلێمانی جارانو ئێستا چۆن دەبینی؟

**بەرهەم حەسەن:** تیپی مۆسیقای سلێما نی پیرنابێتو من قەناعەتم بەوە هەیە کەتیپی مۆسیقای سلێمانی تیپێکە لەهەموو عێراقدا دەنگی دابۆوە، لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش گوێ لەبەرهەمەکانی دەگیراو باسی دەکرا، هەمیشە رەمزێک بوو لەشارەکەدا.

**دەستوور:** ساڵی چەند رووتکردە دەرەوەی وڵاتو ئێستا لەچ ویلایەتێکی ئەمریکا دەژیت؟

**بەرهەم حەسەن:** لەساڵی١٩٩٦دا بەرێکەوتم بۆ ئەمریکا، چەند ویلایەتێک گەڕامو ئێستا لەشاری (دالاس) دەژیمو لەناو خانووەکەمدا ستۆدیۆیەکم دروستکردووە بۆ کاری هونەری خۆم، حەزم لەوڵاتی ئەمریکایەو ژیانی ئەو وڵاتە خۆشە، ئێستا لەو وڵاتە بەکاری ئەلەکترۆنیو کارەبایی ئۆتۆمبێلەوە خەریکم، چونکە لەو وڵاتە دەبێت خۆت خۆت بژێنیت، رۆژانە نزیکەی هەژدە کاتژمێر ئیشدەکەم.

**دەستوور:** ساڵی چەند ژیانی هاوسەریت پێکهێناوەو چەند منداڵت هەیە؟

**بەرهەم حەسەن:** ساڵی ١٩٨٠ خێزانم پێکهێناوە، لەساڵی١٩٩١ لەکۆڕەوەکەدا، کچێکم هەبوو کەنۆبەرەی خێزانەکەم بوو، بەهۆی سەرماو بارانە زۆرەکەوە گیانی لەدەستدا، بەڵام خواوەند دوو کچی تری پێ بەخشیووین کەناویان (چیناز و گەیلان)ە، خێزانەکەشم ناوی (پەیمان)ەو پێکەوە دەژین.

**دەستوور:** گۆرانی (ئۆخەی کچەکە ئاخ نەمردمایە)، تێکستی کێیەو ئەو کچە کێیە؟ ئەو گۆرانییە تاچەند لەژیانی تۆوە نزیکە؟

**بەرهەم حەسەن:** ئەو شیعرە شیعری من نییە، بەڵکو شیعری مامۆستای گەورەی کورد مامۆستا (قادربرسی)ە، ئەو شیعرەی بۆ کچێک نەوتووە، بەڵکو بۆ خاکی کوردستانی وتووە، من بەئەمانەتەوە ئەو شیعرەم لەخۆی وەرگرتووەو پێشموتووە کەئەو شیعرە مانای چییە، ئەگەر سەرنج بدەی لەشیعرەکەدا دەڵێت چی گیانە بەهارو نەورۆزی ئەمساڵ لەڕەنگی سەوزو سپیو زەردو ئاڵ، سەرتاپا بەرگی کوردیت بۆ دەکەم..کراسو کەواو سەرپۆشو دەسماڵ، وابزانم ئەمە مەبەستی ئەو کچە نییە کراسو کەواو دەسماڵی بۆ بکات، بەڵکو باسی کوردستان دەکات کەئالایەکی بۆ دروست دەکات لەڕەنگی سەوزو سپیو زەردو ئاڵ، لەکۆتایی شیعرەکەدا کەئێمە نەمانتوانی تۆماری بکەین دەڵێت: دەتگوێزمەوە بەقرمەی تفەنگ.. ئێرانو سوریاو تورکیا دەکەم دەنگ، کەواتە خۆی خەڵکی کوردستانی عێراقە.

**دەستوور:** لەگۆرانییەکی تردا دەڵێیت: هێندەی حەزی هەموو دنیا حەزم لێتە، ئایا گەیشتویت بەو حەزەت؟ ئەو گۆرانییەت بۆ کەسێکی دیاریکراو وتووە؟

**بەرهەم حەسەن:** نەخێر ئەو گۆرانییەش شیعری من نییە، بەڵکو شیعری مامۆستا (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)یە، من بەهەموو ژیانی خۆم قەرزاری ئەوم، چونکە ئەوەندە گوێم لەو گۆرانییە بووە خۆم لێی بێزاربووم، چونکە لەهەموو کوچەو کۆڵانێکی ئەم شارە ئەو گۆرانییە لێدەدرا، ئەوگۆرانییە ئاوازی (سەلام حەمادی)ە کەکاتی خۆشی هەر ئەو شیعرەکەی بۆ هێنام، هەرچەندە ئەو شیعرە هەندێ هەڵەی تێدایە، بەڵام دواجار کردم بەگۆرانیو جێگای خۆی کردەوە لەدڵی خەڵکدا.

**دەستوور:** بۆچی هونەری گۆرانیو میوزیکی کوردی پێش راپەرین بەسەردەمی زێڕین دادەنرێت؟

**بەرهەم حەسەن:** لەبەرئەوەی ئەوکاتە خەڵک بەرۆح گوێی لەگۆرانی دەگرتو هونەری پەروەردە دەکرد، ئێستا پارە هاتووەتە ئاراوەو هونەر بووەتە مەکینەی پارە، پارەی تێدەکەیت هونەر دێتەدەرێ، بەڵام جاران وانەبوو، ئێمە چەندەها گۆرانیبێژو موزیکژەنمان شەهیدبوون لەپێناوی گۆرانی وتندا، قادر کابانی رەحمەتیو ئەو هونەرمەندانەی کە لەژێر ئەشکەنجەداو لەزیندانەکاندا شەهیدکران.

**دەستوور:** لەنووسینی نامەی دڵداریدا چۆن بوویت؟ هیچکات بووە نامەی دڵداریت نووسیبێت بۆ کەسێک کەخۆشتویستبێت؟

**بەرهەم حەسەن:** من هەرگیز نامەی دڵداریم نەنووسیوە، تەنانەت بۆ خۆشەویستەکەم (پەیمان) کەئێستا هاوسەرمە، بەڵکو بەشیعر خۆشەویستیمان بۆیەکتری دەربڕی.



بەرهەم حەسەن ساڵی ١٩٦٤ لەگەڕەکی دەرگەزێن لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، قوتابخانەی سەرەتایی لەقوتابخانەی (مەحوی کوڕان) تەواوکردووە، قۆناغی ئامادەیشی لەقوتابخانەی (ئازادی) تەواوکردووە، دواتریش ئامادەیی پیشەسازی خوێندووە.



# شێرکۆ تاڵیب ئاوڕ لەمنداڵی دەداتەوە

دەستوور

گۆرانیبێژ شێرکۆ تاڵیب، سەرقاڵی تەواوکردنی گۆرانییەکی نوێیەتی بەناوی (ئاوڕێک لەمنداڵی).

شێرکۆ تاڵیب لەم ماوەیەدا دەستیکرد بەکلیپکردنی دوو گۆرانی کەئەوانیش گۆرانی (ئاوڕێک لەمنداڵیو نامەیەکی پایزییە). لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور ئاشکرایکرد کەگۆرانییەکی نوێی بەناوی (ئاوڕێک لەمنداڵی) کەتێکستی (رەنج سەنگاوی)و ئاوازی خۆیو ئاکۆ عەزیزو مامۆستا (ع.ج سەگرمە) تۆماری کردووەو کاری دابەشکردنی میوزیکی لەئەستۆ گرتووە.

شێرکۆ تاڵیب وتی"کامێرامان (ئارام غەفور)، لەشاری سلێمانی وێنەی گرتووەو (رێکەوت محەمەد) کاری مۆنتاژی بۆ دەکاتو سیناریۆو دەرهێنانی (دیلمان سەلاح)ەو نواندنی (شکارو یار)ە".

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەگۆرانی (نامەیەکی پایزی) کەماوەی سێ پایز بوو بەنیازبوو کاری بۆ بکات، بەڵام سەری نەدەگرتو وتی"دواجار ئەو گۆرانییەشی لەوڵاتی سوریا کلیپکرد کەهۆنراوەی شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان)ەو ئاوازی خۆمو دابەشکردنی (گۆران کامیل)و ستافێکی هونەری کەناڵی رۆتانا کاریان بۆ کردووە".

# "سەربەخۆیی زانکۆ بەرێوەیە"

## د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ دەستوور

سازدانی عەلی بانیشاری

**د. ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستووردا دەربارەی نزمی ئاستی زانکۆکانی کوردستان، ئاماژە بەوەدەدات هۆکاری بارودۆخی سیاسیو ئەو ئیمکانیاتەی کە دانراوە وەکو پێویست سەربەخۆیی نەداوەتە زانکۆکان، دەڵێت هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بودجەی پێویست نەبووە کە مامۆستایان ئاستیان بەرزبکرێتەوە.**

**دەستوور:** کاتێک باسی ئاستی زانکۆکان دەکرێت، دەوترێت زانکۆکانی کوردستان ئاستی زانستیان لاوازە، راتان چییە لەوبارەیەوە؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** زانکۆکانی هەرێمی کوردستانو عێراقو زۆرێک لە زانکۆکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی چەندین بارودۆخەوە ئاستی زانستییان تا رادەیەک لاوازە، بەڵام زانکۆیەک تا زانکۆیەکی دیکە جیاوازی هەیە، سەبارەت بەزانکۆی سەڵاحەدینیش دەبێ ئەوە بزاندرێت کە دایکی هەموو زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە، زۆربەی پسپۆڕانو مامۆستایانی ئەم زانکۆیە بوونەتە کادیرو پسپۆڕ لەزانکۆکانی دیکەی کوردستان، لاوازی ئاستی زانستیش هۆکارەکانیش گەلێک زۆرن، ئێمە پێشتر باسی چەند لایەنێکمان کردووە نەک زانکۆکانی کوردستان، بەڵکو زانکۆکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگەنە ئاستی زانستی زانکۆکانی جیهانی ئەویش هۆکاری بارودۆخی سیاسیو ئەو ئیمکانیاتەی کە دانراوە وەکو پێویست سەربەخۆیی نەداوەتە زانکۆکانو هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بودجەی پێویست نەبووە کە مامۆستایان ئاستیان بەرزبکرێتەوە، کەمپێکی زانکۆش نیە تا زۆرێک لەکێشەکان چارەسەر بکرێت، هەروەها ئەو قوتابیانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەوە دێن ئەوانە هەمووی هۆکارن، هاوکات مامۆستاش بەهەمان شێوە دەبێت رۆژانە ئاگاداری زۆرێک لەپێشکەوتنەکان بێت.

**دەستوور:** کێشەی گەورەی زانکۆی سەڵاحەدین پەرشو بڵاوی سەرجەم کۆلێژەکانی بە شێوەیەک هەریەکەیان کەوتووەتە ناوچەیەکی هەولێرەوە، بیرتان لەوە نەکردووەتەوە سەرجەم بەشەکان یەکبخەن وەک زانکۆی سلێمانی؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** زانکۆی سەڵاحەدین کە لە ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە بۆ هەولێر لە ماوەی ٢٩ ساڵدا هەوڵ دراوە کەمپی زانکۆی بۆ دروست بکرێت، ئێستاش دیزاینەکەی تەواو بووە لە چەند هەفتەیەکی تر بەردی بناغەی دادەنرێتو ئومێد دەکەین جێبەجێ بکرێ، هاوکات ئەگەر کەمپی زانکۆ دروست بکرێت ئەوا زۆرێک لەکێشەکانمان چارەسەر دەکرێت، ئەو کاتیش زانکۆی سەڵاحەدین وەک هەموو زانکۆکان کۆلیژەکانی لەیەکتر نزیک دەبێت.

**دەستوور:** زانکۆی سەڵاحەدین بەوە تۆمەتبار دەکرێت یەکێتیی



د. ئەحمەد دزەیی

قوتابیان دەستێکی باڵای هەیە لە بڕیارەکانیدا، بەشێوەک لەهەندێک کاردا پرسو راوێژ بە یەکێتیی قوتابیان دەکرێت؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** هەموو زانکۆیەک لە خزمەتی قوتابیان دایەو ئێمە ئیشوکارمان هەموو بۆ ئەوەیە کە بتوانین لە ئاستێکی بەرز لە خزمەتی قوتابیان دابینو ئیشو کارەکانیان جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی دیکەوە فیدراسیۆنی قوتابیان هەیە کە نوێنەرایەتی هەموو قوتابیان دەکات، دیارە ئەمەش بە هەڵبژاردن دانراوە، نوێنەریان لە کۆلێژەکان بەشداری ئەنجومەنی زانکۆ دەکات، ئەمەش تەنها لەو پرسانەی پەیوەندی راستەخۆیان هەیە بە کێشەو داخوازی قوتابیان، بۆ ئەوەی بتوانێت داکۆکی لە مافی قوتابیان بکاتو ئاگاداری سەرۆکایەتی زانکۆ بکاتەوە لەو شتانەی کە ئێمە لێی ئاگادار نین.

**دەستوور:** قوتابیانی پارچەکانی تری کوردستان کێشەی زمانیان بۆ دروست بووە لەزانکۆی سەڵاحەدیندا، چۆن چارەسەری ئەم حاڵەتە دەکەن؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** ئەمە پرسیارێکی لەجێیە، بەڵێ قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کێشەی زمانیان هەیە، بۆ نموونە ئەوەی کە لە سوریاوە دێت تەنها زمانی عەرەبی دەزانێتو ئەوەی کە لە تورکیاوە دێت تەنها زمانی تورکی بەلاتینی دەزانێت، هاوکات لە کۆلێژەکاندا بەشە زانستیەکان زمانی عەرەبیو کوردی تێکەڵاوە، ئیتر ئەوە کێشەیەکە ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە بۆ ساڵانی داهاتوو چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە ساڵێکیان بۆ دابنێین بۆ فێربوونی زمان، ئینجا دەست بە خوێندن بکەن.

**دەستوور:** هەندێک لەدکتۆرو مامۆستاکان چەندینجار گلەییان لە بەڕێزت کردووە، کە ئەو کەسانەی بۆ خوێندن دەیاننێرنە دەرەوە ئاستی زانستیان لاوازە، کەسە ئاست بەرزەکانیش پشتگوێ خراون؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** ئەو پرسیارە دوورە لەراستی دەبێت بزانین خوێندنو ناردن بۆ دەرەوە چەند جۆرێکی هەیە یەکێک لەوانە (بعسات) ناردن بە پلانێک حکومەت بودجەیەکی بۆ دابین دەکات، ئێمە بۆ هەموو زانکۆکانمان ناردووە خەڵک داواکاری پێشکەش کردووە، لیژنەیەک لەزانکۆ چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوا دەست نیشانکراوە لە بەشەکانو لە زانکۆکان، دوای ئەوەی لێژنەیەکی تر لە وەزارەت هەبووە هەڵبژاردنی کردووە لەسەر چەند پێوەرێک ئەوانە دەست نیشان کراونو چەند پرۆسەیەکیشمان ئەنجامداوە، زەمالە ئەوەیە خەڵکێک پەیوەندی دەکات بە وڵاتێک یان لە وڵاتێک چەند زەمالەیەکمان بۆ دێت ئەوان خۆیان دێن مقابەلەی ئەو کەسانە دەکەن هەڵیاندەبژێرن لەوانەیە پێوەری ئەوان جیاواز بێت لە پێوەری ئێمە، ئەوانیش هەر دەستنیشان دەکرێن لەلایەن زانکۆو کۆلێژەوە. خەڵکێک حەز دەکات بچێت لە دەرەوە بخوێنێت کاتێک کە قبووڵی بۆ دێت ئێمە رێگایان لێناگرین، چونکە ئەوانە تەنها مووچەی خۆیان وەردەگرنو مۆڵەتیش وەردەگرێت، ئێمە خەڵکی لاواز نانێرین، چونکە ئەوەی بە زەمالەو بە بەعەسات بڕوات بەڕێگای چەند لیژنەیەکدا دەڕوات ئەوانە هەموو ئاستی زانستیان بەرزە، کە لە دوو جۆر پێکهاتووە یان ئەوەتا یەکەمەکانن یان ئەوانەی ماستەریان وەرگرتووە ئەوانیش بە پێشبڕکێیە.

**دەستوور:** ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە دەرماڵەی قوتابیان زیاد دەکرێت لە ٦٠ هەزارە وە بۆ ١٠٠ هەزار ئەو دەنگۆیە تا چەند دروستە، ئەگەر زیاد بکرێت ناوخۆی شاریش دەگرێتەوە؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** سیستمێک هەیە بۆ دەرماڵەی قوتابیان ئەویش سیستمێکی مەرکەزیە لە وەزارەتەوە بۆمان دێت، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە موسادەقەی لەسەر دەکرێ، دوو جۆریشە ئەو قوتابیانەی ناو شار کە دەرامەتیان کەمە، هەروەها ئەوانەی کە لە دەرەوەی شار دەژین ئەویش بە جیاجیایە زیادکردنەکە لەلایەن ئێمەوەش نییە، وەکو زانکۆ، بەڵکو دەبێت لە حکومەتو وەزارەتەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

**دەستوور:** بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین لە زانکۆی سلێمانیو دهۆک زۆرترن، قوتابیان گلەیەکی زۆر دەکەن لە خزمەتگوزارییەکانی ئەو بەشەناوخۆییانە؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** ئێمە نزیکەی ٨٥٠٠ قوتابیمان لە بەشەناوخۆیی هەیە، کەواتە لەوانەیە ئەو ژمارەی لە بەشەناوخۆییەکانە بەقەدەر ژمارەی قوتابیانی زانکۆکانی تر بێت، بەشەناوخۆییەکانی زانکۆ جگە لە بەشی ١٨ی شوبات کە هی کچانە نزیکەی ١١٠٠قوتابی دەگرێت، بەشەناوخۆیی شەهید شەوکەت ئەویش ١٧٠٠ قوتابی لەخۆ دەگرێت، ئەوانی تر هەموو باڵەخانەن، کە بەکرێ گیراونو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ویستومانە بە باشترین شێوە جێبەجێکراوە، لەوانەیە لە هەندێک بەشەناوخۆیی خزمەتگوزاری باش نەبێت، لەوانەشە کە دروستکراوە وەکو بەشەناوخۆیی شەهید شەوکەت، چونکە ئەو کۆمپانیا تورکیەی کە دروستی کردبوو بەشێوەیەکی رێکوپێک نەبوو، تەنانەت ئەوە چوار ساڵیشە قوتابی تێدایە، ئێمە ئەو بینایەمان ئیستلام نەکردووە بەشێوەیەکی فەرمی، لەبەر ئەوەی لەکاتی تەوابوونی کەموکوڕی زۆری تێدابوو.

**دەستوور:** زۆربەی بەشە ناوخۆیەکان دورن لە زانکۆوە قوتابیان بە نەفەرات هاتووچۆ دەکەن، ناکرێت کۆستەر بگیرێت بۆ ئەو بەشە ناوخۆییانە؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** بەهەماهەنگی سەرۆکایەتی زانکۆ لەگەڵ یەکێتیی قوتابیان زۆرجار هەوڵدراوە کۆستەر دابین بکرێت، کە قوتابیان بگوازێتەوە، ئێمە درێغیمان نەکردووە لە دابینکردنی ئۆتۆمبێل بۆ گواستنەوەی قوتابیان بۆ زانکۆ، هەروەها رێکخراوەکانی قوتابیانو یەکێتی قوتابیانیش زۆرجار ئەو کارەی ئەنجامداوە.

**دەستوور:** بەرنامەی ساڵی نوێی زانکۆ چیە، پێت وانیە پێویست بێت گۆڕانکاری لەهەندێک بەشدا بکرێت بۆ بەرزبونەوەی ئاستی زانستی زانکۆی سەڵاحەدین؟

**د. ئەحمەد دزەیی:** ئێمە بۆ ساڵی داهاتوو زۆر شتمان لەبەردەستدایە تا پلانی وەرگرتنی قوتابیان بەشێوەیەکی رێکوپێک بێت، بەرنامەیەکمان هەیە بەناوی دڵنیایی جۆری لە هەموو بەشەکان لێژنەمان هەیە بۆئەوەی بەدواداچوونی لەسەر بکرێ، سەبارەت بە سیستمی خوێندنو هەموو ئەو رێنماییانەی کەوا بەکاردێت بۆ ئەوەی ئاستی زانستی بەرزبێتو هەروەها بەنسبەت خوێندنی باڵاش پێداچوونەوە کراوە، ئێستا چەندین کۆبوونەوە کراوە رێنمایی دانراوە، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێت، لەهەمانکاتدا لە ساڵی خوێندنی نوێدا هەوڵدەدەین سیستمی خوێندن بگۆڕینو هەموو هۆڵەکانی خوێندن داتاشۆی بۆ دابندرێت تا مامۆستا بەشێوازێکی نوێ وانەکان بڵێنەوە، ئەوە جگە لەوەی هەوڵدەدەین پەیوەندی نێوان قوتابیو مامۆستاو سەرۆک بەشو راگر بەهێزتر بکەین، هەروەها سەربەخۆیی زانکۆ بەرێوەیە ئێمەش سەربەخۆیی دەدەینە کۆلیژەکانو سەربەخۆیی دەرێتە بەشی زانستی کە گەورەترین یەکەیە کە پێویستە لەوێوە سیستمی خوێندن جێبەجێ بکرێتو پێشبکەوێتو ئاستی زانستی بەرز بێت.

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## گەشەسەندنی مرۆڤ لەتیۆرییەکەی

لەهەفتەی رابردوودا باسمان لەپێگەی ئێریکسۆن کرد، لەم هەفتەیەدا باس لەیەکێک لە بابەتە سەرەکیەکانی تیۆرییەکەی ئەو دەکەین کەدەسنیشانکردنی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵە کە بریتیە لەهەشت قۆناغو هەموو تەمەنی مرۆڤ دەگرێتەوە، لەهەفتەی رابردوودا من بەهەڵە ئەوەم نووسیبوو کەتا تەمەنی ٣٥ دەگرێتەوە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.

لەقۆناغی یەکەمدا (٠-١٨ مانگ)ئێریکسۆن مامەڵە لەگەڵ دوو تێرمی زۆر گرنگدا دەکات کەبریتین لەمتمانەو و بێبڕوایی. ئێریکسۆن پێیوایە هەرکات منداڵ بڕوای بەگەورەکان هەبوو ئەوە متمانەیان پێدەکاتو دەبنە جێگای باوەڕی ئەو، بەڵام بەپێچەوانەوە منداڵ بەهیچ شێوەیەک بڕواو متمانەی بەگەورەکانی دەوروپشتی نامێنێتو هەمیشە لەڕاڕاییو دڵەڕاوکێدا دەژیت، بەپێی گوزارشی ئێریکسۆن هەموو چارەسەرکردنێکی پۆزەتیڤانەی قەیرانەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا متمانەیان لەلا دروستدەکات، بەڵام هەرکات قەیرانەکانیان بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە چارەسەرکران ئەوان ناتوانن بڕوا بەگەورەکان بکەن.

لەقۆناغی دووەمدا (١-٢ ، ٥ساڵ) ئێریکسۆن دوو تێرمی دیکە دەخاتە بەرباس کەبریتین لەسەربەخۆییو دوودڵی. چارەسەرکردنێکی پۆزەتیڤانەی گرفتەکانی منداڵ دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەست بەبوونی خۆی بکاتو ئەو هەستەی لەلا دروست ببێت کەگەورەکان بڕوایان بەوە هەیە، ئەم هەستە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی سەربەخۆیی لەلای منداڵ، بەڵام هەر کات بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە چارەسەری گرفتەکانی کرا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ ورەی بڕوخێت، بڕوای بەخۆی نەمێنێتو لەئاست تواناکانی خۆیدا هەست بەدوودڵی بکات.

لەقۆناغی سێیەمدا (٢-٦ ساڵ) هەردوو تێرمی دەسپێشخەریو کەمتەرخەمی دەخرێنە بەرباس، لەم تەمەنەدا تێکەڵبوونی منداڵانو گەورەکان گەشە دەکاتو مامەڵەکردنی گەورەکان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە بوار بۆ منداڵان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دەسپێشخەری خۆیان بکەن، ئەم هەنگاوەش دەبێتە هۆی بەشدارییەکی راستەقینەی منداڵەکان لەپرۆسەی گەشەسەندنی مەعریفی، بەپێچەوانەوە بەربەست دانان لەلایەن گەورەکانەوەو باسکردنی مەسەلەی سنوربەزاندنی منداڵەکان لەپەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ گەورەکان هەستی کەمتەرخەمیو گوناه لەلای ئەو منداڵانە دروستدەکات.

لەسەرەتای چوونە قوتابخانە هەردوو تێرمی چالاکیو دوورەپەرێزی لەقۆناغی چوارەمدا (٦-١٢ ساڵ) دەبێتە بابەتێکی گرنگ لەلای منداڵانو رۆڵی بەرچاو لەگەشەسەندنیاندا دەگێڕێ.

منداڵان لەم تەمەنەدا بەقۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕدەبنو پێویستیان بەمامەڵەیەکی زۆر پۆزەتیڤ هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین چالاکی بنوێنێنو زۆرترین زانست وەربگرن، هەر مامەڵەیەکی نێگەتیڤانەی گەورەکان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان خۆیان لەپرۆسەی فێرکردن دوورەپەرێز رابگرنو هیچ جۆرە بەشدارییەکی ئەکتیڤ لەو پرۆسەیەدا نەکەن، ئەم دوورەپەرێزییە سەرەتایەکی خراپ بۆ دواکەوتنی منداڵان لەپرۆسەی فێربوون دروستدەکات.

پرسی کەسایەتی راستەقینەو کەسایەتی شێوێندراوی منداڵ لەقۆناغی پێنجەمدا (١٢-١٩ ساڵ) تا رادەیەکی بێسنوور بایەخی هەیە، بەڕای ئێریکسۆن مامەڵەی گەورەکان بێئەندازە رۆڵی لەگەشەسەندنی ئەو کەسایەتیەدا هەیە، چونکە منداڵ زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ گەورەکاندا دەکات، هەموو جۆرەکانی هەراسانکردنو هەموو مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەی گەورەکان دەبێتە هۆی روخاندنی ئەو کەسایەتیەو شێواندنی سیماکانی ئەو کەسایەتیە لەلای هەرزەکارانو سەرەتایەک بۆ لەدایکبوونی چەندین قەیران دروستدەکات.

لەقۆناغی شەشەمدا (٢٠-٤٠ ساڵ ) هەردوو تێرمی نزیکیو گۆشەگیری رۆڵی گەورە لەژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت، شێوازی چارەسەرکردنی گرفتەکان بڕیاری ئەوە دەدات ئایا مرۆڤ لەم قۆناغەدا دەتوانێت لەخەڵکانی دیکە نزیک ببێتەوەو ببێت بەهاوڕێیانو لەکاتی پێویستدا لێیان دوور بکەوێتەوە یا نا. هەرکات مرۆڤ لەم پرسەدا سەرکەوتوو نەبوو دەکەوێتە ناو گۆشەگیرییەوە کەقۆناغێکی زۆر نێگەتیڤانەیە بۆ مرۆڤ. سەرکەوتن لەم قۆناغەدا مانای ئەوەیە مرۆڤ لەدەست نەخۆشیو گرفتە دەروونیو کۆمەڵایەتیەکان رزگاری دەبێتو توانای ئەوەی هەیە ببێتە تاکێکی بەسود بۆ کۆمەڵگا.

لەقۆناغی حەوتەمدا (ناوەڕاستی تەمەن) مرۆڤ دووچاری تێرمی بەرهەمداربوونو چەقبەستن دەبێتەوە، یا ئەوەتا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە ئەو بۆ کۆمەڵگا تاکێکی بە بەرهەرمو گورجو گۆڵەو توانای ئەوەی هەیە بەشداری بیناکردنی کۆمەڵگا بکات، یا ئەوەتا هەست بەوە دەکات کەلەشوێنی خۆیدا چەقی بەستووەو بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت جارێکی دیکە هەستێتەوە. شێوازی ژیانو چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو مرۆڤە بڕیاری ئەوە دەدات کە ئەو مرۆڤە هەست بەپڕ بەرهەمی یا چەقبەستویی بکات.

لەدوا قۆناغی ژیاندا مرۆڤ دووچاری تێرمی دروستیو پەشیمانبوونەوە دەبێت، واتە یا ئەوەتا دان بەسنوردابوونیو کورتی ژیاندا دەنێتو پێی وایە ئەویش یەکێک بووە لەکۆی کۆمەڵگاو کاری باشی کردووەو نەوەکانی دوای خۆی ئەو کارانە تەواو دەکات کەنەوەی ئەو تەواوی نەکردووە، یا ئەوەتا مرۆڤ دان بەو واقیعدا نانێتو لەو ئەڵتەرناتیڤانەش پەشیمان دەبێتەوە کەلەژیاندا هەڵیبژاردوون.

> منداڵ زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ گەورەکاندا دەکات، هەموو جۆرەکانی هەراسانکردنو هەموو مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەی گەورەکان دەبێتە هۆی روخاندنی ئەو کەسایەتیە

faiekk@hotmail.com

# "لێدان" لەزانکۆ زۆربووە!

## بەهۆی "لێدان"ەوە چەندین قوتابی زانکۆی سەڵاحەدین ڕەوانەی ماڵەوە دەکرێن

عەلی بانیشاری لە هەولێر

نەچونە ژورەوەی قوتابیانو خوێندکاران بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆکاندا هەرایەکی گەورەی لە نێوان مامۆستایانو قوتابیاندا دروست دەکات، بەو هۆیەشەوە زیاتر لە ٥٥قوتابی زانکۆی سەڵاحەدین بڕیاری فەسڵ کردنیان بۆ دەردەچێت.

مامۆستایانی زانکۆ پێیانوایە نەچوونە ژورەوەی قوتابیانو خوێندکاران بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن بووەتە دیاردەو هەڕەشە لە زانکۆکانی کوردستان دەکات، هەندێک لە قوتابیانیش دەڵێن مامۆستایان جیاوازی دەکەن لەنێوان قوتابیانو خوێندکارانداو پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوە دەکەن قوتابی کورد سوود لەکاتەکانی خۆیان وەرناگرنو هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن.

دانا غازی یەکێکە لە قوتابیە فەسڵ کراوەکانی زانکۆی سەڵاحەدین ئاماژە بەوە دەکات مامۆستایان جیاوازیەکی زۆر دەکەن لە غیاباتدانی قوتابیانو خوێندکارانداو "تەنها دەسەڵاتیان بەسەر قوتابیە کەم دەستو بێلایەنەکاندا دەڕوات".

ئەو قوتابیە بەدەستووری وت"ئەگەر سەیری تۆماری غیابات بکەیت ئەوە دەبینیت بەدەیان قوتابی هەیە لە ئێمە غیاباتی زۆرترە کەچی کەس نیە پێی بڵێت ئەوە فەسڵ کراویت، بەڵام ئێمە یەک ڕۆژ غیاباتمان هەبێت دەیان جار دەیدەنەوە بە ناوچاوانماندا و ڕەوانەی ماڵەوەمان دەکەن".

لێدان وەک ئامازەیەک لەزانکۆکاندا بۆ نەچوونە ناو وانەکانەوە بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا زۆرکات خوێندکارەکان لەناو زانکۆشدا دەمێننەوە، بەڵام ناچنە وانەکانەوەو وەک خۆیان دەڵێن ئەو وانەیە"لێدەدەن".

مامۆستایانی زانکۆ نەچوونە ژورەوەی قوتابیان بۆ هۆڵەکانی خوێندن بە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر زانکۆکانی کوردستان لە قەڵەم دەدەن، لە هەمانکاتدا ئیدارەی زانکۆ بەکەمتەرخەم دەزانن کە لەسەرەتای ساڵەوە چەندین بڕیاری توند دەردەکەنو لە کۆتایدا جێبەجێی ناکەن.

دڵشاد عەزیز مامۆستای کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەڵاحەدین ڕای وایە" نەچوونە ژوورەوەی قوتابیانو خوێندکاران بۆ هۆڵەکانی خوێندن بووەتە دیاردەو هەڕەشەیەکی گەورەش لە زانکۆکانی کوردستان دەکات".

بەهۆی دەستخستنە ناو کاروبارەکانی زانکۆوە لەلایەن حیزبەکانەوە لەڕێگەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، چەندین بڕیاری فەسڵکردنی قوتابیانی سەربەڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە، ئەمەش بەهۆکارێکی زیادبوونی ئەم دیاردەیە دەزانن.

م. دڵشاد وتی "حیزبو ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکان ساڵانی پێشوو زۆر دەستیان خستبووە ناو کارەکانی زانکۆوە، یەکێکیش لەوانە پشتگیریکردنی ئەو قوتابییانەی کە بەبۆنەی لێدانەوە فەسڵکراون، پاشان ئەو بڕیارانەیان هەڵدەوەشاندەوەو قوتابییەکانیش بەبێ لێپرسینەوە دەرباز دەبوون".

م. دڵشاد بەنیگەرانیەوە باس لە ئایندەی ئەو قوتابیو خوێندکارانە دەکاتو دەڵێت "بەداخەوە گەنجانو قوتابیانی کوردستان ئەو هەموو کاتە زۆرەیان لە بەردەستدایە، بەڵام ناتوانن سودی لێوەربگرن، هیچ ئامانجێکیشیان نیە بۆ دوا ڕۆژی کوردستان".

هەندێک لەقوتابیانی زانکۆ لەگەڵ ئەوەدا نین قوتابی ئەوەندە غیاب بنو بەوهۆیەشەوە کێشە لە ناو زانکۆدا دروست بکات، چونکە قوتابی کە دێتە زانکۆ دەبێت ئامانجی خوێندن بێت نەک نەهاتنە ژورەوە.

سەمیرە قادر قوتابی بەشی فارسی لە زانکۆی سەڵاحەدین بە دەستووری وت "بەهۆی نەهاتنە ژورەوەی ئەو قوتابیە ئیهمالانەوە چەندین قوتابی تریش توشی کێشە بووینو خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانین، قوتابیو خوێندکار دێتە زانکۆ دەبێت بخوێنێت، نەک لێبدات".

پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن قوتابیانو خوێندکاران ناتوانن سوود لەکاتەکانی خۆیان وەربگرنو هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن.

بەرزان قوباد توێژەی کۆمەڵایەتی وتی" قوتابیانی کورد پەیوەندیان پتەوە لە نێوان یەکترداو ئەمەش وادەکات کاریگەریان لەسەر یەکتر هەبێت، کە قوتابیەک ناچێتە هۆڵی خوێندنەوە هاوڕێکەشی بێگومان ناچێت".

هەروەها وتی" لێدان ڤایرۆسێکە زۆربەی زانکۆکانی کوردستانی گرتووەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین ئەوەیە کە قوتابی کورد هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات لە کۆمەڵگەدا".

ئەو توێژەرە ئاماژە بەوە دەکات چەند هۆکارێک بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم دیاردەیە لەوانە "لاوازی ئیداری زانکۆ چونکە بە بڕیارو نووسین ساڵانە چەندین بڕیاری توند دەردەچێت دەربارەی ئەم کێشەیە، بەڵام لەباری جێبەجێکردندا هیچ شتێک جێبەجێ ناکرێت، هەروەها گەنجی ئێستا هیچ ئامانجێکی نییەو هیچ سوود لە کاتەکانی نابینێت".



قوتابیانی زانکۆ لە وانەکانیان هەڵدێن. فۆتۆگراف: عەلی بانیشاری

# کەس خۆی ناکات بەخاوەنی کەمپی باریکە!

## ئاوارەکانی کەمپی باریکە دەڵێن هۆکاری سیاسی لەپشت پشتگوێخستنمانەوەیە

سەنگەر تاوەگۆزی لەسلێمانی

بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری پێویستو کەمی سەرچاوەی بژێوی ژیانو بێبەشکردنیان لە مافەکانیان پەنابەرانی کەمپی باریکە لەژیانێکی بێ خزمەتگوزاریدا دەژین، داوا دەکەن کە ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

کەمپی باریکە کە لەساڵی ٢٠٠٥دا لەسەر بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دروستکراوە، بۆ ئەو پەنابەرە ئێرانیانەی کە لەکەمپی ئاڵتاشی ڕومادی بوونو لەساڵی ٢٠٠٣ بەهۆی جەنگەوە دووبارە ئاوارە بوون.

لەم کەمپەدا ٣٥٠ خانویان بۆ دروستکراوەو ٤٥٠ خێزانی تێدا نیشتەجێیەو ژمارەی دانیشتوانەکەی ٣٥٠٠کەسە.

سەلاح یارحسێنی بەرپرسی ئەنجومەنی کەمپی باریکە، هۆکاری پشتگوێخستنی ئەم کەمپەی گەڕاندەوە بۆ کاریگەری ئێران بەسەر حکومەتی هەرێمەوە، وتی "ئەوەش بۆ ئەوەیە ئەم کەمپەو دانیشتوانەکەی تەنها بیر لەنان پەیداکردنو قوتی ڕۆژانەیان بکەنەوە، خەریکی گوزەرانیان بن".

بەرپرسی ئەنجومەنی کەمپی باریکە باسلەوە دەکات ئامانجێکی تریان گۆشەگیرکردنی ئاوارەکانی کەمپی باریکەیە، کەئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی توشی نەخۆشی دەروونی ببنو دەچنە هەر جێگایەک هەست بە شەرمو بێزاری دەکەن، دەڵێت "ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەیان لەم کەمپەدا زیندانیکردووە ڕێگەمان نادەن تێکەڵاوبین لەگەڵ خەڵکدا، ئامانجی ئێرانیش لەمەدا بەڕوونی دیارە کە تێکشکاندنی کەسایەتی ئەم پەنابەرانەیە بۆ ئەوەی بیر لەکارو خەباتی سیاسی نەکەنەوە نەبنە سەر ئێشە بۆ ئێران".

سەلاح یارحسێنی دەربارەی ژیانو گوزەرانی دانیشتوانی ئەم کەمپە وتی "بەداخەوە لەدوای دروستکردنی خانوەکانەوە حکومەتی هەرێمو ڕێکخراوی یوئین نەهاتن بەدەمانەوە هیچ خزمەتگوزاریەکیان بۆدابین نەکردین".

بەرپرسی ئەنجومەنی کەمپی باریکە دەڵێت ئەرکی ئەو ڕێکخراوەو حکومەتی هەرێمە کە سەرپەرشتی ئێمە بکاتو ئاوڕ لەکێشەکانمان بداتەوە.

دەربارەی هاوکاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ دانیشتوانی ئەم کەمپە سەلاح یارحسینی وتی " ئێمە لەم کەمپەدا وەک مرۆڤ ناژین، چونکە بەراستی ئێرە شیاوی ژیانی مرۆڤ نیە من بە بەر پرسیارێتیەوە ئەو قسەیە دەکەم کە لەکورستان هیچ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ بوونی نیە، لەکوردستاندا یەک کەسی تێدانیە مرۆڤ دۆست بێت، چونکە ئەگەر تەنها یەکجار گوزەرانو ژیانی ئێمەیان ببینیایە ئەو کات تێدەگەیشتن کە مرۆڤ لێرە چەند بێ ڕێزە".

بەرپرسی ئەنجومەنی کەمپی باریکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەندین جار پرۆژەمان بۆدەرچووە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، بەڵام کەچوینەتە شارەوانی پرۆژەکەیان بۆ جێبەجێ نەکردوین تەنها لەبەرئەوەی کەئێمە خەڵکی هەژارینو هیچ کەسێک شک نابەین تاپشتگیریمان لێبکات.



ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵگای مەدەنیش کەمپی باریکەیان پشتگوێخستووە. فۆتۆگراف: سەنگەر

# گوندێك دەیەوێت ببێت بەگەڕەکێك!

## بەزۆرینەی دەنگی دانیشتوانی گوندی تووەسوران دەیانەوێت ببنە گەڕەکێک لە سەنگەسەر

فەرمان چۆمانی لە ڕانیە

گوندی تووەسوران بەزۆرینەی دەنگی دانیشتوانەکەی دەیانەوێت بخرێنە سەر نەخشەی بنەڕەتی سەنگەسەر، بۆ ئەوەی ئاوڕیان لێبدرێتەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانیان، بەڕێوبەری ناحیەکەش پشتگیری داواکەیان دەکات.

گوندی تووەسوران کیلۆمەترێک لە ناحیەی سەنگەسەرەوە دورەو نزیکەی ٣١٠ ماڵ دەبێ، زیاتر لە ١٤٠٠ کەس دانیشتوانیەتیو ئەو گوندە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لە فراوان بوندایە، بە دەست کۆمەڵێک گرفتەوە دەناڵێنێت.

سامیە ئەحمەد ژنێکی دانیشتوی گوندەکەیەو باسلەوە دەکات لەو گوندەدا شوێنێک نییە زبڵو خاشاکی ماڵەوەیانی لێ فرە بدەن، بە ناچاری فڕێی دەدەنە بەردەم ماڵەکانیان. سامیە وتی "داواکارم ئاوڕێک لە تووەسوران بدەنەوەو ئۆتۆمبێلی خۆڵمان بۆ دابین بکەن".

تووەسوران تاوەکو ئێستا بنکەی تەندروستی تێدا نیەو لەکاتی بوونی نەخۆشی دەبێت سەردانی ناحیەی سەنگەسەر بکەن، هەروەها ناو کۆڵانەکان هیچ خزمەتگوزارییەکان بۆ نەکراوە.

سامیە وتی "منداڵەکانمان کە دەچنە قوتابخانە هەموو لەشیان دەبێتە قوڕ، چونکە چەوڕێژ نەکراوە، هەروەها بنکەی تەندروستیشمان نییە".

لوقمان حەمەد عەبدوڵڵا ئەنجومەنی گوندی تووەسوران باسیلەوەکرد "تا ئێستا ئاوەڕۆ لەو گوندە نییەو ئاو و ئاوەڕۆیەکی زۆریشی هەیەو هەمووی بە بەردەم ماڵەکاندا دەڕوات، کە بۆنێکی پیسی دێتو لە هاویندا خەڵک پێی هەراسان دەبێو مەترسی بۆ سەر تەندروستی منداڵەکانمان هەیە، تۆڕی کارەباکەمان باش نییەو گرفتی بۆ دروست کردووینو زوو زوو شۆرت ڕودەدات، لە کاتی پچرانی سیمەکان مەترسی ڕودانی کارەساتی لێدەکرێتو بەهۆیەوە چەندینجار ئامێری کارەبایی ماڵان سوتاون".

بەپێی قسەکانی ئەنجومەنی گوندی تووەسوران لەو گوندە ڕێژەیەکی بەرچاو منداڵ هەیە، بەڵام بێبەشن لە هەبوونی باخچەیەکی ساوایان، هەروەها گرفتی کەمی مامۆستای پسپۆڕیان هەیە لە قوتابخانەداو بەو هۆیەشەوە نزیکەی ٨٠ خوێندکاریان بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە شارۆچکەی سەنگەسەر دەکەن.

حەسەن نەبی هاووڵاتیەکی ئەو گوندەیەو دەڵێت "بنکەی تەندروستی پێداویستیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤەو دەبێ لە هەموو کاتێکدا ڕوو بکەینە نەخۆشخانەی سەنگەسەر". حەسەن وتی "هەوڵمانداوەو داواکاریشین کە ببین بە گەڕەکێک لە سەنگەسەر، کە بۆ ئەو مەبەستە لە نێوان خۆماندا ڕاپرسیمان کردووەو زۆرینەی هاووڵاتیان خوازیارن ببینە گەڕەکێک لە سەنگەسەر".

عەبدوڵڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر بە دەستووری ڕاگەیاند "ئێمە لە چەندین لاوە لە هەوڵداین پرۆژەیان بۆ بکەین، دەرخستەی ئاوەڕۆو تێکەڵەڕێژکردنو تۆڕی کارەبامان ئامادە کردووەو ناردومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو بەهیواین ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکەین، سەردانی وەزیری کارەبامان کردووە پێمان ڕاگەیاندووە کە پێویستمان بە فراوانکردنی تۆڕی کارەبای گوندەکانمانەو تووەسورانیش لەو بەرنامەیەدایە ئومێدمان وایە کە کاریان بۆ بکرێ". بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر وتی "گرفتی نەبوونی بنکەیەکی تەندروستیمان گەیاندووە بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕانیەو ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە لەهەوڵدان بنکەی تەندروستیان بۆ دروست بکەن، هەروەها بۆ فریادانی پاشەڕۆش چەندینجار شارەوانی هاوکاری کردوونو کاریشمان بۆ ئەوەکردووە کە تووەسوران بکرێت بە گەڕەکێک لە سەنگەسەرو بخرێتە ناو نەخشەی بنەڕەتی، بەڵام وەڵامی باشمان نەدراوەتەوە، جارێکیتریش هەوڵدەدەین لە ڕێگای لایەنە پەیوەندیدارەکان کە گوندەکانی تووەسورانو قادراوە بخەینە ناو نەخشەی بنەڕەتی".



تووەسوران بێ خزمەتگوزارییە. فۆتۆگراف: فەرمان چۆمانی

# "ئەنفالی سپی" لەناو گەنجانی خانەقین روو لەزیادبوونە

## "لەتواناماندا نیە کۆنترۆڵی ئەو هەموو گەنجە ئالودەبووە بکەین"

فەرمان خێڵانی لە خانەقین

ئالودەبوون بەخواردنەوەی مەیو حەبو مادە هۆشبەرەکان لای گەنجانی خانەقین روو لەزیادبوونە، سەرچاوەیەکی پۆلیسیش دەڵێت ناتوانین کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە بکەین، پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوە دەکەن پەیوەندی بەپەروەردەی خێزانیەوە هەیە.

بەهۆی ئەوەی خانەقین شارێکە هێڵی تەماسە لەگەڵ شاری کرماشانی ئێرانو شارەکانی تری خوارووی عێراق، ناتوانرێت مادەی هۆشبەری وەکو شروبو حەپو حەشیشە کۆنترۆڵ بکرێتو لەشارەکەدا بە ئاشکرا چەند گەنجێک ئالودەبوون بەو مادە هۆشبەرانە.

"ئەنفالی سپی" ئاماژەیە بۆ کاریگەری مادە هۆشبەرەکان لەسەر توشبووانو بەکارهێنەرانی ئەو ماددانە، کەتووشی چەندین نەخۆشیو کێشەی کۆمەلایەتیو جەستەییان دەکات.

عەبدوڵڵا سەعید گەنجێکی تەمەن ٢٣ساڵانە ئێستا لە بارێکی دەروونی شێواودا دەژی، سەرەتا جگەرەکێشێکی ئاسایی بووە، بەڵام دواتر بەهۆی هاندانی کۆمەڵێک هاوڕێی خۆیەوە دووچاری مەیخواردنەوەیەکی بێشومار دەبێتو بەپێی تێپەڕبوونی رۆژگار خواردنەوە هیچ کاریگەریەکی نامێنێت لەسەریو سەرخۆشی ناکات، بۆیە وەک خۆی دەڵێت بەناچاری بۆ ئەوەی خۆی سەرخۆش بکات دەستدەکات بەشروبخواردنەوەو دواجار حەپخواردن.

ئەو گەنجە حەپخۆرە باسی یەکەم جاری کرد کە حەپی خواردووەو وتی "یەکەم جار حەپێکم خوارد زۆر رشامەوە تا ماوەیەکی زۆر هیچ ئاگام لەخۆم نەما، ئێوارەش لەترسی ماڵەوە تا درەنگانێکی شەو نەگەڕامەوە، ئەو شەوە هاوڕێکانم کە حاڵیان لەمن باشتر بوو چاودێریان کردم".

عەبدوڵڵا هۆکاری ئالودەبوونی چەند گەنجێک لە گەنجانی شارەکەی بەمادەی هۆشبەرەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆریو هەرزانی ئەو ماددانە، دەڵێت "لەم شارەدا هەرزانترینو زۆرترین شت شروبو حەپەو ئەمەش وا دەکات کە گەنجان لەڕێگەی گەنجە ئالودەبووەکانەوە فێرببنو بەئاسانی ناتوانن وازی لێبێنن".

بەپێی قسەی ئەو گەنجانە ئەو ماددانەی گەنجان بەکاری دەهێنن چەند جۆرێکە وەکو "ئارتینو سەماویو وەردیو سوریو ئەبوحاجب"ە.

ئەم جۆرە حەپانەو مادەی سڕکەری تری وەکو تلیاک بەشێوەیەکی نهێنی لە وڵاتانی ئێرانو سوریاوە دەهێنرێتە ناو خانەقینەوە بەهۆی ئەوەی خانەقین ناوچەیەکی سنوریە، قاچاخچیەکانیش لەگەڵ خاوەنی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکاندا رێکدەکەون، لەناو شاریشدا کەسی تایبەتی خۆیان هەیە کە بە نهێنی دەیفرۆشن بەگەنجە موشتەریەکانیان.

هەردی حەمید گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵەو بەقسەی خۆی ئێستا وازی لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە حەپانە هێناوە، بەڵام رۆژانێک بووە بەدەست بەکارهێنانی ئەو جۆرە ماددانەوە وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات بێزار بووە.

سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی کە بۆچی گەنجان روو لەم ماددانە دەکەن هەردی وتی "بەهۆی بێکاریەوەیە".

لەبارەی نرخو چۆنیەتی بەکارهێنانی تلیاکو ئەو جۆرە حەپانەوە هەردی وتی "تلیاک زۆر گرانە جگەرەیەکی (٤٥-٦٥) هەزار دینارەو حەپەکانیش بەپێی جۆرەکانی پارچەیەکی لە (٣-٧)هەزار دینارەو بەشی هەفتەیەک دەکاتو لەڕێگەی کەسی تایبەتەوە بەپێی ناسینو متمانە پێکردن بەگەنجانی ناوشار دەفرۆشرێت".

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی خانەقینەوە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە دەستووری راگەیاند "گەنجێکی زۆر لەم شارەدا ئالودەبوون بەشروب خواردنەوەو حەپخواردنەوە، تا ئێستا توانیومانە ٤٠گەنجی ئالودەبوو تۆمار بکەین، ئەم گەنجانە زۆربەیان ئەو گەنجانەن کە لەئێرانەوە هاتوون یان لە شارەکانی خوارووی عێراقەوە هاتوونو لەم شارەدا نیشتەجێ بوون".

ئەو سەرچاوەیە وتی "ئەم ئالودەبووانە رۆژانە کێشە بۆ هاووڵاتیان دروست دەکەنو ئێمەش ئیجرائاتی خۆمان دەکەین، بەڵام لەتواناماندا نیە کۆنترۆڵی ئەو هەموو گەنجە ئالودەبووە بکەین، ئەگەر هەوڵی چارەسەرکردنی نەدرێت ئەوا کارەسات دەخوڵقێت لەم شارەدا".

ژمارەیەک لە عیادە پزیشکییەکانی ناو گەڕەکو کۆڵانەکان ئەو جۆرە شروبانەیان لادەست دەکەوێتو دەیفرۆشن کە گەنجان بەکاریدەهێنن.

یاریدەدەرێکی پزیشک کەعیادەیەکی لە کۆڵانێکی خانەقیندا هەیە دەستووری وت "ئەو گەنجانە خۆیان نایەن بۆ لای ئێمە داوای شروب بکەن، بەڵکو منداڵ دەنێرن، یان هەر جارەو هاوڕێیەکیان دەنێرینو داوای ئەو جۆرە شروبانە دەکەن، ئێمەش نازانین پێیان دەفرۆشین".



پسپۆڕانی بواری کۆمەڵاتی ئاماژە بەوەدەکەن ئالودەبوونی گەنجان بە مادە هۆشبەرەکان پەیوەندی بە پەروەردەی خێزانییەوە هەیە.

ئاکۆ عەلی توێژەری کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانی وەکو تلیاکو حەپی سڕکەر لەلایەن گەنجانەوە بۆ نا تەندروستی پەروەردەی خێزانی بە گەڕاندەوەو وتی "هەموو چالاکیو ڕەوشتێکی باش یان خراپ کە تاکەکان بەئەنجامی دەگەیەنن لەکۆمەڵگەدا بەرئەنجامی فاکتەرو پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤەکەی تێدا دەژی".

ئاکۆ وتی خێزان منداڵ دەخەنەوەو بەرەڵای ناو کۆڵانو بازاڕو سەرشەقامەکانی دەکەنو ئیتر لێی ناپرسنەوە تا بزانن رۆژانە ئەم منداڵەیان چی دەکات؟ کەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە؟ هاوڕێیەتی کێ دەکاتو مامەڵەی رۆژانەی لەدەرەوە چۆنەو چۆن نیە".

ئاکۆ پێیوابوو ئەو کەسانەی ئەم ماددانە بەکاردەهێنن زیاتر لەتەمەنێکی هەرزەکاریدا فێری دەبن، وتی "مرۆڤ لەم تەمەنەدا دەکەوێتە نێو کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەییو عەقڵیەوەو توشی زۆرترین حاڵەکاتی شڵەژانی دەروونیو کێشەی کۆمەڵایەتیو خێزانی دەبێتو گرفتی خۆشەویستی بۆ خۆی دروست دەکات، دواجاریش بەهۆی نەبوونی ئەزمونی ژیانیەوە بەرگەی ئەو ئازارانە ناگرێتو ناشزانێت چۆن رووبەڕووی ئەو حاڵەتانە ببێتەوەو دواجار پەنا بۆ مادەی هۆشبەر دەباتو بەباشترین رێگەچارەی دەزانێت".

# ماوەی دەسگیرانی کورت بێت یان درێژ؟

## "ماوەیەکی گرنگە بۆ شارەزابوون لەیەکتری لەرووی رۆشنبیریو ئەخلاقیو هەڵسوکەوتەوە"

مەجید بیتوێنی لەسلێمانی

راژان نەوزاد تەمەن ٢١ ساڵ کەچووەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوەو ماوەی دەسگیرانیەکەی ساڵێک بووە وتی "بەبڕوای من ئەم ماوەیە کاتێکی زێڕینە ئەگەر هەریەک لە کوڕو کچەکە بیانەوێ بەشێوەیەکی باش سودی لێوەربگرن، چونکە بەبێ ترسو دڵەڕاوکێ بە باشی دەتوانن لەناخی یەکتر بگەنو لە خاڵە ناکۆکیەکانیان بگەن".

راژان ئاماژە بەوە دەدات لەماوەی دەستگیرانداریدا هەندێ یادگاری جوان دروست دەبێت کە لەپێشتر ئەم یادگاریانە دروست نەبووە، دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەدوای پرۆسەی هاوسەرگیری.



کوڕانو کچانو بیروڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی ماوەی دەستگیرانداری، هەندێکیان حەز دەکەن ماوەکەی درێژ بێت، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر شارەزای کەسایەتی یەکتربنو ژمارەیەکیشیان دەڵێن تا ماوەکەی کورت بێت باشترە، پسپۆڕانی ئایینش ئاماژە بەوە دەکەن ماوەی دەستگیرانداری دیاری نەکراوەو دەکەوێتەسەر هەردوو رەگەزەکە.

سەربەست نادر خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بەشی خوێندنی ئیسلامی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەو وەک خۆی دەڵێت ماوەی دەستگیرانیەکەی شەش مانگ بووە، وتی "لەماوەی دەستگیرانیدا زۆر سەرکەوتوبووین، چونکە لەم ماوەدا توانیمان تێگەشتنێکی بنەڕەتی دروست بکەین وەک پایەیەکو پشتگیریەک لە ئەمڕۆدا بەکاری دەهێنین، ماوەیەکی گرنگە بۆ شارەزابوون لەیەکتری لەرووی رۆشنبیریو ئەخلاقیو هەڵسوکەوتەوە".

سەربەست ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەنجان دەتوانن سوود لەم کاتە ببینن، چونکە ئەگەر خاڵە ناکۆکیەکان زیاتر بوون دەتوانن بە ئاسانی بەبێ کێشەی کۆمەڵایەتی زوو لەیەکتر جیابنەوە لەسەر ڕای هەر دوو رەگەز.

ژمارەیەکی تر پێیانوایە کە پێویست ناکات ماوەی دەستگیرانداری درێژبکرێتەوە، مەترسی دروستبوونی کێشەیان هەیە لە ماوەی دەستگیرانداریدا، بەمەترسییەکی دەبینن بۆ هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریەکەیان.

محەمەد رەسوڵ تەمەن ٢٢ساڵ خوێندکاری زانکۆی سلێمانی قۆناغی چوارەمە لەبەشی ئینگلیزی، سەبارەت بە ماوەی دەستگیرانی ئاماژە بەوە دەکات تائێستا نەچۆتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە، وتی "بە بڕوای من ماوەی دەستگیرانی نابێت بەبێ هۆ درێژ بکرێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو گرفت".

محەمەد پێیوایە کێشەکان جیاوازە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت وەک ئاسایبوونەوەی پرۆسەکە لەلایەن یەکێک لەڕەگەزەکان، یاخود کێشەکە کۆمەڵایەتیە لەڕیگەی یەکێک لە خزمانی کوڕەکە بێت یا کچەکە دێتە ناو مەسەلەکەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە.

محەمەد وتی "ئەگەر من بچمە ناو ئەم پرۆسەیەوە ماوەی دەستگیرانی درێژ ناکەمەوە هەوڵدەدەم پێشتر لە هەموو رووەکانەوە کچەکە بناسم".

ئەحمەد تۆفیق تەمەن ٣٥ ساڵ خاوەنی دوو کوڕو کچێکە، بەبڕوای ئەحمەد ئەو کوڕو کچانەی کە دەچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە هیچ پێویست ناکات ئەم ماوەیە درێژ بکەنەوە لەناو کلتوری کوردیدا کەمەو ناگونجێ.

ئەحمەد تۆفیق وتی "ئەگەر من ژن بۆ کوڕەکەم بهێنم یاخود کچەکەم بدەم بەشو ئەوا بەهیچ شێوەیەک نابێ ماوەی دەستگیرانیەکانیان درێژ بێت دەبێ لەماوەی دوو هەفتەدا مارەبڕینو ئاهەنگی گواستنەوە تەواوبێت". هەرچەندە لەڕووی ئایینیەوە سنور بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کوڕوکچ دانراوە، بەڵام مامۆستایانی ئایینیو پسپۆڕانی ئایینی دەڵێن ماوەی دەستگیرانداری درێژ بێت باشترە، بەڵام لەسنورە کۆمەڵایەتیەکە تێنەپەڕێت.

مامۆستا محەمەد بەشی خوێندنی ئیسلامی زانکۆی سلێمانی، وتی "بەبڕوای من ماوەی دەستگیرانی درێژبێت باشە، بەڵام لە ئەمڕۆدا بەهۆی ئەو ئازادیە تەواوەی کە هەیە کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەکە دەبێت، وا باشترە پێش مارەبڕینەکە لەڕوی چەند خاڵێکەوە کوڕو کچەکە شارەزای یەکتربن، بەڵام لەسنوری ئاین دەرنەچێت".

مامۆستا محەمەد ئاماژە بەوە دەکات لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە بە کارێکی خراپ دانانرێت، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لایەنی خراپەی زۆرتری هەیە لەلایەنی باشە.

م. مادح شێخ خالید موفتی ئیمامو خەتیبی مزگەوتی عومەر کوڕی خەتاب لە سلێمانی سەبارەت بە کورتو درێژی ماوەی دەستگیرانی لەدوای مارە بڕینی شەرعی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە بەدەستووری وت "سەبارەت بە ماوەی کورتو درێژی دوای مارەکردن ئەوا لە ئاینی ئیسلامدا دیارینەکراوە کە چ کاتێک پێویستە بگوازرێتەوەو چ کاتێک نەگوازرێتەوە بەپێی بارودۆخی کەسەکانو کلتوری عورفی کۆمەڵگە دەگۆڕێ، لە ئەمڕۆدا کاری باش هەتا زوو بکرێت باشە، بەڵام جاری وا هەیە کێشەیەک دێتە پێشەوە پێویستە هەوڵی زۆرترین چارەسەرکردنی بۆ بدرێت.

> لەماوەی دەستگیرانیدا زۆر سەرکەوتوبووین، توانیمان تێگەشتنێکی بنەڕەتی دروستبکەین وەك پایەیەكو پشتگیریەك لە ئەمڕۆدا بەکاری دەهێنین

# دەتوانین شیاندن بۆ بیرکۆڵان ئەنجامبدەین، بیانکەینە کەسێکی بەسوود

## وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری رێکخراوی تەندروستی جیهانی

سازدانی: بێستون فەتاح

لەمانگی رابردوودا وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەپرۆژەیەکی هاوبەشیاندا دەربارەی تەندروستی دەروونی لەکۆتایی پرۆژەکەدا بابەتێکیان لەسەر نەخۆشی "بیرکۆڵی"و چۆنێتی هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی بەم نەخۆشیەوە دەناڵێنن خستەڕوو.

لەو بابەتەدا ئەوە خراوەتەڕوو کەچۆن بیرکۆڵی وەک نەخۆشییەک تەماشا بکرێت لەناو کۆمەڵگادا تانەو تەشەریان لێنەدرێت.

### مەبەست چیە لە بیرکۆڵی؟

بیرکۆڵی بریتیە لە وەستانی گەشەی ئەقلو هزر، کەئەمەش لە نەبوون یان لاوازی توانستە ئەقلیو هزریەکانو نەبوونی توانای ناسینەوەو لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو گەشەنەکردنی زمانی قسەکردندا خۆی دەنوێنێت، هەندێکجار بە پەککەوتەیی عەقڵ ئاماژەی پێدەکرێت کەلەوانەیە رووبدات بەبێ بوونی هیچ تێکچونێکی جەستەیی یان دەروونی دیکە، بەمانایەکی دی دەشێت کەسانی بیرکۆڵ لەرووی جەستەیی‌و دەروونیەوە تەواو بێ گرفت بن هەربۆیە ناسینەوەو دەستنیشانکردنی کەسانی بیرکۆڵ پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە لە بوارە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانو توانای ئەو کەسانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا سەرەڕای کەمی عەقلو هزر کەوا لەو کەسانە دەکات تووشی گرفت بن لە خۆگونجاندن لە ژیانی ئاسایی رۆژانەیان.

### ئایا بیرکۆڵی پێوەری هەیە؟

بەپێی بیرکۆڵی پێوەری زیرەکی دەکرێت بە چوار بەشەوە:

یەکەم: بیرکۆڵی سووک کە پێوەری زیرەکیەکەی لەنیوان ٥٠-٧٠ پلەدایە.

دووەم: بیرکۆڵی مامناوەند کە پێوەری زیرەکیەکەی لە نێوان ٣٥-٤٩ پلەدایە.

سێیەم: بیرکۆڵی توند کە پێوەری زیرەکیەکەی لە نێوان ٢٠-٣٤ پلەدایە.

چوارەم: بیرکۆڵی زۆر توند کەپێوەری زیرەکیەکەی لە خوار ٢٠ پلەدایە.

ئەم ریژانەش لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کەئایا کەسی بیرکۆڵ تا چەند دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێ لەناو کۆمەڵدا.

### چی دەبیتە هۆی بیرکۆڵی؟

هەر هۆکارێک رێگە لە گەشەسەندنی ئاسایی مێشک بگرێت بۆ نمونە لەکاتی دووگیانیدا یان لەکاتی منداڵبوندا یان بەهۆی هەوکردنی مێشکی منداڵەکەوە، جگە لەمانەش هۆکاری ئۆرگانی دیکەش هەیە بۆ نمونە کەمی یۆد لەلەشدا یاخود نەخۆشی پەرکەمی دریژخایەن، هەروەها هۆکارە بۆماوەییەکانیش گرنگن.



پاڵپشتی کۆمەڵ زۆر گرنگە بۆ شیاندنەوەی کەسانی بیرکۆڵ

### تایبەتمەندیە باوەکانی بیرکۆڵی چین؟

گرنگترین تایبەتمەندی ئەوەیە کە کەسی بیرکۆڵ گەشەی هزرو عەقلی بە گوێرەی تەمەنی نیە.

### بۆچی گرنگە زوو هەڵوێست وەرگرین؟

بیرکۆڵی قورساییەکی زۆر دەخاتەسەر تاکو خێزان بەتایبەتی بیرکۆڵە توندەکان ناتوانن ژیانو کاری ئاسایی رۆژانەیان بەسەر بەرن ئەمەش دەبێتە هۆی بارگرانی لەسەرخێزانو کۆمەڵ کە لەوانەیە بە دریژایی ژیانی بیرکۆڵەکە بەردەوام بێت.

### چۆن دەتوانیت هاوکاربیت؟

مەبەستی سەرەکی چارەسەرکردنو زوو ناسینەوەی کەسانی بیرکۆڵەو هاوکاریکردنیانە تا بتوانن ئەقڵیان بەگەڕبخەن لە ژیانی رۆژانەیاندا ئەویش لەرێگەی راهێنانی کرداریو فێرکردنی رەفتارو رێنمایی خێزانەوە دەبێت هەروەها دۆزینەوەی کاری شیاو بۆ بیرکۆڵان.

### ئایا منداڵی بیرکۆڵ دەتوانێت بڕواتە قوتابخانە؟

زۆربەی منداڵانی بیرکۆڵ گرفتیان هەیە لە خوێندنی قوتابخانە ئاساییەکان هەر بۆیە ئەو منداڵانە پێویستە کاتی زیاتریان بۆ تەرخان بکرێت یاخود بنێردرێنە قوتابخانەی تایبەتەوە، چونکە لەوێ دەتوانرێت گرنگی بەلایەنە کرداریەکانی وەک نانخواردنو جلگۆڕین بدرێت سەرەڕای خوێندنو تێگەیشتن لەژمارە.

بەکارهێنانی ئامرازی نوێ بۆ رێنمایی کردنی کرداریو رەفتاری رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەشەپێدانو هاندانی ئەو هەڵسوکەوتانەی کەبەدڵماننو کەمکردنەوەی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە نابەجێن، جگە لەمانەش دەتوانین بەم راهێنانە توانستە تایبەتیەکانی منداڵ بدۆزینەوەو بەگەڕی بخەین لە چالاکییە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکانی رۆژانەدا.

### خێزان دەتوانێت چی بکات بۆ چارەسەر؟

ئەندامانی خێزان دەتوانن رۆڵی گرنگ بگێرن، چونکە هەر کاتێک ئەندامان بە دروستی تیگەیشتن لە کەسی بیرکۆڵ ئەوا ئەگەری باشتربوونی بیرکۆڵی زیاترە، خێزان پێویستە تێبگەن لەو تایبەتمەندیەی نەخۆشو لەوە بگەن کە منداڵی بیرکۆڵ پێویستی بەکاتو کۆششی زیاترە تا بتوانێت فێری رەفتارە رۆتینیە کۆمەڵایەتیەکان ببێت، تێکەڵ بە ژیانی خێزانو کۆمەڵ ببێت.


### کۆمەڵ دەتوانێت چی بکات بۆ هاوکاری کەسی بیرکۆڵو خانەوادەکەی؟

بەنەنگیو کەم سەیرکردنو خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی بیرکۆڵ لە کۆمەڵدا شتیکی باوە هەربۆیە پێویستە کەسانی بیرکۆڵ وەک کەسێکی نەخۆش سەیر بکرێنو هەر بەو چاوەش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، نابێت ئازاریان بدەینو گاڵتەیان پێبکەین، چونکە پاڵپشتی کۆمەڵ زۆر گرنگە بۆ شیاندنەوەی کەسانی بیرکۆڵ.

---

# کاریگەری نەخۆشی شەکرە لە چاودا

## د. خۆر سیروان عومەر - پسپۆری نەخۆشیەکانی چاو



سازدانی: بێستون فەتاح

نەخۆشیی شەکرە یەکێکە لە نەخۆشییە باوەکان لە جیهانداو کاریگەریی بۆ سەر زۆربەی ئەندامانی لەشی مرۆڤ هەیەو یەکێک لەو ئەندامانە چاوی مرۆڤە.

لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ لەدەستدانی بینین لە نێوان تەمەنی (٢٠- ٧٠) ساڵیدا نەخۆشیی شەکرە هۆکارێکی سەرەکییەو لەدواڕۆژدا بەشێوەیەکی گشتی بە رێژەی (٩٠٪) کاریگەیی بۆ سەر بینینو چاو دەبێت.

بینین بۆ ئەو کەسەی کە تووشی نەخۆشیی شەکرە دەبێت زۆر گرنگەو پێویستی بە بینینی نوسراوی سەر دەرمان، بینینی دەرزی ئینسۆلین، خوێندنەوەی رێژەی شەکر لەخوێندا، سەیرکردنی نووسراوی سەر خۆراک بۆ زانینی رێژەی چەوریی‌و شەکرو هەمووشیان هۆکارن بۆ پاراستنی تەندروستییو لەشساغی.

### شێوازەکانی کاریگەریی شەکرە بۆ سەر چاو:

١. لە سەرەتای توشبوون بەنەخۆشیی شەکرە هیچ نیشانەیەکی تایبەت دەرناکەوێت.

٢. بەهۆی گۆڕانی رێژەی شەکر لەخوێندا بەردەوام رێژەی بینین دەگۆڕێتو دەبێتە هۆی گۆڕانی نەخۆشی چاو لە دووربینینەوە بۆ نزیکبینین یا بەپێچەوانەوەو دەبێتە هۆی گۆڕانی گلێنەی چاو، هاوێنەی چاو و گۆڕان لە بینیندا، بۆیە تووشبووانی نەخۆشی شەکرە زوو زوو چاویلکە دەگۆڕنو زۆر جار پێش دانانی چاویلکە پێویست دەکات نەخۆش کۆنترۆڵی شەکرەکەی بکاتو دووجار پشکنینی چاویلکەکەی بۆ بکرێت.

٣. لەدەستدانی بینیی سێنتەری تۆڕی چاو بەهۆی ئاوسانی سەنتەری بینینەوە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بینین.

٤. دابەزینی بینین بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو بەهۆی دروستبوونی دەماری تازەی خوێن کە دەبێتە هۆی دروستبوونی تانە لەسەر تۆڕی چاو.

٥. تێکچوونی جیاکردنەوەی رەنگەکان بە تایبەتی لە نێوان رەنگی زەردو شیندا روودەدات.

٦. کەمبوونەوەی پانتایی بینین بەهۆی لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە تۆڕی چاو، نەخۆش ناچار دەبێت بە سێنتەری چاو سەیر بکاتو بینین لە دەوروبەری سێنتەر کەم دەبێتەوە بۆیە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل بەتایبەتی لەشەودا زۆر ترسناکە.

٧. لەدەستدانی جیاکردنەوەی رووناکییو وردەکارییەکانی دەوروبەرو دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر بە قورسی نەخۆش بتوانێت دەموچاو، شێوەو چەندەها شتی تر جیابکاتەوە.

٨. شەوکوێری بەتایبەت لەو نەخۆشەی کە چارەسەری بە لەیزەر بۆ کراوە.

٩. دروستبوونی ئاوی سپی.

١٠. دروستکردنی ئاوی رەش.

### خۆپاراستن:

زوو ناسینەوەی نەخۆشیی شەکرە: ئەگەر توانرا هەر لە سەرەتاوە نەخۆشییەکە بناسرێتەوە (٩٠٪)ی کاریگەرییە خراپەکانی کەم بکرێتەوە، چونکە زۆرجار شەکرە هیچ نیشانەیەکی دەرناکەوێتو لەسەرەتای نەخۆشییەکەدا هەموو نەخۆشێک ئەگەر کێشەی چاویشی نەبێت، دەبێت ساڵی یەک جار پشکنینی چاوی بۆ بکرێتو ئەگەر بەهۆی شەکرەوە نەخۆش کێشەی چاوی هەبوو زیاتر لە جارێک پشکنینی بۆ بکرێت بەو پێیەی کە پزیشک بۆی دادەنێت.

### بۆ خۆپاراستن ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت رەچاوبکرێن:

١. کۆنترۆڵکردنی رێژەی شەکر لەخوێندا گرنگترین خاڵە.

٢. کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێنو چەوری خوێن.

٣. ژنی سکپڕ کە نەخۆشی شەکرەی هەبێت، دەبێت زیاتر سەردانی پزیشک بکات.

٤. رەچاوکردنی جۆری خواردنو دوورکەوتنەوە لە خواردنی چەوریی‌و شەکر.

٥. وەرزشکردن.

---

# ئاوەڕۆی داقوق دوو فەرمانگەی حکومی بێزاردەکات

## "نەک بۆنی ئەو ئاوەڕۆیە هەراسانی کردووین، بەڵکو مەترسیمان لە رووخانی بیناکەمان هەیە"

زانیار لە داقوق

ئاوەڕۆی نزیکەی ٦٠٠ ماڵ دوو فەرمانگەی حکومی هەراسان دەکەنو ئەگەری روخانی بینای فەرمانگەکانیان لێدەکرێت، دوای چەندین نووسراوی ئەو دوو فەرمانگەیە بەرپرسانی ئاوەڕۆی داقوق دەڵێن چارەسەرکردنی ئەو ئاوەڕۆیە لەتوانای ئێمەدا نیەو بەرزمانکردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی کەرکوک.

چەندین ساڵە بەهۆی بوونی ئاوەڕۆی ماڵەکانی نزیک سەنتەری وەرزشو لاوانو سەنتەری رۆشنبیری لەداقوق بۆن دانیشتوانی ناوچەکەو کارمەندانی ئەو فەرمانگانەی هەراسانکردوەو مەترسی ئەوەیان هەیە کە بینای فەرمانگەکەیان بڕوخێت بەهۆی کۆبوونەوەی ئاو لەژێر دیواری هەردوو فەرمانگەکە.

قاسم رەشید بەڕێوەبەری سەنتەری رۆشنبیری داقوق ئاماژەی بەوە کرد نووسراوی ئاڕاستەی ئەنجومەنی قەزای داقوق کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاوەڕۆیە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆیان چارەسەر نەکراوە.

قاسم رەشید وتی "مانەوەی ئاوەڕۆی ئەو ماڵانە بۆتە هۆی بێهێزبوونی دیواری سەنتەرەکە".

ئەو بەڕێوبەرە ئاماژەی بەوەشدا گەر ماوەیەکی دیکە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان چارەسەری ئەو ئاوەڕۆیە نەکەن، ئەوا مەترسی رووخانی بینای سەنتەرەکەی لێدەکرێت.

جاسم روبیتان بەڕێوەبەری سەنتەری وەرزشو لاوان کەمەترسی تێکدانی بینای سەنتەرەکەیان بۆ دروست بووە بەدەستووری وت "داوامان لەشارەوانیو فەرمانگەی ئاوەڕۆی داقوق کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاوەڕۆیە کە ئیستا بۆتە نیگەرانی خۆمانو وەرزشوانان". جاسم وتی "نەک بۆنی ئەو ئاوەڕۆیە هەراسانی کردووین، بەڵکو مەترسیمان لە رووخانی بیناکەمان هەیە".

محەمەد تاڵەبانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوەڕۆی داقوق بەدەستووری راگەیاند ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ ئەو مەبەستە پێدەچێت ئەو ئاوەڕۆیە هی ٥٠٠بۆ٦٠٠ماڵ بێت.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوەرۆی داقوق روونی کردەوە کە تائیستا بەرێوەبەرایەتی ئاوەرۆی کەرکوک بودجەی ئەو پرۆژانەی تەرخان نەکردووە.

محەمەد تاڵەبانی وتی "چارەسەرکردنی ئەو ئاوەڕۆیە پرۆژەیەکی گەورەیەو توانای خەرجکردنی ئەو پارەیەمان نیە، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە بەرەسمی نوسراومان ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی ئاوەرۆی کەرکوک کردووە".



www.arsivakurd.org

# کامکارەکان جیهانی بوونەتەوە

## وتووێژ لەگەڵ هوشەنگ کامکار

و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

**پێشەکی:** لەجیهانی مۆزیکدا زۆر جار بیستوومانە لەسەختترین قۆناغەکانی ژیانداو لەوپەڕی نەهامەتیو سەختیو هەروەها وەلانانی بڤەکانو کلتوری نەشیاوە کۆمەڵایەتیەکان کە ریشەی بۆ هەندێک هۆکاری تایبەتی دەگەڕێتەوە بوون، کەسانێک لەکۆمەڵگای کوردیدا کە توانیویانە خۆیان لەم هەلومەرجە دژوارە رزگاربکەنو شوێنپێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، یەک لەموزیسیەنە هەرە خۆشناو زەحمەتکێشانەی کە نەک تەنیا خۆی بار هێناوەو بەنۆبەی خۆی لەسەردەمی خۆیدا هەنگاوی شیاوی بۆ مۆزیک هەڵگرت، بگرە لەوە زیاتریش هەنگاوی ناو تەواوی سەختییەکانی بەگیان کڕیو بۆ مانەوەو پاراستنی مۆزیکی کوردیو بنەماڵەکەشی بەسنگێکی فراوانەوە هێنایە ناو جیهانی مۆزیک، ئەو ئەگەرچی وەک باوکێکی دڵسۆز بۆ هەمیشە ناوی لەناوماندا دەمێنێتەوە بەڵکوو وەک مامۆستایەکیش توانی لەرێگەی منداڵەکانییەوە دەنگی کورد لەسنوورەکان تێپەڕێنێتو ئازارو نەهامەتیو هەروەها کلتوری جوانی کوردی بەهەموان بناسێنێت، ئەوە کەسە لەخۆبوردوو ئاسۆبینە کەس نییە جگەلە مامۆستا حەسەنی کامکار، ئەو مامۆستایەی هەنووکە کوڕوکچەکانی توانیویانە سنورەکان تێپەڕێننو ببنە سەفیری گەلی کورد لەبوارە کلتوریو هونەرییەکان بەتایبەتی هونەری مۆزیک، ئەو پیاوە کەس نییە جگە لە حەسەنی کامکاری رێبەری ئۆرکێسترای سەربازی شاری ورمێو سنەو کەس نییە جگە لەو پیاوەی توانی مێژووی مۆزیکی کورد زۆر لەئاستی خۆی زیاتر بگەیەنێت بە جیهانو هەروەها کورد وەک گەلێک بناسێت کە تامەزرۆیی هونەری پرشنگداری مۆزیکە، ئاسۆبینی مامۆستا حەسەنی کامکار لەپێناو هەوڵ بۆ گەشە پێدانی مۆزیکی کوردی تەنیا لەچوارچێوەی ئێرانو کوردستاندا نەماوەتەوە بگرە ئێستا بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی لەرێگەی گرووپی بەتوانای کامکارەکانەوە کورد دەناسن، ئەم گرووپە بەکارە شیاوو داهێنەرانەکانی لەئاستی تەکنیکو ئاوازو هەروەها هەوڵ بۆ بەهێزکردنو پاراستنی مۆزیکی ناوچەیی هەروەک هوشەنگی کامکار دەڵێت جیهانی بوونەتەوە، ئەمەش وەک شانازییەک بۆ ئەم گەلە دەبێت چاولێبکرێو لەهەمانکاتدا پێویستە گەلی کورد یادی کەسانی وەک حەسەنی کامکار رێز لێبگرێتو تا ئەو جێگەی بۆی دەلوێ بەگرتنی سمینارو هەروەها خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە بەرهەمو هەوڵو کۆششەکانی ناوبراو فەرهەنگی مۆزیکیی خۆمان دەوڵەمەند بکەین، ئێستاش بۆ ئەوەی لەزمانی یەکێک لە کوڕەکانی مامۆستا حەسەنی کامکار تا رادەیەک بناسیین بەپێویستم زانی ئەم چاوپێکەوتنەی هوشەنگی کامکار لەزمانی فارسیەوە بۆ تامەزرۆیانی موزیکی کوردی وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێننەوە دەقی وەرگێڕدراوی وتووێژەکەیە.

**پرسیار:** پێشینەی پێکهێنانی گرووپی مۆسیقای کامکارەکان بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟

**کامکار:** باوکی بنەماڵەی ئێمە موزیسیەنو رێبەری ئۆرکێستری نیزام بوو وەک زۆربەی هونەرمەندانی ئەو کات بەهۆی ناڕازیی بوونی باوکی زۆر ئامێری لەدەستدابوو، بەڵام تامەزرۆیی ئەو بووەهۆی ئەوەی مۆزیک لەدەست نەدات، ئەو پاش خۆڕاگری لەبەردەم سەختیو دژوارییەکاندا توانی ئامێری ڤیۆلۆن وەک ئامێری سەرەکی خۆی هەڵبژێرێتو رێبەری چەندین ئۆرکێسترای گەورەی وەک ئۆرکێسترای گەورەی نیزام (ورمێ) بگرێتە ئەستۆو هەروەها چەندین کلاسی مۆزیکی لە شاری سنە دامەزراندوو منیش وەک یەکەمین کوڕی بنەماڵە هەر لەگەڵ ئەوەی کە گەیشتمە تەمەنێکی گونجاو بۆ ئامێرژەندن، چوومە سەر کلاسەکانی باوکمو پاش ئەوەش هەر یەک لە برایانو خوشکەکەشم هاتن بۆ فێربوونی مۆزیک لەو کلاسانە، پاش دامەزرانی ئیدارەی فەرهەنگو هونەر باوکم لەوێ دامەزراو سەرقاڵی کاربوو و گرووپەگەلێکی مۆزیکی بەتایبەتی بۆ گەورەساڵانو ژنانومنداڵان دامەزراندو لەدرێژەی ئەم رەوتە بۆ منداڵەکانی خۆی گرووپێکی پێکهێناو بەردەوام سەرقاڵی پرۆڤە بوو لەگەڵ ئێمە، جوان لەیادمە کە شەوانە لەحەوشەی ماڵی خۆماندا پرۆڤەی لەگەڵ دەکردینو دراوسێکانمان لەسەربانەکانەوە دادەنیشتن بۆ سەیری پرۆڤەی مۆزیکیی ئێمە لەگەڵ باوکماندا.







**پرسیار:** بەم وەسفانەی ئێوە، خوشکو برایانی کامکار لەزومرەی بەختەوەرترینی ئەو موزیکژەنانەن کە نەتەنیا ئامێرەکانتان لێ نەشکا، بەڵکو خاوەن باوکێکیش بوون کە ئامێری دا بەدەستانەوەو لەپاڵ ئەوەشدا هانیشیدان بۆ فێربوون؟

**کامکار:** باوکم تەواوی حەقدەستەکەی خۆی دەدا تاکو بۆ هەر یەک لەئێمە ئامێرێک دابین بکات، تەنیا ئاواتی باوکم ئەوەبوو کە گرووپێکی جێگیر لەپاش خۆی بەجێبهێڵێتو تەنیا وەسیەتێکیش کردی ئەوەبوو کە هونەری مۆزیک لەبنەماڵەکەدا بپارێزین، ئێمە بەنۆبەی خۆمان هەموو هەوڵی خۆماندا تا ئەم وەسیەتەی جێبەجێبکەینو بەخۆشیەوە ئەم هونەرە نەتەنیا لە بنەماڵەی خۆمان بەڵکو لەنێوان نەوەکانی ئەم پیاوە گەورە گەشەیکردوو ئێستاکە خەمی ئەوە دەخۆمو دەڵێم بریا لەژیاندا مابووایەو بەچاوی خۆی دەیدی کە گرووپی بنەماڵەی کامکارەکان بەبۆنەی ئەو ئامێرانەوە کە ئەو دایە دەستمان جیهانی بۆتەوە.

**پرسیار:** هۆکاری چۆنیەتی رۆشتنتان لەشاری سنەوە بۆ تارانمان بۆ باس بکەن؟

**کامکار:** لەدوای رووداوەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لەئێران ئێمە هاتین بۆتارانو پاش ئەوە بۆخوێندن لەبواری مۆزیک رۆشتم بۆ ئەمریکا، پاش ئەوەش براکانو خوشکم لەگەڵ دایکم هاتن بۆتارانو دوای هاتنی ئەمانیش سەرەتاکانی سەرەکی گرووپی شەیداو عارف پێکهات لەو سەردەمەدا محەمەد رەزا لوتفی لەگرووپی گەورەساڵانی حەسەنی کامکاردا سەرقاڵی کار بوو و لەگەڵ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خوشکەکەی ئێمەدا هاتە نێو گرووپی شەیداو لەو سەردەمە بەدواوە بوو کە چالاکی نواندن لەبواری مۆزیکمان بەشێوەیەکی زۆر جیدی گرتەبەر.

**پرسیار:** ئێوەش لەگرووپی شەیدا چالاکیتان بوو یان لەسەرەتاوە بەرپرسیاریەتییەکی بە لوتفی سپێردرا؟

**کامکار:** باوکم کاتێک هات بۆ تاران تەواوی ماڵەکەی لەشاری سنە فرۆشتبوو و پارەکەی پێشکەشی لوتفی کردبوو تاکو بەم پارەیە گرووپی شەیداو عارف بەشێوەیەکی جیدی چالاکی خۆیان دەستپێبکەنو پاش ئەوەش منو لوتفی سیستمی پێداویستیەکانمان دابینکردو لەراستیدا تەواوی ژیانی چەندین ساڵەی باوکم سەرفی ئەم گرووپە بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە دەبینین کە هیچ ناوێک لەباوکمان نابرێت، لە راستیدا کەسانێک کە لەگرووپی شەیدا ئەوکات ماونەتەوە خاڵێکی گرنگیان لەبیر بردۆتەوە کە دەبێت خۆیان بە قەرزداری باوکم بزانن، هەڵبەت ئەم ناولێبردنو یادکردنەوانە بۆ گرووپی کامکارەکان گرنگ نییە چونکە بەڕادەی پێویست گەشەیان کردووەو لەجیهاندا ناسراون.

**پرسیار:** بەم قسانەی ئێوە باوکی ئێوە کەسێکی کاریگەر بوو لەسەر مۆزیکی کوردیو فارسیش؟

**کامکار:** ئەم قسەیە چاوەڕوانییەکی بێهودە نییە، لەبەر ئەوەی مێژوو دەزانێت کە ئەو پیاوێکی شوێندار لەمۆزیکی ئێرانیو مۆزیکی فۆلکلۆری کوردی بووە، لەراستیدا شێلگیربوونو کۆڵنەدانێک کە لەکارەکانیدا هەیبوو دەتوانین وەک خاڵێکی گرنگی پێشکەوتنەکەی وەسف بکەین، یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییە بەرچاوەکانی باوکم پاراستنی کەسایەتی، نەفس بەرزیو نەفرۆشتنی هونەرەکەی خۆی بوو بەهەر نرخێک.

**پرسیار:** ئاماژەتان بەناسراوبوونی گرووپی کامکارەکان لەئاستی جیهانیدا کرد، رەمزی سەرکەوتنو مانەوەی ئەم گرووپە لەچیدا دەبینن؟

**کامکار:** یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی گرووپی کامکارەکان ئەوەیە کە هەریەک لەئێمە لەکارەکەی خۆماندا لێزانو لەبواری تەکنیکو شارەزایی ژەنیارێکی بەهێزینو لەلایەکی دیکەشەوە بەجورئەتەوە دەڵێم کە زۆربەی ژەنیارانی چالاک لە زۆربەی گرووپەکانی دیکە لەباوەشی ئەم گرووپەدا گەشەیان کردووە، لەلایەکی دیکەوە راستە کە ئەندامانی گرووپی کامکارەکان پێوەندییەکی بنەماڵەییان پێکەوە هەیەو هەروەها منداڵانی هەر یەک لەئێمە بەپێی مەجالی خۆیان هاتوونەتە نێو گرووپەکەوە، بەڵام جیا لەباسی بنەماڵەیی، من لام وایە کە ئێمە برایانی کامکارو هاوڕێ لەگەڵ خوشکەکەمان کەسانێکی تایبەتین لەبواری موحیبەتو عەشقو خۆشەویستییەک کە بەیەکتر هەمانەو ئەم پێکەوە گرێدانەش دەروونییە کە ئەویش لەباوکو دایکمانەوە بۆمان بەمیرات ماوەتەوەو حازرین لەهەموو داراییو گیانی خۆمان بۆ یەکترچاوپۆشی بکەین، بەم بۆنەوە بەبڕوای من کۆی ئەم هۆکارانەیە کە بۆتەهۆی ئەوەی مۆزیکی کامکارەکان خۆی دەربخات، هەڵبەت لەم پرۆسەیەدا رەخنەکانیش بەدڵو گیان وەردەگرینو خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە تەنیا گرووپێکین کە جیا لەپشتیوانی خوا هیچ پشتیوانێکی دیکە شک نابەین.

**پرسیار:** خوێندنی مەقامەکوردییەکان یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی گرووپی ئێوەیە لەلایەن گوێگرانتانەوە، دەکرێ بڵێین وەفاداربوونتان بەزمانی دایکی بۆتە هۆی خوێندنی میلۆدی کوردی یان لەسەرەتاوە ئامانجێکی دیکەتان هەبووە؟

**کامکار:** گرووپی کامکارەکان لەفەرهەنگی مۆزیکی کوردی داهێنانێکی کردووە کەبەجۆرێک ببێتەهۆی مانەوەی میلۆدی کوردی، بەم واتایە کە ئەم مۆزیکە بەهەموو بەهێزبوونێکەوە کە هەیبووە لەرابردوودا تەنیا لەرێوڕەسمە ناڕەسمیەکان خۆی دەرخستووە و کەسیک پارەیەکی بۆ بینینی مۆزیکی کوردی بەشێوەی کونسێرت نەداوە، بەڵام ئێمە لەسەرەتاوە لەپاڵ مۆزیکی فارسیدا بڕیارمان دا مۆزیکی کوردیش بەشێوەیەکی شیاو ئاڕاستە بکەین تا لەو شێوازە کۆنە دەریبهێنین، لەراستیدا ئەم سەرکەوتنە جیا لەزمانی دایکی زانستێک بوو کە تاک بەتاکی ئەندامانی مۆزیکی هەیان بوو لەبەرئەوەی کە لەسەرەتاوە هەوڵماندا لەو مۆزیکانەی کە لەرابردووەوە بۆمان ماوەتەوە کەڵک وەربگرینو پاش ئەوەش چەندین بەرهەممان لەسەر ئەساسی میلۆدی کوردی نوسیەوەو پێشوازییەکی زۆری لێکرا.

**پرسیار:** یەکێک لەو خاڵە گرنگانە لەبواری مۆزیکدا بەشداری شارەزایانی ناسراوی بواری مۆزیکە لەم چەند ساڵەی رابردوودا کە هەڵبەت لەپاڵ ئەمانەدا کێشەو گرفتو هەندێک قسەو لێدوانی دیکە هاتۆتە ئاراوە، بەرای ئێوە وەک بەرێوەبەری هونەری گروووپی کامکارەکان راتان سەبارەت بە پرسی گشتی هونەری مۆزیکیی چییە؟

**کامکار:** بەرای من بەشێکی گەورە لەگرفتەکانی ئاوازدانەرانو ژەنیارانو هەموو ئەو کەسانەی لەبواری مۆزیکدا چالاکی دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوە، ئامانجو ئەوەی کە چ شتێکیان لەمۆزیک دەوێت، بەڵام بەداخەوە دەبێت دووپاتی بکەمەوە کە زۆربەی هونەرمەندان بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە گەیشتوونە رادەیەکی باڵا لەمۆزیکدا لەرەوتی سەرەکی خۆیان دوورکەوتوونەتەوەو ناوەڕۆکو هەروەها بوونی ئەندێشەی نوێ لەبەرێوەبردنی بەرهەمەکانیان لەدەست داوە، لەلایەکی دیکەوە بۆ هونەرمەندان ئەو بایەخە نەماوە کە لەگەڵ چ گرووپێک کۆنسێرت دەگرێتو تەنیا ئامانجیان ئەوەیە کەساڵی دووجار ئەویش بەماوەی پێنج رۆژ و تەنیا لەبەر بواری ماڵییەکەی کۆنسێرتێک بگرنو لەبەرئەوەش کە لەبیرنەچنەوە، بۆ نموونە ساڵی پار چەندین کۆنسێرت کە هەموو هونەرمەندانی گەورە تێیدا بەشدار بوون بەرێوەچوو، بەڵام دابەزینی ئاستی کۆنسێرتەکان هێندە لەخوارەوە بووە کە زۆر دژوار بوو بتوانیت تا کۆتایی کۆنسێرتەکە لەهۆڵەکە بمێنیتەوە. لەراستیدا ئەو بەرهەمانەی لەو مامۆستایانە بیستم زۆر خوارتر بوو لەئاستی بیرکردنەوەو چاوەڕوانییەکانی خەڵک. خاڵی جێگەی داخ ئەوەیە کە هەر ئەم هونەرمەندانە لەسەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویی چەندین کۆنسێرتی سەرنجڕاکێشیان لەگەڵ میلۆدی جوانو ژەنینی تاکەکەسیو ئاوازی پڕ ناوەڕۆک پێشکەش بە لایەنگرانی مۆزیک کرد، بەڵام ئەم موزیسیەنانە ئێستا هیچ نیشانەیەکیان لەجوانیو کۆنسێرتەکانی پێشوو تێدا نابینرێو ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر ئەم هونەرمەندانە بەتایبەتی لەحەوزەی مۆزیکی سونەتیدا میراتگری شۆرەتی سەرەتاکانی دەیەی شەستی هەتاوین.

**پرسیار:** بەڵام ئەوەی لەناو خەڵکدا دەبیسترێ کە ئەم هونەرمەندانە هەر وەک هەمیشەو بە بەهێزی جارانەوە هاتوونەتەوە مەیدانو لەلایەکی دیکەشەوەو هەروەک ئاماژەتان پێدا ئەم هونەرمەندانە جۆرێک هەستی خاوەندارییەتیان لەسەر مۆزیکی ئێرانی هەیە.

**کامکار:** ئەم هەستە جەماوەرییە بەهۆی هەستێکی نۆستالێژییەوەیە کە بەنیسبەت ئەو سەردەمانەی پێشووەوە هەیە ئەگینا لەهەلومەرجی ئێستاکەدا هەر ئەم مامۆستایانە زانستێکی زیاتر لەرابردوو پێشکەشی لایەنگرانو گوێگرانیان ناکەن، هەر بەم هۆیەوە بوونی هەستێکی ئاوا خۆبەزلزانینە، لەئەورووپا کاتێک مامۆستایانی مۆزیک دەگەنە قۆناغێک کە هەستدەکەن قوتابییەکانیان لەوان لەپێشترەوەن دەکێشنە دواوەو دنیای هونەر بەهەموو ئەزموونەکانی خۆیانەوە دەسپێرنە دەستی بەرەی نوێو دەست لەچالاکیی دەکێشنەوەو ئیزنی ئەوە دەدەن هەستی رۆژانی پڕ لەشانازی چالاکییەکانیان بۆهەمیشە لەزەینی لایەنگرانیان بە زیندوویەتی بمێنێتەوە، بەڵام لەئێران شتێکی لەوجۆرە لەئارادا نییەو راستییەکەی ئەوەیە لەئێستادا ژمارەیەک کەس لە شانازییەکانی ساڵانی رابردووی خۆیان کەڵک وەردەگرنو خەڵکی بەهەندێک تاکتیکی جیاواز بەرەو هۆڵەکان دەکێشنو سی دی ییەکانی خۆیانیان پێدەفرۆشنو پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن.

**پرسیار:** چارەنوسی ئەو ژەنیارە نوێیانەی کە پێشکەوتنی خۆیان تەنیا لەپاڵ مانەوە لەلایەن مامۆستایانی کۆنەوە دەبیننەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**کامکار:** ئەم هەستە لە شکستی سەرچاوەگرتوو لە پشتیوانی نەکردن لە لاوانەوە پێکدێتو بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە پەنا دەبەنە بەر ئیعتباری ئەم مۆزیسیەنانەو ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەگەر هەلومەرجی گەشەی قۆناغی شۆڕش بۆهەریەک لەوان بڕەخسێت بەباشی دەتوانن لەم بوارەدا چالاکی بنوێنن.

**پرسیار:** گۆرانی وتن بۆ نەورۆز یەکێک لەمیراتەکۆنەکانی ئێمەیە کە ئێستاکە فەرامۆش کراوەو مۆزیک رۆڵێکی بەرچاوی تێدا دەگێڕێت، بۆ زیندووکردنەوەی ئەم سوننەتە دەبێت چی بکەین؟

**کامکار:** لەبیرمە هەندێک لە میلۆدییە کوردییەکان یەک مانگ پێش لەنەورۆز لەلایەن ژەنیارانو هونەرمەندانی ناوچەییەوە بە دەهۆڵو سوڕناو دووزەلەو دەف لێ دەدراو لەگەڵ ئەم مۆزیکیانەی کە بەزۆری لەدێهاتەکانەوە لێدەدرایەوەو هەموویان هەڵقوڵاوی دڵی سروشت بوو سەرخۆش دەبووین، بەتایبەتی لە رۆژانی چوارشەممە سووری تەواوی سەربانەکانی شاری سنە بەهۆی گڕی ئاگری چوارشەممە سوورییەوە رووناک دەبووەوەو هەندێک گەمەی تایبەتی رۆژی چوارشەممە سووریمان لەگەڵ مۆزیکێکی تایبەتی ئەو رۆژە ئەنجامدەدا، ژمارەیەک لە لاوانی گوند دەڕۆشتن بۆ کێوی ئاویەرو لەوێ رێوڕەسمی کردنەوەی ئاگریان بەڕێوەدەبرد، بەڵام بەداخەوە لەو رۆژانە تەنیا بیرەوەرییەکانی بەجێ ماوە.

> یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی گروپی کامکارەکان ئەوەیە کە هەریەك لەئێمە لەکارەکەی خۆماندا لێزانو لەبواری تەکنیکو شارەزایی ژەنیارێکی بەهێزین

> گرووپی کامکارەکان لەفەرهەنگی مۆزیکی کوردی داهێنانێکی کردووە کەبەجۆرێك ببێتەهۆی مانەوەی مێلۆدی کوردی

# بوون لە دەرەوەی مەرگەوە

## خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی مەرگو ئاواییو هەندێکیش ئەولاتر

مستەفا زاهیدی

ئەم وێنایە بێننە بەرچاو کە ئێوارە داهاتووەو کۆمەڵێک مرۆڤی نیاندرتاڵ گەڕاونەتەوە ئەشکەوتەکەیانو هەرکامەیان بەو زمانە تایبەتەیان خەریکی گێڕانەوەی ئەوەن چۆن ئاسکێکیان ڕاو کردووە، بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین لەوەتی مرۆڤەکان فامیان کردووە، خەریکی گێڕانەوەن، وەک چۆن ماریۆ بارگاس یۆسا دەڵێت دەتوانین بڵێن حیکایەت بێژیو گێڕانەوە ژیانی بەخشییوە بەمرۆڤەکانو ئێمە بێ گێڕانەوە هیچینو ئەو کاتەی هیچمان نییە بۆ گێڕانەوە، ئەو کاتەیە تووشی مەرگی هەتاهەتایی هاتووین، ئەم گێڕانەوەیە تا هاتووە گۆڕانی بە سەرداهاتووە، گۆڕانێک کە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤایەتییەوەو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چیرۆک ژیانی بەخشیوە بە مرۆڤەکانو مرۆڤەکان بێ گێڕانەوە هیچن.

ڕاستە وەک وتمان گێڕانەوەو حیکایەت بێژی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام کورتە چیرۆک ئەو بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆکە هەیە دەکرێ بگەڕێنینەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم کە ژینگەی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆک بە مانا مۆدێرنەکەی ڕۆژئاوایە، لە دەیەی ٢٠ی سەدەی بیستەمیشەوە چیرۆکنووسین لای ئێمە سەر هەڵدەداو کارەکانی جەمیل سائیبو حەسەن قزڵجیو ... بە سەرەتای چیرۆکی کوردی دەزانرێ.

چیرۆکی "مەرگی ئاواییو هەندێکی تریش" لە نووسینی ڕەنجە باوەنووری، کە لە ژمارە ١٥ی ڕۆژنامەی دەستووردا چاپو بڵاو بۆتەوە، بە سەرەتایەکی زۆر سادەوە دەست پێ دەکات، "شەبقە ئینگلیزییەکانمان کردە سەرو قولاپەکانمان هەڵدایە ئاوەکەوە، پاشان چەماینەوە سەر کتێبەکاندا لەوێوە کە جێمانهێشتووە."

ئەمە وێنایەکی کورت دەدا بە دەستەوە، لە کۆمەڵێک کەس کە لە قەراخی ڕووبارێک دانیشتوونو خەریکی ماسیگرتننو لە هەمانکاتدا هەر کامەیان خەریکی خوێندنەوەن.

وێناکە وێنایەکی سادەیە، بەڵام پرسیارێکی بچووک ڕەنگە بۆ خوێنەر بێتە پێش بۆ لە سەرەتاوە ئەم سەرەتا سادەیەوە وشەی "شەبقە ئینگلیزییەکان" بە کاربراوە، بەکارهێنانی وشەی شەبقەی ئینگلیزی، دەبێت بە جێگای مشتومڕ، مشتومڕێک کە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە دەگرێتەوە.

سەرەتا دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکە زیاتر وەک چیرۆکێکی ریالیستی دەچێت بە کۆمەڵێک توخمی ناتۆرالیستییەوە، نووسەر خەریکە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە زۆر وەک چیرۆکێکی ڕاستەقینە دەچێت، لە هەمانکاتیشدا بەو وەسفەی لە ڕووباری سیروانی دەکات، وێنایەکی ناتۆرالیستی ئەدا بەدەستەوە. "سیروان بە هێمنی دەڕۆیشت، شنەبایەک خۆی دەدات لە پێستی ئاوەکەو فێنکی دەکردینەوە،......)" ئەمە ئەو توخمە ناتۆرالیستییەیە کە لەم چیرۆکەدا هەیەو لە چەن شوێنی تریش دەردەکەوێ، بەڵام ئەم چیرۆکە لە سەر چەن تێمی تایبەت دەگەڕێ.

١- شەبقەی ئینگلیزی

٢- مەرگو کلتوری قەبرستان

وەک وترا، لە سەرەتای چیرۆکەکەدا باسلەوە کراوە، شەبقە ئینگلیزییەکانمان لەسەرکرد، دواتر ئەمە لە گەڕانەوەی گەنجەکان بۆ ناو دێ دەبێت بە مشتومڕ، کە بۆچی پێی دەڵێن شەبقەی ئینگلیزی؟ باشە خۆ وڵاتی ئینگلیزییەکان وڵاتێکی گەرم نییە، ئەی بۆ کڵاوێک کە بۆ بەرگری لە گەرماو تینی هەتاو دروستکراوە بۆ دەبێ دەستکردی ئەوان بێت؟

"ڕەنجە باوەنووری" بەهێنانە بەر باسی ئەم باسە دەیەوێ دوو شتمان پێ بڵێت، یەکەم کلتوری ئێمە کلتورێکی داهێنەرنییە، کلتوری ئێمە کلتورێکی مشەخۆرە کە تەنها بەرخۆری وڵاتانی بیانی بووینو ئێستاش هەین، کڵاو لێرەدا کۆدە، لە ڕووە ڕووکەشەکەیدا کۆدە بۆ سەرجەم ئەو ئامرازو کەرەسە بیانییانەی کە دێنە لای ئێمەو بەکاردەبرێن، بەڵام بە ڕوویەکی تردا، بۆ وتراوە کڵاو بۆ نەوتراوە پانتۆڵ، بۆ نەوتراوە پێڵاو؟

کڵاو لە باری فیزیکییەوە نزیکایەتی هەیە لەگەڵ سەر، سەریش هەڵگری مێشکو جێگای بیرکردنەوەیە، نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێت ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرخۆرو مشەخۆری دەرەوەین. کڵاو ئەم مانا فیزیکیو ئەم مانا بیرکردنەوەیەی هەیە، بەڵام بۆ وتراوە کڵاوە ئینگلیزییەکان، نەوتراوە کڵاوە فەرەنسییەکان یان چینییەکان؟ نووسەر لێرەدا ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمێکی مێژوویی ئەم وڵاتەمان، ئەو سەردەمەی کە دوای ڕووخانی عوسمانییەکان ئینگلیزییەکان دەستییان بە سەر عێراقو کوردستاندا گرتو ئەو مێژووەی بە بۆنەی ئامادەبوونی ئینگلیزییەکان لە کوردستان خوڵقا.

لە بەشێکی تر لە چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس (ڕەنجە باوەنووری) مشتومڕێکی فیکری نێوان ئەو چەن گەنجە باسلێ دەکات، ئەوەی کە هەر کامەیان خوێنەری نووسەرێکی تایبەتن، یەکیان شەیدای نووسینەکانی "ئەمێلی برۆنتە"و سێحری زمانی برۆنتەیە، ئەویتریان شەیدای نووسینەکانی بەختیار عەلیو هزری بەربڵاوی ئەوە، لێرەشدا نووسەر لە گەڵ دوان لەو بۆچوون گۆڕینەوە کە سەرەنجام هەرکامەیان ڕازی دەبن کتێبی پێشنیار کراوی ئەویتر بخوێننەوە، ئەوەمان پێ بڵێت کە لەم سەردەمەدا سەرەڕای ئەوەی شەبقەکەمان ئینگلیزییە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی ناوخۆییمان هەیە، ئەو بەمشێوەیەش هیوایەک دەخاتە گیانمانەوە، ئەم بیرکردنەوە ناوخۆییەو گرنگی ئەم بیرکردنەوە لە بەراوردکردنی نووسەرەکاندا دەردەکەوێ، نووسەرێکی کورد لەگەڵ نووسەرێکی ئینگلیزی، بۆ لەگەڵ نووسەرێکی ڕاست ئینگلیزیدا بەراوردی نووسەرێکی کورد دەکاتو دەشڵێت سیحری زمانی برۆنتەو هزری بەربڵاوی بەختیار عەلی؟ بەختیارو برۆنتە هەرکامەیان لەگەڵ ئەوەی ناون کۆدن بۆ کلتورو فەرهەنگێک، نووسەر کە لێرەشدا وەک "زانای گشت" لەم چیرۆکەدا دەوری هەیەو بگێڕەوەی چیرۆکەکەیە خوازیاری دانوستانە لەنێوان کلتوری ئێمەو ئینگیزییەکانو ئەوەیە هەرکام لەو هاوڕێیانە ڕازی دەبن کتێبی پێشنیارکراوی ئەویتر، کە "شاری مۆسیقارە سپییەکان" لە نووسینی بەختیار عەلیو "بەرزاییەکانی ویزرینگ" لە نووسینی ئەمێلی برۆنتەیە بخوێننەوە.

کلتوری مەرگو مەرگ دۆستیو باسکردن لە مەرگو کلتوری گۆڕستان یەکێکی تر لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم چیرۆکەیە. لە ڕاستییدا تێمێکی سەرەکی چیرۆکەکە ئەم مەرگ دۆستییەیەو بابەتەکانی تر بە دەوری ئەم تێمەدا دەخولێنەوە.

کە گەنجەکان بە دڵەڕاوکە دەگەنەوە ئاوایی، کوتو پڕ بە دەنگی ستۆپی سەیارەیەکی بارهەڵگر ڕادەچەڵەکن، ئەم ستۆپەش ئەوە بووە کە سەیارەکە لە کەسێکی داوە، کەسەکەش "فەرهاد"ە، چیرۆکنووس لێرەدا بە شێوەیەکی تەواو ڕیالو واقع چیرۆکی هەڵگرتنەوەی فەرهاد لەبەردەم سەیارەکە تا ناشتنی "فەرهاد" دەگێڕێتەوە، گریانو شیوەنو ڕۆڕۆی دایکی "فەرهاد" تا ناشتنی فەرهاد، نووسەر لێرەدا بەشێوەیەکی تراژیک ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەیەک کە دەتوانێت خوێنەر بەشدار بدات لەگەڵ واقعی ڕووداودا، گریانو ڕۆڕۆی خەڵکەکەش بەوە دەبینێ کە "وا دێتە بەرچاو خەڵکەکە لە بەردەم ڕووداوەکەدا خۆیان بە تاوانبار دەزانن بەو شێوەیەش سزای خۆیان دەدەن" ئەم ڕستەیە کە لە زاری هاوڕێی حیکایەتخوانەوە دێتەردەر قورسی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو.

لە شوێنێکی تر دەڵێت:".... سرووتی مەرگ باڵ بکێشێتەوە بە سەر نان، ئاو، تەنانەت پێخەفەکانیشماندا، ئاخر هەر کەسەو لێرە دڵتەنگییەک ئەوەتا لە نێو چاوانیدا..."

لێرەشدا کلتوری مەرگدۆستی بە تەواوی دەردەکەوێ، ئەو کاتەی مەرگ وەک "سرووتێک" لە هەموو شوێنی ژیانو لە تاکەکەسی ترین ساتەکاندا ئامادەیی هەیە، ئەو کاتەیە مەرگ لە هەموو شوێنی ئەم ژیانەدا ئامادەیی هەیە، نووسەر هۆکاری مەرگدۆستی، کە پشت لە ژیانکردنە بە هۆکارێکی تری بەرگرتن بەداهێنان دەزانێت لەم کۆمەڵگایەدا، کە ئەو سرووتەی مەرگ دەبینێت ڕوودەکاتە هاوڕێکەیو دەڵێت: "ئێستە دەزانی بۆ شەبقەمان دانەهێناوە؟" داهێنان پەیوەستە بەژیانەوە، کە ڕاست پێچەوانەی مەرگە، نووسەر لەم ڕێگاوە ناڕەزایەتی خۆی بەم جۆرە کلتورە دەردەبڕێو خوازیاری گۆڕانە، ئەم کلتوری مەرگو گۆڕستانەش وەها دەبینێت کە دەڵێت :" ئاواییەکەیان دەکەوێتە ئامێزی گۆڕستانەکەوە." ئەمە وێنایەکی کۆمەڵگای ئێمەیە، وێنایەک کە ئەم کۆمەڵگای گرتۆتەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین، ئەم چیرۆکە ، پەیامێکی سەرەکی هەیە بۆ وتن، ئەو پەیامەش ئەوەیە کە کلتوری مەرگدۆستیو پاراستنی مەرگو مردوو، ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتنی زانستیو فیکری ئێمەدا، ئەوەندەی بیر لە مەرگ دەکەینەوە، ئەوەندەی بیر لە پاش مەرگ دەکەینەوە، بیر لە ژیانو جوانکردنی ژیانو داهێنان-کە هەمان ژیانە- ناکەینەوە، ڕەنگە بکرێ لوتکەی ئەم پەیامەش لەم پەڕەگەرافەدا ببینین کە دەڵێت :" ئەوان هیچ کاتێ وەک خۆیان ناگەڕێنەوە، هەموو جارێکو لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا بەشێک لەخۆیان ونەدەکەن، مەرگەساتەکان دەیانبات، ئەوانیش ئاوایی لەگەڵ خۆیان دەبەن، ئاواییەک دەکەوێتە ئامێزی گۆڕستانەکەو بەیانیان کاتێ کە پرشنگی هەتاو بەر کێلە مەرمەڕەکانیا دەکەوێ، دەشکێتەوە بۆ دالآنی ماڵەکانیان."

پەیامی گشتی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە نووسەر بێزارە لەو کلتورە مەرگدۆستییەی کە بە سەر کۆمەڵگاکەیدا زاڵە، ئەو خوازیاری ئەوەیە ژیاندۆستیو بیرکردنەوە لەژیان بکەوێتە چەقی بیرکردنەوەی ئەم کۆمەڵگاوە.



ڕەنجە باوەنووری

# فێمینیزمو پۆست کۆلۆنیالیزم لە ئەدەبدا

سنید کاسلن
ئا: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

وتاری فێمینیزم هەندێ لێکچوونی لەگەڵ پۆست کۆلۆنیالیزمدا هەیە، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕای وا هەبووە کە ئەم دوو بوارە پێکەوە پەیوەندنو یەکتری تەواو دەکەن، یەکەم، هەردوو وتارەکە لە شێوە باوەکەیدا سیاسینو دژایەتیی ستەمو چەوساندنەوەو سەرکوتکردنو سیستمی دامەزراوەیی پلەبەندیی باوکسالاری دەکەن کە دەسەڵاتی سپیی نێرینەیی بەسەریدا زاڵەو زۆر بەتوندی باڵادەستیی هێزو دەسەڵاتی گریمانەکراوی نێرێتی ڕەتدەکاتەوە، کۆلۆنیالیزمیش هاوشێوەی باوکسالاری، بەر لە هەر شتێک ئایدیۆلۆژیای سەنتەریزمی توندیو ڕەقیو ئەو زاڵبونەیە کە ناوەڕۆکەکەی دەپەرستێو کۆنترۆڵیش دەکات.

بەو مانایەش ژن کە دووچاری چەوسانەوە دەهێنرێت هاوشێوەی بابەتی کۆلۆنیالکراوە کە ستەمی لێدەکرێتو دەچەوسێنرێتەوە. خۆ لە بنچینەیشدا نوێنەرانی پۆست کۆلۆنیالیزم لە دژی کۆلۆنیالیزم دەوەستنەوە بە مانا سیاسیو ئابووریەکەی، لە کاتێکدا تیۆرسینانی فێمینیزم کۆلۆنیالیزمی مۆرکو سرووشت سێکسی ڕەتدەکەنەوە، ژنان و" دانیشتوانی ڕەسەن" ناڕەوایانە بە گرووپی کەمینە دادەنرێن بەهۆی "تەماشاکردنیانەوە بەچاوی نێرانە"ی چاوچنۆکیەوە کە بە دیاردەو خەسڵەتی هەریەک لە باوکسالاریو کۆلۆینالیزم دادەنرێت، هەردوو گرووپەکە لەخەڵکی کران بەبۆتەگەلێکی ڕەقو وشک" داوێن پاک، داوێن پیسو دڕندە، دەشتەکیو هەمەجی" و ڕەتکردنەوەی ئەو سیستمەی بەو دەردەی بردوونو ناسنامەی پێداون، لێکۆڵینەوەکان لە پۆست کۆلۆنیالیزم لە ئێستادا وەڵامدانەوەیان بۆ ئەم گۆشەنیگایە هەیە، بۆیە خۆیشی دەخاتە نێو دۆزی (جێندەر)و لە خۆی دەپرسێت کە ئاخۆ ئەو سنوورە کامەیە لە ژیانی بابەتە کۆلۆنیالیەکاندا کاری تێدەکات، کە هەندێجار وا ڕێکدەکەوێت (مێینانەیە)، واتە لە سۆراخی ئەوەدایە بزانێت ئایا ستەمو سەرکوتکردنی کۆلۆنیالی یان جێندەری فاکتەرێکی بنچینەییو گرنگە لە ژیانی ژندا. من پێموایە، کۆلۆنیالیزم (خراپە)ی گەورەیە چونکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڕەشە دەبێت بۆ سەر بیروباوەڕەکانی پەیوەند بەرقبوونەوە لە ژنو باوکسالاری، لەسەر ئەو ڕاستییەی کۆلۆنیالیزم سەنتەریزمی نێرێتیو سەنتەریزمی ئەوروپایی وەبەرگرتبوو، بۆیە وەک نامۆو قەرەواش دەیڕوانیە ژنانی بیانی. ئەوەی کە سەرکوتکردنی کۆلۆنیالی لە ڕووی کۆمەڵایەتیو ئابووریەوە کاریگەریی بۆ سەر ژیانی ژن هەبێت ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، ڕەخنەگرانیش لە پۆست کۆلۆنیالیزم، لە سەروبەندی قسەکردنیان لە ڕەتاندنەکان (استغلال)نی کۆلۆنیالیزم، ناچارکران بە وەبەرگرتنی دەرککردنێکی تەواو بەو ڕۆڵانەی جێندەر دەیانبینێت، لە هەمانکاتیشدا فێمینیزم لە ئێستادا لەلایەن هاوشێوە پۆست کۆلۆنیالیزمەکانەوە بە باشی دەرک پێکراوە.

دەقی ئەدەبیی زۆر گرنگ هەن کە لە گۆشەنیگای فێمینیستیو پۆست کۆلۆنیالیزمەوە نووسراونو لە زۆر باردا ئەم دەقانە هەڵگری بیروڕای هاوشێوەن لە بارەی تاکگەرێتیو جیاوازی لە بابەت، سەرباری قبوڵکردنی ستراتیژگەلێکی هاوبەش بۆ لە دژ وەستانی هێزی دەرەکیی ستەمکار، بۆ نموونە"بێل ئاشکرۆفت" لە چەمکە سەرەکیەکانیدا لە لێکۆڵینەوە پۆست کۆلۆنیالیەکانا هاوشێوەی" لێکۆڵینەوەکانە لە جەستە" لە فێمینیزمدا لە" شوێنی نووسین"دا لە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمدا، ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێت کە فەزای کۆلۆنیالکراو لە وتاری فێمینیزمدا جەستەی لاوازی مێیە، بەوەیش سرووشتی بەپیتی بەرهەمهێنەری هەریەک لە جەستەو شوێن ڕەنگدانەوەیان دەبێت، کە لە یەک کاتدا توانای بەرهەمهێنانی ئەوەی وەدەست هاتووەو تێکشکانیشی دەبێت، هەردووکیشیان توانای دڵڕەقیو توندوتیژی نواندنیان دەبێت، وەک لە ڕۆمانی"بیلۆفد" (مەحبوبە) ی (تۆنی مۆریسۆن)دا هاتووە، لەوێدا کە" سسە" ی کچە کۆیلەی پێشوو ناچار دەکرێت بە کوشتنی کچەکەی، بۆ ڕزگارکردنی لە سکاندەڵ (فەزایح)ە بێشومارەکانی کۆلۆنیالیزم.

یەکێک لەو دەقانەی ڕاشکاوانە ئیش لەسەر (دوو جار کۆلۆنیالکردن double colonization)ی ژن دەکات لە لایەن پیاوانی هاوشێوەو کۆلۆنیالیزمی هەژمووندارەوە، شانۆیی (هەوری نۆ) ی (کاریل چەرچل)ە، کە بۆ خۆی لە بنچینەدا ڕەخنەیەکی بەردەوامە لە ڕۆڵە خێزانیو سێکسیەکان لە کۆمەڵی (لێرەدا کۆمەڵ بە مانای مجتمع هاتووە چونکە زۆر نووسەرو ڕۆشنبیر پێیانوایە کۆمەڵگە مانای مجمع دەگەیەنێت نەک مجتمع/ وەرگێڕ) کۆلۆنیالیزمی ڤیکتۆری، کە بەشێوەیەکی کۆمێدی سوود لە پۆشینی جلوبەرگی ڕەگەزی بەرانبەرو جووت ڕۆڵ بینین دەبینێت بۆ گەڕان بە دوای پەیوەندیی نێوان چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی کۆلۆنیالیو سێکسی لە سەرانسەری مێژوودا، لە ڕێی کاراکتەری"بیتی" یەوە کە هاوسەری"کلیف"ی بەڕێوەبەرێکی ڕەگەزپەرستو سێکس بازی کۆلۆنیالێکە، کاریل چەرچلی نووسەر ڕەخنە لە ڕۆڵی پاشکۆیەتیو تەقلیدیی ژنان دەگرێت بە درێژایی مێژوو، ناچاریشمان دەکات جیاوازی بکەین لەوەی ناسنامەی مێ لە میانەی کلتورو مێژووەوە دروستکراوە.

"جۆشوا"ی خزمەتکاری ڕەش پێست ئەوکەسەیە کە کۆلۆنیالیزمەکان دەیانەوێت، بۆیە کەسێکی سپی پێست ڕۆڵی ئەوی بینیوە، هەروەک باوکسالارییش "بیتی" هێناوەتە بوون، وەک چۆن پێشکەوتنی کۆلۆنیالیزمیش "جۆشوا" هێناوەتە بوون، بۆیە "بیتی" لە نرخاندنی خۆیدا وەک ژن شکست دەهێنێتو"جۆشوایش" وەک پیاوێکی ڕەش پێست، بۆیە دوو کەسی سپی پێست جێی هەردووکیان دەگرنەوە، نا ئامادەیی دیارو ڕوونی مێینەو هاوڵاتیی ڕەسەن ڕۆشنایی دەخاتە سەر ململانێی بەردەوام بۆ پاراستنی تاکگەرێتی دژی بێگانەکانو دەریشدەکەوێت چۆن وێنەو بۆتە (قاڵب) ئامادەکان دەکرێت هێزی مرۆڤ چەوسێنەریان بێتە بەر، ئەوەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن کۆلۆنیالیزم دەیەوێت لەڕێی گورزە دڕندانەکانیو سەرکۆنەکردنی ژنانو سەرکوتکردنی ئازادیە سێکسیەکانەوە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات.

دەقی هاوشێوە زۆرە لە ئەدەبی خۆرئاواییدا، کە جەخت لەوە دەکەنەوە ژن لە بازنەی کۆلۆنیالیزمدا دووجار سەرکوت دەکرێت، جارێک وەک تاک یان هاوڵاتیی ڕەسەن لە چوارچێوەی وڵاتی کۆلۆنیالکراو و جارێکیش وەک "ژن".

سەرچاوە/ ڕۆژنامەی (الزمان) پاشکۆی (الف یاء).



سیمۆن دووبۆڤار

# پراگماتیکیە ئەمریکییەکان

## مەعریفە وەک شێوازێک لەکردەی پراکتیکی

برایان ماگی


**زانین ئەو شتەیە کە ئەنجامی دەدەین‌و لەحاڵەتی پراکتیزەکردندا چاکتر لێیتێدەگەین، پرسیار دەربارەی ناوەڕۆکو هەقیقەت هەر لەم روانگەیەوە چاکتر روونەبێتەوە.**


لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک وڵاتێک خۆی راگەیاند، بووە هۆی تەکانێکی بەهێز بۆ گەشەدان بەکلتورو روناکبیریی تایبەت بەئەمریکاییەکان، بەڵام بۆ گەشەکردن‌و سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەمریکایی نزیکەی سەد ساڵێتری پێچوو، ئینجا توانی سەرنجی جیهان بۆلای خۆی رابکێشێت‌و دواتر لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەنستیتوی هارڤارد بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفەیی هاتەکایەوە، کە بەلای زۆر لەشارەزا لێهاتووەکانەوە بەچاکترین ئەنستیتوی جیهان دادەنرا، لەم کاتەوە سێ فەیلەسوفی ئەمریکایی وەک فەیلەسوفی کلاسیکی ناویان پەیداکردو وەک "پراگماتیکییە ئەمریکاییەکان" ناوبانگیان بڵاوبۆوە. لەهەموویان بەناوبانگتر ئەم سێ کەسایەتییە بوون: چارلس ساندیرس پیرس Charles Sanders) Peirce)و ویلیەم جەیمس (William James)، کە نووسینەکانی روون‌و خوێندنەوەیان ئاسان بوو، لەگەڵ جون دیوی (John Dewey) کە خاوەن کاریگەرێتی زۆر بووە.

### زانین کردەیە

بەپێی ئینسکلوپیدیای بەریتانی، ئەوا چ.س. پیرس (١٨٣٩-١٩١٤) ئێستا وا ناسراوە کە رەسەنترین‌و هەمەلایەنترین بەهرەمەندبووە کە تائێستا ئەمریکا بەخۆیەوەدیبێت، باوکی پرۆفیسۆری ماتماتیک بووە لەزانکۆی هارڤاردو لەکاتی خۆیدا پێشەنگی ماتماتیکزانەکانی ئەمریکابووە، چ.س. پیرس بڕوانامەی زانکۆی لەماتماتیکو زانستە سروشتییەکاندا بەدەستهێناوەو ماوەیەکی درێژ بەکاری زانستی بژێوی خۆی دەستەبەرکردوە، لەکاتی بێکاریدا خۆی بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفییەوە خەریک دەکرد، ئەمە تا تەمەنی ٤٨ ساڵی، ئیتر لەوکاتە بەدواوە بەتەواوی خۆی تەرخانکرد بۆ فەلسەفە، هەرگیز خۆی کتێبی بەچاپنەگەیاندووە، هەرچی ئەم نووسیویەتی دوای خۆی بڵاوکراونەتەوە، کۆی نووسینەکانی بەناوی (Collected Papers) لەهەشت بەرگدا چاپکراون.

بیروڕای سەرەکی پیرس ئەوەیە کە مەعریفە چالاکییە، ئێمە رادەکێشرێین بۆ پرسیارکردن، بۆ زانین، بەهۆی پێویستییەکەوە یان کەموکوڕییەکەوە یان بەهۆی گومانەوە، ئەوە وامان لێدەکات حاڵەتە پرکێشەکەمان دیاری بکەین، تا هەوڵبدەین بۆ بینینی هەڵە یان کەموکوڕییەکان‌و بۆ ئەوەی بەشێوەیەک لەشێوەکان لایەنە راستەکە بگرین، ئەم مۆدیلە بۆ ئەو بارەش دەبێت کە کێشەکەمان بەتەواوی تیۆرییە، هەروەها لەژیانی رۆژانەدا بەکاردێت‌و لەبواری زانستیشدا، بەپلەی یەکەم زیرەکی بەکاردەهێنرێت بۆ تەخمین کردن‌و دەستنیشانکردن‌و ئامانجیش گەیشتنە بەتێگەیشتن، مەعریفە لەروونکردنەوە راستەکان پێکدێت، یەکەم لێکۆڵینەوەی گرنگی


ویلیام جەیمس


جۆن دیوی

پیرس بریتی بووە لەلێکۆڵینەوەیەک بەناوی چۆن بتوانین بیرۆکەکانمان روونبکەینەوە (How to make our Ideas Clear) لێرەدا باسی ئەوەی کردووە، ئێمە بۆ تێگەیشتن لەچەمکێک پێویستە پرسیار لەخۆمان بکەین ئایا جێبەجێکردنی ئەم چەمکە چ جیاوازییەکی هەیە بۆ دیاریکردنی حاڵەتی کێشەکەمان یان چ جیاوازییەک دەبەخشێت بەو پێشنیازەی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە، ئەم جیاوازی دیاریکردنە مانا بەو چەمکە دەبەخشێت، هەر چەمکێک لەجێبەجێکردندا جیاوازییەکی ئاشکرامان پێنەبەخشێت ئەوا ئەو چەمکە هیچ ناوەڕۆکو واتایەکی جێگیری نییە، ئەم چەمکی (پراگماتیزم)ی هێنایە پێشەوە، پیرس خۆی زۆر خەریک کرد بۆ ئەوەی لەم رووەوە بەکاری بهێنێت، وەک میتۆدێک بۆ تێگەیشتن لەچەمکەکان، واتە وەک تیۆری مانا دۆزینەوە.

### بیری هەڵەبەخش

هەندێک رەسەنایەتی لەم بیرۆکانەدا هەن، ئەم بیرۆکانە ئەو تێڕوانینە بۆ زانین رەتدەکەنەوە کە ماوەی پتر لەدووسەدەو نیوبوو پەسەند کرابوون، واتە روانین بۆ زانست وەک حەقیقەتێکی سەربەخۆ،بێ ئەوەی پێبزانن چیان کردووە، پیاوانی زانست، ئەوەیان پەسەندکردووە وەک تەماشاکەربن بەرامبەر بە زانست، هەروەک بڵێیت بەجۆرێک لەجۆرەکان مرۆڤ لەدەرەوەی جیهانەوە سەیری جیهانی کردبێت‌و لەحەشارگەوە سەیری مەعریفەی کردبێت، پیرس گوتویەتی ئێمە وانین، ئێمە وەک بەشداربوو مەعریفە بەدەست دەهێنین، نەک وەک تەماشاکەر، ئێمە بەشێکین لەجیهان، ئێمە لەناوجەرگەی هەموو شتەکاندا دەژین، بەپلەی یەکەمیش لەپێناوی ژیان‌و مانەوەدایە بێووچان بەدوای زانیاری زیاتردا دەگەڕێین سەبارەت بەجیهان دەمانەوێت لێیتێبگەین، ئێمە خاوەن بەرژەوەندین، مەعریفە ئامرازێکە بۆ ژیان‌و مانەوە، رەنگە گرنگترین ئامرازمان بێت، ئێمە سوودی لێوەردەگرین‌و بەکاری دەهێنین، لەبەرئەوەی چاکترین لایەنی بریتییە لەتوانای روونکردنەوە، ئێمە باوەڕی پێدەهێنین هەروەک باوەڕ بەهەموو جۆرە روونکردنەوەیەک دەکەین، ئەوەش تەنیا تا ئەوکاتەی بەکەڵکو کارایە، تا ئەوکاتەی ئەنجامی گونجاوی هەیە، گەر لەگەڵیدا رووبەڕووی تەنگژەو سەختی بووین ئەوا دەکەوینە هەوڵدان بۆ چاککردن‌و تەنانەت بۆ گۆڕینیشی. کەواتە زانیارییە زانستییەکانمان کۆمەڵە شتێکی دڵنیانین کە ئێمە هەمانبێت، بەڵکو کۆمەڵێ رونکردنەوەن‌و گەشەکردنە زانستییەکانیشمان بریتییە لەخستنەسەری کۆمەڵێ شتیتر کە لێیان دڵنیایین بۆ سەر ئەو کۆمەڵەی کە هەمانەو لێیدڵنیاین، بەڵکو ئەو روونکردنەوانەی هەمانە دەیانگۆڕین بە روونکردنەوەی باشتر.

کەمێک پێشتر، لەسەدەی نۆزدەهەمدا، فەیلەسوفێکی تری کامبرج لەئینگلتەرا بەناوی ویلیام ڤهیویل (William Whewell) بەشێک لەم بیرۆکانەی هەبووە، بەڵام پیرس زیاتر گەشەی پێداون، لەم روانگەیەوە تێڕوانینێک بۆ زانیاری‌و مەعریفە پەرەیسەندووە کە وردە وردە جێگەی تێڕوانینی سەردەمی سەدەی نۆزدەی گرتۆتەوە، لەسەدەی نۆزدەهەمدا، خەڵکی وەک شتێکی نەگۆڕو دڵنیا سەیری زانستیان دەکرد، وەک مەعریفەی بێ هەڵەو هەمیشە جێمتمانەبوو، بەلایانەوە نەدەکرا بەشتێک بگوترێت زانیاری‌و لەهەمانکاتدا قابیلی راستکردنەوە بوایە، بەڵام لەماوەی ساڵانی سەدەی بیستەمدا خەڵکی هاتنە سەر ئەو بڕوایەی هیچ زانیارییەکمان ناتوانێت بەشێوەیەکی رەها جێمتمانەبێت، تەنانەت زانستەکانی خۆشمان، هەموو قابیلی ئەوەن هەڵەبن‌و لەڕووی پرەنسیپەوە ناکرێت بەتەواوی بسەلمێنرێن‌و هەروەها قابیلی گۆڕینیشن، مێژووی زانستەکان ئەوەندە بەئاشکرایی ئەمە دەسەلمێنێت کە زۆر سەیرە لەوەوپێش کەس بیری بۆ ئەم لایەنە نەچووە، بۆ بەراوردکردن بەشێک لەوەی کە لەماوەیەکی دیاریکراودا بەزانیاری لەقەڵەمدراوە، نەوەکانی دواتر هەر باسی لێوەناکەن، تەواویش دڵنیاین کە زانیاری سەردەمی ئێمەش لەو حاڵەتە بەدەرنابێت.

خاڵێکی تری گشتی دەربارەی شێوازی بیرکردنەوە لەسەدەی بیستەمدا، کە جێگە پەنجەی پیرسی پێوە دیارە، هەڵوێستی بوونگەرایی خەڵکییە بەرامبەر زانیارییەکانیان، ئەوەی کە مرۆڤ لەدەرەوەی جیهان نییەو لەدەرەوە سەرنجی لێنادات، بەڵکو خۆی بەشێکە لەجیهان‌و تیایدا هاوبەشە، بۆیە دەبێت ئەو مەعریفەیەی هەیەتی‌و شێوەی تێگەیشتنی بۆ جیهان دابینکەری پێویستییە زەرووری‌و هەنوکەییەکانی مرۆڤ بن، ئەم جۆرە بۆچوونە دواتر بوو بەخاڵی هاوبەشی چەندین رەوتی فیکری کە خۆیان بەدژی یەکتر دەزانی، بۆ نموونە هایدگەرو ئەو شێوازەی بوونگەرایی کە لەمەوە داکەوت، ڤیتگینشتاین‌و ئەو قوتابخانە شیکارییەی لەسەر دارو پەردووی فەلسەفەکەی ئەم دروستکرا، هەروەها ئەپستمۆلوجی گەشەکردن کە بەهۆی کارەکانی کارل پۆپەرەوە هاتۆتە کایەوە.

### نووسینی سادەو رەوان

پیرس بەبێدەنگی‌و بێخۆدەرخستن ژیاوەو کاریکردووە، تەنیا چەند هاوڕێ‌و پسپۆڕێکی کەم بەرهەمەکانیان خوێندۆتەوە. یەکێک لەوانەی تا کۆتایی ژیانی هاوڕێی بووە ویلیەم جەیمس (William James) بووە، کە پراگماتیزمی ئەمریکایی بەهەموو جیهان ناساند، جەیمس بڕوانامەی لەدەرمانسازیدا لەهارڤارد بەدەستهێناو هەر لەوێ وانەی ئەناتۆمی (زانستی توێکاری جەستە)و فیزیولوجی دەگوتەوە، بەڵام دواتر بوو بە پرۆفیسۆر لەفەلسەفەدا پاش ئەوەش پلەی پرۆفیسۆری لەسایکۆلۆژیدا وەرگرت، ئەم خاوەن ستایلێکی زۆر روون‌و سادەو ئاسان بوو لەنووسیندا، هەر تەواو جیاواز لەشێوازی نووسینی برا بچوکەکەی، واتە هینری جەیمس (Henry James)ی رۆماننووس، کاتێک هینری بەوە ناوی دەرکردبوو کە نووسینەکانی چڕ‌و زەحمەتن بۆ تێگەیشتن ئەوا نووسینەکانی ویلیام لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕواتاو خاوەن ستڕکتووری دەوڵەمەند بوون، بەڵام سادەو بێگرێ‌و گۆڵ بوون، گەر تەنیا لەڕوانگەی ستایلی نووسینەوە سەیریان بکرێت دەبوایە هینری فەیلەسوف بوایەو ویلیام رۆماننووس، کتێبەکانی ویلیام، لەسەردەمی ژیانی خۆیدا، لەسەر ئاستی جیهان خوێنەریان هەبوو تا ئێستاش بەردەوام دەخوێنرێنەوە، گەر ئەمڕۆ لەناو فەیلەسوفاندا ناوی جەیمس بهێنرێت هەمووان دەزانن مەبەست لە (ویلیام جەیمس)ە گەر هەمان ناو لەنێو نووسەران‌و ئەدیباندا بهێنرێت هەمووان دەزانن مەبەست لە (هینری جەیمس)ە بەناوبانگترین کتێبی ویلیام بریتییە لە (The Principles of Psychology ساڵی ١٨٩٠)، (The Varieties of Religious Experience ساڵی ١٩٠٢) لەگەڵ (Pragmatism ساڵی ١٩٠٧

### تیۆرییەکی واقیعی (راستەقینە)

لەکاتێکدا پیرس پراگماتیزمی وەک تیۆری واتا ناساند، ئەوا جەیمس وەک تیۆریی واقیعی پێشکەشیکرد، جەیمس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو تیۆریانە راستن یان واقعین کە داواکارییەکانمان جێبەجێدەکەن، لەپێش هەموو شتێکەوە ئەوانەی لەگەڵ راستییە زانراوەکاندا، لەگەڵ یاسا زانستییە تاقیکراوەکان‌و بیرۆکە پەسەندکراوەکاندا دەگونجێن، هەروەها بەرگەی رەخنەدەگرن‌و رێگا نیشاندەرن‌و دەبنە هۆکار بۆ پێشبینیکردنی راستن گەر بۆچوونێک وەڵامدەرەوەی هەموو ئەم داواکارییانەبێت چ رێگرێکمان لەبەردەمدایە تا بە "راست" ناوی نەهێنین؟ لەبەدبەختی جەیمس بەشێوەیەکی گشتی بەهەڵە بۆچوونەکانی وەرگیرا، وا لەقەڵەمدرا ئەم گوتویەتی هەرچی بۆچوونێک قابیلی کار پێکردن بێت ئەوا ئەوە (راستە)، خودی چەمکی "پراگماتیزم"لەم رووەوە شانسی باش نەبوو، چونکە رێگەی بۆ بەهەڵە تێگەیشتن خۆشکردبوو، لێکدانەوەیەکی تری سادەی بیروڕاکانی جەیمس لەلایەن خەڵکییەوە، بریتی بووە لەوەی ئایا بۆچوونی جەیمس دەربارەی باوەڕی ئایینی چۆنە؟ ئایا سیستمێکی یان باوەڕێکی ئایینی دەبێت راست بێت لەبەرئەوەی ناتوانرێت رەخنەی لێبگیرێت‌و لەبەرئەوەی بۆ ژیانی رۆحی کەسێک گرنگە کە باوەڕی پێی هەیە.

ئایا دەبێت ئەویش بڕوای پێ هەبێت، ئەمە جۆرە تێگەیشتنێکە بۆ بۆچوونەکانی جەیمس کە لێکنراون بەناوی (یۆنگ)ەوە، سەرەڕای ئەمەش پێرس پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ جەیمسدا هەبووەو هیچ لێکدانەوەی وا ساکاری بۆ بیروڕاکانی جەیمس نەبووە، بەڵام راشکاوانە خۆی بەدوورگرت لەپەسەندکردنی پێناسەی جەیمس بۆ چەمکی پراگماتیزم، لەکۆتاییدا جەیمس خۆی بێزار بوو لەو ململانێ‌و چەلەحانێ بێکۆتاییەی سەبارەت بە پراگماتیزم هاتە پێشەوەو سەرئەنجام ئەم بواری پراگماتیزمی بەیەکجاری بەجێهێشت بۆ فەیلەسوفێکی گەنجتر بەناوی (جۆن دیوی)

### فێربوون لەڕێگەی کردارەوە

جۆن دیوی ١٨٥٩-١٩٥٢ لەسەرەتای کارکردنیدا، لاوێکی شەرمنی خەڵکی نیوئینگلاندی دەرچووی زانکۆی ڤیرمۆنت بوو، بەلای (دیوی)یەوە فاکتەرێکی نکۆڵیلێکەر هەیە کە ناکرێت ئەو بەرەوپێشەوە چوونە مەزنانەی لەسەدان ساڵدا لەزانیاری بەدەستهێناندا لەبواری زانستە سروشتییەکاندا ئەنجامدراون، لەگەڵ هیچ بوارێکیتری زانستی بەراورد بکرێت ،بەلای ئەمەوە، لەم زانیارییەدا دوو شت تەواو کاریگەر بوون، یەکەم بوونی متمانەی زیاترە لەمدا لەچاو زانیارییەکانمان لەبوارەکانی تردا، دووەمیش ئەوەیە کە ئەم جۆرە مەعریفەیە بەسوود ترە بۆ ئێمە، بەومانایەی ئەم توندتر کاریگەری هەیە بۆسەر ژیانمان. وەک پراگماتێک بەلای جۆن دیوییەوە هەموو جۆرێکی مەعریفە بەر لەهەموو شتێک چالاکییەکی مرۆییە، هەر لەم روانگەیەوە ئەم بە زانیارییە زانستییەکاندا چووەوەو لێیان وردبووەوە بۆ ئەوەی بزانێت داخۆ شتێکی تایبەتی تیا دەدۆزێتەوە کە بۆ مەعریفەی بوارەکانی تر بەکاربێت، ئەو گەیشتە ئەم سەرەنجامە، زانست بەتەواوی خاوەن دیسپلینە، خاوەن وردبونەوەیەکی رەخنە لەخۆگرانەو ستركتوورێکی لۆژیکییە، کە دەکرێت لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی تری توێژینەوە بگونجێنرێت، هەموو جارێک سەرەتا لەجۆرە گرفتێکی هەستپێکراوەوە دەست پێدەکەین، یەکەم هەنگاو لێرەدا بەرچاو روونییە بۆ جۆری گرفتەکە، واتە کارکردنە بۆ فۆرمولەکردنی کێشەکە، دەلوێت پرۆسەیەکی سەخت بێت، کە پێویستی بەبڕینی چەند پلەیەک هەبێت، هەنگاوی دواتر بیرکردنەوەیە لەچارەسەری شیاو بۆ کێشەکەو هەنگاوی پاش ئەوەش تاقیکردنەوەی جۆری چارەسەرەکەیە، گەر لەتاقیکردنەوەکەدا هەڵەی تر هاتەپێشەوە، پێویستمان بەدووبارە بیرلێکردنەوەیە، بەڵام گەر بەتاقیکردنەوە سەلمێنرا کێشەکە چارەسەرکراوە، دەتوانین هەنگاوی تر بەرەو پێشەوە بنێین، دیوی گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەمە هێواو ئاواتی پشت هەموو جۆرە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکە، بەلای ئەمەوە، ئەوە ئەو شێوازەیە کە بەهۆیەوە هەموو زانیاریەکانمان‌و تواناکانمان لەهەموو بوارەکاندا گەشەدەکەن، گەرچی ئاشکرایە دەبێت ئەو رێگا تایبەتییانەی دەگیرێنەبەر، ئەو شێوازی بەڵگەهێناوەو میتۆدی تاقیکردنەوەکان‌و.. هتد لەبوارێکەوە بۆ بوارێکی تر جیاوازییان هەبێت، لەبەرئەوەی رەخنەگرتن لەم سیستمەدا رۆڵێکی سەرەکی هەیە بەلای ئەمەوە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی نکوڵیلێنەکراوە، لەبەرئەوە ئەم بایەخێکی زۆری بە ئەنستیتوتەکان (ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە)و چۆنیەتی کارکردنیان دەدا، هەروەها دیموکراتیش سەرنجی ئەمی بەلای خۆیدا راکێشابوو، ئەم بەگەرمی کاری بۆ دەکردو بابەتی زۆری دەربارەی نووسیوە، ئەم پێشنیازی ئەوەی کرد کە پەروەردەو فێرکردنی منداڵان پشت بەم میتۆدی کێشە چارەسەرکردنە ببەستێت‌و بانگەشەی بۆ ئەو شێوازی فێرکردنە دەکرد کە ئەم ناوی نابوو (learning by doing) واتە فێربوون لەڕێگەی کردارەوە، چونکە بەم شێوەیە پراکتیکو واتا تیۆرییەکان پێکەوە گرێدەدرێن‌و منداڵان هاندەدات لەسەر هەردوو ئاستەکە خەیاڵی خۆیان بەکاربهێنن‌و لەوەش گرنگتر لەبەرئەوەی ئەوان بەم شێوازە توانا گشتییەکانی خۆیان لەهەموو بوارەکانی زانستدا رادەهێنن‌و تاقیدەکەنەوە، بیرۆکە پیداگۆکییەکانی، واتە ئەوانەی سەبارەت بە پەروەردەو فێرکردن بوون، لەسەر ئاستی هەموو جیهان کاریگەرییان هەبووە، ئەو کاتانەی ئەم دەستیکرد بە نووسین دەربارەی شێوازی وانەگوتنەوە، لەهەموو جیهاندا ئەو باوەڕە زاڵ بوو کە دەکرێت بە دیسپلینی توند ئەو منداڵانەی حەز بەخوێندن‌و فێربوون ناکەن بەزۆرو دژ بەویستی خۆیان فێربکرێن، ئەم میتۆدانەی دیوی پێشنیازی کردبوون بۆ خستنەگەڕی وزەی سروشتی منداڵان لەپرۆسەی فێربووندا کاریگەری لەڕادەبەدەریان هەبوو، ئەم یەکێک بووە لەنوێنەرە هەرە مەزنەکانی تیۆری پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن، تەنانەت رەنگە هەرە مەزنترین نوێنەربێت.

**و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید**

> **هەر چەمکێک لەجێبەجێکردندا جیاوازییەکی ئاشکرامان پێنەبەخشێت، ئەوا ئەو چەمکە هیچ ناوەڕۆک و واتایەکی جێگیری نییە**


سەلمان نادر

بەشی یەکەم

# بنەماکانی ریفۆرمی ئایینی


موتەهەری


سرووش


مەلەکیان

چەمکی ریفۆرمی ئایینی ئەگەر زادەی فیکری ئاینی رۆژئاوا بێت، ئەوا ریشەی لە ناو فیکری ئیسلامیدا دەبینرێت، دەکرێت ئەو ریشانەی ریفۆرم ئەگەر تا هەنوکە دەرفەتی گەشەکردنیان بۆ لەبار نەبوبێت ئەو دەرفەتەیان بۆ برەخسێنرێتو گەشەیان پێبدرێت، ئەوەش وەک پێشەکیەک نا بۆ دەرئەنجامێکی دیاریکراو یا وەک ئایدۆلۆژیایەک، بەڵکو وەک مەعریفەی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا نەک ئیدعاکردنی ئەو حەقیقەتە. ئەو ریفۆرمەش سەرەتا دەکرێت لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە بگرێت کە ئاین بکرێتەوە بە ئاینو لە هەرچی خورافەو زیادەو تەفسیرێک هەیە پاک بکرێتەوەو دووبارە هەوڵی تەفسیرکردنەوەی بدرێت، ئەو تەفسیرەش بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە دواتر لە سەردەمانی تردا دووبارە دەکەوێتەوە بەر رەخنەوەو دووبارە گەڕانەوە بۆ دەقەکان بەشێوازی جیاترو بە ئەزموونی گەورەترەوە ، ئەمەش بە مانای سفر کردنەوەی ئەزمونی شارستانیەتێک نا، بەڵکو بە مانای قبوڵکردنی ئەو شارستانیەتەو هەموو ئەزموونەکانی وەک ئەزموون نەک وەک حەقیقەت، ئەو ریفۆرمەش جارێکی دی دەقە بنەڕەتیەکانی ئاین دەکاتەوە بە سەنتەرو لێیانەوە دنیا بینی ئاینی دا دەڕێژێتەوە، لێرەوە روانگەی ئاینی بەرهەمهێنی تیۆری مرۆیی موتوربە کراوو بە ئاین دروستدەکات، پاڵنەری بەرهەمهێنانی بیری مرۆیی دەبێ بۆ ئەوەی مەنهەجیەتی مامەڵەکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ ریفۆمدا روون بێت، دەمەوێت وەک پێش گریمانەیەک ئەوە بخەمە روو.

ریفۆرم لە مەعریفەی ئاینیدا دەکرێت، چونکە ئایین لێرەدا وەک چەمکی ئایینی ناو زانستە مرۆییەکان بەکارهێنراوە ئەوەش بۆخۆی فاکتو واقعیەتی لە پشتەوەیە کە دواتر هەوڵدەدەین روونی بکەینەوە، ئاین کورت بوونەوەی ئایینە لە دەقە پیرۆزەکاندا نەک تەفسیرو مەعریفەی ئایینی.

هەر لەسەرەتاشەوە پێمباشە لەو روانگەیەوە کار لەسەر مەعریفەی ئاینی بکەین کە بەهۆیەوە دەتوانین بەدوای حەقیقەتی ئایندا بگەڕێین، کە هەر ئەوەش ئەوەمان بیر دەخاتەوە تا هەنوکەو لەجەوهەری ئاییندا و لەناو قوڵایی ئاییندا حەقیقەتی کەشف نەکراو هەن نەک وەک ئەوەی هەندێک کەس ئیدعای دەکەن لەسەردەمی زانایانی پێشیندا هەموو حەقیقەتەکانی ئایین کەشف کراون، ئێمە تەنها شوێنکەوتنمان لەسەرە، تەنها لە بەرئەنجامی رەخنەگرتنو بەهۆی کرداری خوێندنەوەی بەردەوامەوە بۆ خوێندنەوە جیاوازەکانی ئایین دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێت خوێندنەوەی ماقوڵ بە کۆمەڵگاو تەبا لەگەڵ پرەنسیپەکانی ژیانی سەردەمانەوەو هاوڕا لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ هاوتەریبی ئەزموونی مرۆڤایەتیو رێساو پێشگریمانەکانی جیهانی نوێ پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەین، ئالێرەشەوە دەکرێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە هەموو خوێندنەوەکان پێویستە بخرێنە بەردەم پرۆسیسی رەخنەلێگرتنو هیچ هەڵاواردنێک لەو بنەما گشتیەدا بۆ هیچ خوێندنەوەیەک نیە.

ئەمەش بە مانای پەرشو بڵاوکردنو بێسەرو بەری نیە بەڵکو لەو سۆنگەیەوەیە کە فرە خوێندنەوەیی حاڵەتێکی نورماڵو ئاساییەو تاک خوێندنەوەی دەقی ئاینی نائاساییە، هەربۆیە ئەرکی سەرەکی ئێمە رەخنەگرتنە لە هەموو خوێندنەوەکان تاوەکو بتوانین دەستمان بە حەقیقەتی ناو ئاین بگات.

ئالێرەشەوە ئاین نەگۆڕە ئەو پۆلێن کردنەش کە باسی لێوە دەکرێت لە فیکری ئیسلامیدا بۆ نەگۆڕو گۆڕاو (الثوابت و المتغيرات) لە چوارچێوەی مەعریفەی ئاینیدا باسی لێوە کراوە کە بۆخۆی لە حاڵی گۆڕانو بەرەو کەماڵ چوندایە، تێکڕای مەعریفەکەش لە گۆڕاندایە کەواتە خودی ئەو پۆلێن کردنەش مەحکوم دەبێت بە گۆڕانو بەرەو کەماڵ چوون، ئەو بەرەو کەماڵ چوونو گۆڕانکاریەش کە هەیە بەهۆی گوزەری بەرەو کەماڵ چوونی کۆی زانستەوەیە کە مەعریفەی ئاینیش بەشێکە لە زانست، نەک لە دەرەوەی زانستەوە بێت. هەر گۆڕانکاریەکیش لە زانستدا یا بەرەو پێشچوونی لقێکی زانست کاریگەری بەسەر لقەکانی دی زانستەوە هەیە، هەربۆیە بەرەو پێشچوونەکانی زانست بە تایبەت زانستە مرۆییەکان کە مەعریفەی ئایینی بەکار بەرێ ئەو جۆرە زانستانەیە دەرئەنجامی گەشەی مەعریفەی ئاینی لێدەکەوێتەوە، ئێمە ناتوانین تێگەشتنمان لە قورئان بە هەمان شێوەی تێگەشتنی مرۆڤێکی سەدەی چواری کۆچی بێت بۆ نمونە ئەگەر مرۆڤێکی سەدەی چوارەمی کۆچی لە وشەی (الشمس) بەو شێوەیە گەشتبێت کە بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە ئەوا هاوولاتیەکی سەدەی پانزەی کۆچی خۆر سەنتەری زەوی گرتووە نەک زەوی سەنتەری خۆری گرتبێت، ئەم نمونەیە زۆر بەسادەیی هێنراوە تاوەکو ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کە تێکڕای تێگەشتنی مرۆڤ لە ئاین مەحکومە بە باکگراوندی مەعریفی مرۆڤەکەوە، ناکرێت تێگەشتنی مامۆستایەکی زانکۆو هاوولاتیەکی ئاسایی لە هەر دەقێک وەک یەک بێت، بەهەمان شێوەش ناکرێت تێگەشتنی مرۆڤێکی سەدەی حەوتو هەشتی زاینی جیاواز نەبێت لەگەڵ سەدەی بیستو بیستویەکی زاینیدا، ئەم بۆچوونە زۆر بەسادەیی دەتوانین تەبەنی بکەین، ئەوەش کە لایەنێک یا جۆرە خوێندنەوەیەک رەت دەکرێتەوەو بەوە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە کە لەگەڵ ئایندا ناگونجێت، جگە لە بەئاین کردنی تێگەشتنی مرۆڤەکان زیاتر نیە، دکتۆر عەبدولکەریم سروش زۆر بەڕوونی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە شەریعەت خۆی بێدەنگەو لایەنگری هیچ خوێندنەوەیەک نیە، بەڵکو ئەوە خوێندنەوەکانن دژیەکی لە نێوانیاندا دروستدەکات.

لایەنگرانی خوێندنەوەی سونەتیانەی ئاینیش ئەگەر ئەم بۆچوونە نەسەلمێنن ئەوا خۆشیان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەمان کار دەکەن، واتە لەو بوارانەدا کە خزمەتی بۆچوونی خۆیان دەکەن مەعریفەی نائاینی خۆیان بەکار دەبەن بۆ مەعریفەی ئاینی، بەلام بێ گۆڕانکاری لە مەعریفە ئاینیەکەدا وەک دەوترێت شەرابی کۆن لە پێکی تازەدا دەدەنە میوانەکانیان ئەوەی گۆڕاوە پەرداخو پەیکەکانە نەک شەرابەکە، ئەو بۆچوونەمان کەلایەنگرانی خوێندنەوەی سوننەتیانەی ئاین ئەگەر دانیش بەوەدا نەنێن گۆڕانکاری هەر بەشێکی زانست کاریگەری لەسەر کۆی بەشەکانی تری زانست هەیە ئەوا بە کردەوە لە هەندێک بواردا ئەو کارەیان کردووە، دەتوانین بەڵگەی ئەوەش بە داهێنانی زانستێکی نوێ بەناوی ئیعجازی زانستی قورئانو فەرمودەو خەرجکردنی ئەو هەموو توانایە لەو بوارەدا ئەوەمان پێدەڵێت لە ژێرکاریگەری پێشکەوتنی زانستدا جۆرێکی دی تەفسیر هاتووەتە ناو دنیای ئاینەوە کە پێش ئەو پێشکەوتنە ئەو جۆرە تەفسیرکردنە بوونی نەبووە ئەمە بە چاوپۆشین لە ماهیەتی ئەو زانستەو بۆچوونمان لەسەری لە سەرەتاوە پێمباشە لەو بۆچوونەی مورتەزای موتەهەری فەیلەسوفی ئێرانیەوە دەس پێبکەم کە دەڵێت : ئاینو ئاو زۆر لە یەک دەچن، لەو روەوە کە ئاوەکان کاتێک سەرچاوە دەگرن پاکنو خاڵین لە خڵتەو زیادە، بەڵام راستەوانە لەگەڵ دوورکەوتنەوەیان لە سەرچاوەکانیان پیس دەبن، واتە چەندە دوورتر بکەونەوە هێندە پیستر دەبن، بۆیە ئێمە تەنها دوو رێگاچارەمان لەبەردەستدایە، یا ئەوەتا ئەو ئاوانە بەکار نەهێنین یا ئەوەتا ئەو ئاوانە بپاڵێوینو خاڵیان بکەینەوە لە هەموو ئەو زیادانەی تێیان کەوتوون، ئاینەکانیش بە هەمان شێوەن چەندە لە سەرچاوەکانیان دوورتر بکەوینەوە خورافەو زیادەیان تێکەڵ دەبێت، یا ئەوەتا ئەو ئاینانە بەکارنەهێنین یا ئەوەتا بیان پاڵێوین ئینجا بەکاریان بهێنین، ئەو پاڵاوتنەش بە عەقڵ دەکرێت، بەڵام بەندە نایەوێت لێرەدا بە تەواوەتی تەبەنی ئەو بۆچوونەی موتەهەری بکەم، چونکە راستە موتەهەری فەیلەسوفێکی مەزنی ئێرانیەو زۆر بە جوانی بەقوڵایی هزری ئاینیدا رۆچووە، بەڵام بەوردبوونەوە لە کارەکانو نووسراوەکانی بۆمان دەردەکەوێت ئەوەندەی واعیزانە کاریکردووە ئەوەندە فەیلەسوفانە کاری نەرکردوە، تەنانەت (هێنری کربون) دەڵێت: عەلامە تەباتەبایی وتویەتی بە موتەهەری بڵێن کەم خۆی بە وەعزەوە سەرقاڵ بکات، خەریکی زانست بێت ئەو وتەیەم بۆیە هێنایەوە کە بڵێن ئەم بابەتە ئەوەندەی لە وەعز دەچێت هێندە لە دەربڕینێکی فەلسەفیانە ناچێت، چونکە ئێمە ناتوانین شوبهێنراوو بە شوبهە لەسەر هێنراوو مەحکوم بکەین، بەو واتایەی حوکمی شوبهێنراوو لەسەر شوبهە لەسەر هێنراو بدەین، بەڵام دەکرێت بوترێت ئاینەکان چەندە تەفسیر بکرێن هێندە مرۆیی دەبنەوە، هێندە تێکەڵ بە زاتیەتی موفەسیر دەبن، هێندە پڕ دەبن لە کاریگەری ژینگەی راڤەکار. ئەڵبەتە ئەم بابەتە ئاساییە چەندە وابێتو مومکینیش نیە بەو شێوەیە نەبێت، بەڵام کاتێک نا ئاسایی بوون دەس پێدەکات تەفسیر وەک ئاین تەماشا بکەین، نەک وەک تەفسیر، لە بری گەڕانەوە بۆ ئاین بۆ تەفسیر بگەڕێینەوەو دووبارە تەفسیری بکەینەوە، بەڵام بەشی دووەمی بۆچوونەکەی موتەهەری دەڵێت: ئێمە لەبەردەم دوو رێگاچارەداین یا ئەوەتا ئەو ئاینە بەکار نەهێنینو خۆمانی لێ بەدوور بگرین یا ئەوەتا بیپاڵێوین کەواتە ئیمکانیەتی پاڵاوتنی ئاین هەیە.

ئێمە مافی خۆمانە بپرسین کامەی ئاین سەرچاوەکەیەو کامەی ئاینیش هەموو ئەو خەڵتانەی دی کە تێکەڵی بوون، یا زاتیەتی مرۆڤ لە ئایندا کامەیە ئەم بابەتە دەمانباتەوە بۆ ئەو پۆلێن کردنەوەیەی موستەفا مەلەکیان کە ئاین پۆلێن دەکات بۆ ئاینی ١ و ٢ و ٣ واتە دەقە سەرەتاییەکانی ئاین، تەفسیرو راڤەی دەقەکان، تەحقیقاتی دەرەکی ئاین، بەڵام بۆ جارێکی دی راڤەکردنەوەی بەشی دووەمی بۆچوونەکەی موتەهەری پێویستمان بە تێڕامان هەیە، خاڵی یەکەمیان ئەوەیە ئێمە زیاتر لە دووهەڵبژاردنمان لە بەردەستدایە ئەوانیش ئەو دوو هەڵبژاردنەی موتەهەری، وازهێنان لە ئاینو پاڵاوتنی، خیاری بەکارهێنانی ئاینیش بە هەموو ئەو زیادەو خەڵتانەی کە هەیەتی وەک هەموو ئەو ئاینەی بەکار دەهێنرێت لە جیهانی ئیسلامیدا، وەک ئەو هەموو تەحریف کردنەی ئەمڕۆ هەیە، وەک ئەو جەنگانەی ئەمڕۆ بە ناوی ئاینەوە دەکرێن، وەک ئەو هەموو توندوتیژیەی بەرجەستە دەکرێت یا لانیکەم وەک ئەو زاڵکردنەی فیقهە کە ئەمڕۆ بووەتە خوێندنەوەی باوی ئاین، خاڵی دووەمیشیان ئەوەیە کە موتەهەری دەڵێت وازهێنانو بەکارنەبردنی ئاین، کە ئەوەش وا هەست ناکەین مومکن بێت.

ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر مرۆڤەکان پێویستیان بە ئاین هەیە، بەڵام ئەڵبەتە ئاینێک بتوانێت وەڵامی پرسیارو چاوەڕوانیەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەی لابێت چونکە ( توانای مرۆڤەکان تەواو زۆر بووەو ئەگەر ئەو توانایە رێگری لێنەکرێت بۆ خراپ بەکارهێنان کارەسات دروست دەکات، واتە چیدی تیۆری سیاسەت بە دابڕین لە ئەخلاق ناتوانێت خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، دووەمیش ناڕازی بوونی مرۆڤو چڵێس بوونی گرفتاری دروستدەکات) ئەڵبەتە نامەوێت ئایین وەک پێش گریمانەیەکی ئەخلاق سەیربکەم چونکە ئاین کیانێکی سەربەخۆیەو ناتوانین تەنها لە چوار چێوەی پێش گریمانەی ئەخلاقدا پێناسەی بکەین، ئەگەر ئەو پولێن کردنەی مەلەکیانو ئەو پێشەکیەی موتەهەری کۆبکەینەوە دەتوانین بڵێین ئاینی ٢ ئەو ئاینەیە کە خەڵتەی تێکەوتوە ئاینی ٣ش لە ئاینی ٢ زیاتر گەندەڵ کراوە، کەواتە ئەوەی پێویستی بەپاڵاوتنە ئاینی ٢ و ٣ ن ئەم پاڵاوتنەش بە هەموو میکانیزمەکانیەوە.

ئەڵبەتە بۆ ئەوەی مرۆڤێک ئایندار بێت بە هەر ئاینێک بەسە تەنها باوەڕی بە ئاینی ١ بێتو هیچ دەقێکی ئاینی نیە مرۆڤەکان ناچار بکات بە ئاینی ٢ ،٣، هەرچەندە لە نێوان ئاینەکانی ١ و ٢ و ٣ دا خاڵی پەیوەندی هەیە، بەڵام جیاوازیەکانیان هێندە گەورەن ناتوانین چاو لە هاوبەشیو پەیوەندیەکانیان بپۆشین، لەو گریمانەی موتەهەریەوە دەتوانین بڵێین ئاینی ٣ زیاتر رەنگدانەوەی زاتیەتی مرۆڤی تێدایە تاوەکو ئاینی ٢ وە ئاینی ٢ زیاتر لە ئاینی ١.



شەریعەت خۆی بێدەنگەو لایەنگری هیچ خوێندنەوەیەك نیە، بەڵکو ئەوە خوێندنەوەکانن دژیەکی لە نێوانیاندا دروستدەکات

ئێمە ناتوانین تێگەشتنمان لە قورئان بە هەمان شێوەی تێگەشتنی مرۆڤێکی سەدەی چواری کۆچی بێت



# تەنها لەگەڵ دوو پیاودا بووم



مێگان فۆکس کە یەکێکە لەسەرنج راکێشترین ژنەکانی دونیا لەڕێپۆرتاژێکی رۆژنامەوانیدا ئەوەی درکاندووە کە تەنها لەگەڵ دوو پیاودا بووەو لەگەڵیان خەوتووە، ئەوانیش یەکەمیان خۆشەویستی بووە لەتەمەنی هەرزەکاریدا، ئەوی دیکەشیان برایان ئۆستنی کوڕە هاوڕێکەی ئێستایەتی.
فۆکس ئەوەشی گوتووە کە پەیوەندی کورتخایەنو یەک شەوەی نەبووەو تەنانەت بیرکردنەوە لێشی بێزارو بێتاقەتی دەکات.

# شاجوانی روسیا خوێندکاری کۆلێژی مافە

ئێرینا ئەنتۆنێنکۆی تەمەن ١٨ لەپێشبرکێی جوانانداا بەشاجوانی روسیا بۆ ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژێرا.
ئێرینا کە بەجوانیو زانستەکەی کاریگەری لەسەر داوەرەکان دروستکردبوو، توانی لەنێو سەدەها پاڵێوراو ببێتە شاجوان، خوێندکاری مافە لەیەکێک لەزانکۆکانی روسیاو ١٠٠ هەزار دۆلاریشی وەک خەڵات وەرگرت.
بڕیارە ئێرینا نوێنەرایەتی روسیا بکات لە٦٠ەمین پێشبڕکێی شاجوانانی جیهان کە لەڤێتنام سازدەکرێتو تێیدا شاجوانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٠ هەڵدەبژێردرێت.





# مۆبایلێك لەنێو تابوتێكی ئاڵتوندا



لەو پێشانگا نێودەوڵەتییەی لەشاری ڤێرۆنای ئیتاڵیا بۆ کاڵا پڕبایەخەکان کرایەوە، تابوتێکی لەئاڵتون دروستکراو کەمۆبایلێکی تێدابوو، نرخەکەی ٢٨٠ هەزار یۆرۆ بوو، سەرنجی زۆرترین ئامادەبووی بەلای خۆیدا راکێشا.
رێکخەرانی پێشانگاکە رایانگەیاند: ئەگەر کەسێک بەزیندوێتی خرایە نێو ئەم تابوتەوە، ئەوا دەتوانێ لەڕێی ئەو مۆبایلەوە پەیوەندی بکات بەکەسە نزیکەکانییەوەو پێیان رابگەیەنێ کە زیندووە.

# منداڵێك دووجار ژمارەی پێوانەیی دەشكێنێت



گیلیانۆ ستڕۆی رۆمانی تەمەن ٥ ساڵ، لەماوەی چەند مانگێکدا دووجار ژمارەی پێوانەیی لەشناوی هەواییدا شکاندو وەک بەهێزترین منداڵی دونیا ناوی چووە نێو کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان.
گیلیانۆ خاوەنی جەستەیەکە کە نەک هاوتەمەنەکانی، بەڵکو کەسانی تا تەمەن ٢٠ ساڵ ئێرەیی پێدەبەن، ئەو منداڵە لەدوایین بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا ژمارەی پێوانەیی پێشووتری شناوی هەوایی شکاند کە هەر بەناوی خۆیەوە بوو تێیدا ١٢ شناوی کردبوو، بەڵام دوایین جار توانی تەنها لەسەر دەستەکانی ٢٠ شناو بکات.

# یەکەم ئۆتۆمبێل کە بەقاوە کاردەکات

لەوڵاتی بەریتانیا ئۆتۆمبێلێکی کۆمپانیای ڤۆڵکسوۆگن کە مۆدێلی ساڵی ١٩٨٨ە ناوی کا پەچینۆ واتە ئۆتۆمبێلی کەپەچینۆی لێنرا.
ئەو ئۆتۆمبێلە لەجیاتی بەنزین یان تیشکی خۆر بەقاوە کاردەکات.
بەمجۆرەش بوو بەیەکەم ئۆتۆمبێل کە بەقاوە کاردەکات، ئۆتۆمبێلەکە توانای هەیە ٩٧ کیلۆمەتر لەکاتژمێرێکدا ببڕێت، کا پەچینۆ پێشتر لەلایەن تیمێکەوە بە٤٠٠ جونەیهی ئەستەرلینی کڕراوە، تیمەکە خۆیان وایان لێکردووە کە بەقاوە کاربکات، جێگەی ئاماژەیە گەشتکردن بەکا پەچینۆ ٢٥ بۆ ٥٠ ئەوەندەی خەرجی گەشتکردنی بەئۆتۆمبێلی ئاسایی هەیە.





# بۆنەکەی جێنیفەر ئەنستۆن

جێنیفەر ئەنستۆنی ئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیوود ئاشکرایکردووە کەبەنیازە بۆنێکی تایبەت بەخۆی بخاتە بازاڕەوە، ئەم بڕیارەی ئەنستۆن دوای ئەوە دێت کە هەریەک لەجێنیفەر لۆپێزو ریهاناو چەند کەسێکی بەناوبانگی دیکە بۆنی تایبەت بەخۆیان لەنێو بازاڕەکاندا هەیە

هەرچەندە تا ئێستا روون نەبۆتەوە ئەو بۆنەی ئەنستۆن بەنیازە بیخاتە بازاڕەوە بۆنی چۆنە، بەڵام ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکدا رایگەیاندبوو بۆنەکە وا لەمرۆڤ دەکات لەهەر تەمەنێکدا بێت هەست بەرۆمانسیەتو ئازادی بکاتو ناویشی (ئەنستۆن) دەبێت.

# ئەو فیلمەی شەش خەڵاتی ئۆسکاری برد








ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار شەوی یەکشەممەی ڕابردوو بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکانی هۆلیوود،سازکرا.


فیلمی "زە هەرت لۆکەر" زۆرترین خەڵاتی ئۆسکاری برد کە شەش خەڵاتەو لە هەریەک لە بوارەکانی باشترین فیلمو باشترین دەرهێنەر، هەروەک دەرهێنەری فیلمەکە کە کەیت بیگلۆیە بوو بە یەکەمین ژن کە وەک دەرهێنەر خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتبێ.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو درایە جێف بریجز لە فیلمی "کرەیزی هارت"و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنیش ساندرا بولۆک لە فیلمی "زە بلاّیند ساید" وەریگرت.

# تەلی ددان پێویستە بۆ منداڵان

دانانی تەلی ددان بۆ ئەو منداڵانە پێویستە کە کێشەیان لەگەڵ ددانیاندا هەیەو گرنگییەکی بەرچاویشی هەیە، ئەو تەلانەی کە منداڵان حەز ناکەن بۆیان دابنرێت، لەوانەیە لەداهاتوودا ببێتە هۆی ئەوەی ددانەکانیان لەڕووی جوانییەوە کەموکوڕی هەبێت.

تەلەکان بەمەبەستی ڕێککردنەوەی ددانەکان دادەنرێنو بۆ ئەو ددانانە دادەنرێن کە زیاد لەپێویست هاتوونەتە پێشەوەو ئەو چەناگەو دەمانەی کە بەشێوەیەکی هاوسەنگ ناوەستنو ئەو دەمانەش کە لەکاتی جوینو قسەکردندا بەتەواوەتی داناخرێنو چەندین حاڵەتی دیکە.



# کوڕە مامەکەی هیتلەر جوتیارە!



لەکاتێکدا رۆژنامەنووسێکی بەلژیکی سەرگەرمی توێژینەوەبوو لەسەر خزمەکانی هیتلەر، بەباشی زانی کە کارەکانی لەشاری والّد ڤێرتلّی نەمسا چڕبکاتەوە، چونکە هەریەکە لەنەنکو دایکی هیتلەر لەو شارە ژیاون، بە لە بە رچا و نەگرتنی ناوی دووەمی خزمەکانی هیتلەر، ئەو رۆژنامەنووسە کەوتە دوای ئەو ناوانەی کە نزیکن لەناوی هیتلەرەوە وەک: هیدلێر یان هوتلەر.

لەو رێگەیەشەوە کەسێکی دۆزییەوە کە جوتیارێکەو پاش هەوڵێکی زۆر قایلی کرد بەوەی نمونەیەکی (DNA) لێوەربگرێت، لێکۆڵینەوە پز یشکییە کا ن دەریانخست کە ئەو کەسە ئامۆزای هیتلەرە. جوتیارەکە دواتر زۆر پەشیمان بوویەوە لەوەی کە ئەو نمونە یە ی (DNA) لە داوەتە رۆژنامەنووسەکە، چونکە حەزی نەکردووە بزانێ کە ئامۆزای هیتلەرە.

# لەمۆز جلی ژێرەوە دروستکرا

کۆمپانیای بەناوبانگی ئۆسی بومی ئوسترالی کە جلی ژێرەوە بەرهەمدەهێنێت، لەفایبەرەکانی مۆز جلی ژێرەوەی بۆ پیاوان دروستکرد.

ئەو جلانە کە بەهاوڕێی ژینگە ناسراون، لە٢٧٪یان لەفایبەری مۆزو ٦٤٪یان لەلۆکەو لە٩٪شی لەمادەی لیکرا دروستکراون.

یەکێک لەبەرپرسانی کۆمپانیاکە رایگەیاند فایبەری مۆز لەتوێکڵی داری مۆزەوە دەستیان دەکەوێ، تایبەتمەندی مادەکە بەو جۆرەیە کە تەنکترە لەقوماشی ئاساییو واش لەجلەکان دەکات کە توانای هەڵمژینی ئارەقیان زۆرتر بێت.



## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەگەری زۆر هەیە دیدارێک رێگەخۆشکەربێت بۆ پەیوەندییەکی جدی، بەڵام پێویستە جیاوازی بکەیت لەنێوان واقیعو خەیاڵدا، بۆچوونەکانت لەبارەی خۆشەویستیو ژیانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

لەماوەی ئەم هەفتەیەدا مۆراڵێکی زۆر باشتان دەبێت، بەڵام نابنە جێگەی سەرنجی ئەو کەسانەی دەتانەوێ، لەم ماوەیەدا حەزی قسەکردنتان لەسەر بابەتە گرنگەکان نییە.

## دووانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

لەوانەیە دژیەکبوونێک هەبێت لەنێوان هەستەکانتو مێشکتدا، لەهەندێ دۆخدا دەزانی کە پێویستە چی بکەیت، بەڵام هەستەکانت پەشیمانت دەکەنەوە کە بەجۆرێکی دیکە ئەنجامی بدەیت.

## قرژاڵ



٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز

لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکت پێوە دەکرێت کە تێیدا هەواڵێکی زۆر خۆشت پێڕادەگەیەنرێت، ئەوە واقیعە کە هاودەمی بێخەوش بوونی نییە، بەڵام راستییەکە زۆر جیاواز دەبێت بۆ تۆ.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک کێشە چارەسەر دەکەیت بەتایبەتی لەئیشەکەتدا، ئەمە بێئەوەی کاریگەری لەسەر ژیانی ماڵەوەت جێبهێڵێ، ئەم هەفتەیە بۆ تۆ زۆر گرنگ دەبێتو پێویستە ئاگادار بیت.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

چەند ساتێکی خۆش چاوەڕوانت دەکات لەگەڵ هاوڕێکانتدا، تۆ هەست بەپێویستییەکانی ئەوان دەکەیت، بێئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆت لەبەرچاو بگریت، لەوانەیە هەندێک هەل ژیانت بگۆڕن.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

هەندێ کێشە یاخود مامەڵەی یاساییت دەبێت، بەڵام کاریگەری لەسەر رەوتی ژیانت نابێت، پێویست بەترس ناکات ئەوە تەنها ئەزمونێکی ناخۆشەو تێپەڕ دەبێت، ئەم هەفتەیە کاتێکی گونجاوە بۆ گەشتکردن.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

ئەم هەفتەیە لەڕووی کارەوە هەفتەیەکی چڕوپڕ دەبێت، لەسەرت پێویستە کە چەند گۆڕانکارییەک بکەیت لەو بوارەدا، تۆ راهاتوویت لەسەر ئەوەی دەستپێشخەر بیت لەکارەکانتداو بەهێمنیو نهێنیو داهێنانەوە بیانکەیت.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

پێویست دەکات بڕێک پارە لەهەندێ رووداوی چاوەڕواننەکراودا خەرجبکەیت، لەبەرئەوە هەوڵبدە ئەوەندە پارە خەرج بکەیت کە پێویستتە، هەندێ لەڕووداوەکان زۆر بێتامو ناخۆشن، بەڵام ئەوانەی دیکەیان بەوجۆرە نین.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

بەگشتی تۆ کەسێکی سادەیت، بەڵام ئەم هەفتەیە سادەییت تێدا کەمدەبێتەوە، لەوانەیە ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەتەوە بێت، بەهەرحاڵ ئەم هەفتەیە تۆ جیاوازیت لەهەموو کاتێک.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

وا هەست دەکەیت کە هەمووان تۆیان خۆشدەوێت، باشترە ئەوە بزانیت کە هەستەکانتو دۆخی سۆزداری مێشکت لەتواناياندايە کاریگەرییان لەسەر وێنەکردنی ژیانت هەبێت.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

بوارت بۆ دەرەخسێ تاوەکو بازنەی هاوڕێیانت فراوان بکەیت، رۆحت لەئاستێکی بەرزتر لەکاتەکانی پێشوودا دەبێت، بەکەسانێک ئاشنا دەبیت کە بەتەواوەتی بیرو بۆچوونیان جیاوازە لەتۆ.

دەستوور
رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە. هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات
خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تیلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی
هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
ژمارە (٢٢) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/١٠
www.destur.net
info@destur.net

دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر

ئێمەی کورد هێندەی روومان لە رابردوو بووە هێندە چاومان لە داهاتوو نەبڕیوە، رابردووش تەنها دوو روانگەی پێ بەخشیووین کە بریتی بووە لە یەکەم: هەڵدانەوەی گۆڕی یەکترو دووەمیش خۆبادان بەو سەروەریانەی کە لەمێژوویەکی تێکشکاودا پێمان براوە. ئاشکراشە هیچ یەک لەم دوو کردەیە تەنها بۆ ساتێکیش بەهانامانەوە نەهاتوون‌و جگە لەماڵوێرانی سودێکی بۆمان نەبووە.

وا ئەمڕۆ لە عێراقێکی بەزۆرو زەبر دروستبوودا، چوینەتە پرۆسەیەکی دیموکراتیانەوەو راست یان هەڵە، زۆرمان کۆکین لەسەر ئەوەی ئەمە تەنها رێگەیەک بووە لە بەردەستماندا، لێرەدا هەوڵ دەدەین سەرنجێک بدەینە داهاتووی ئەم وڵاتەی بەشداری لە دروستبونیدا دەکەین‌و چەند ئەرکێکی نوێنەرەکانمان بەسەربکەینەوە.

هەموو ئەو راستیە دەزانین کە ٢٠٠٤ چووینە بەغدا هیچ پرۆژەیەکمان پێنەبوو، قورسایی‌و رەوایی کێشەکەمان‌و ئەو هەموو ماڵوێرانییەی بەسەرماندا هاتبوو، کەم تازۆرێک بە فریامانەوە هاتن‌و لاسەنگیی بارەکەی بەغدای کەمێ بۆ راست کردینەوە، دیسانیشەوە ئەو راستیە دەزانین سەرباری ئەو خاڵانەی لە دەستووردا جێگیرکران لە رەوتی رووداوەکاندا کێرڤی دەستکەوتەکان ساڵ بەساڵ‌و رۆژ بەرۆژ لە دابەزیندا بووە، بۆیە پەرلەمانتارەکانی ئەمجارەمان نە تەنها ئەرکە هەنوکەیەکانیان لەسەرشانە، بەڵکو دەبێت شان بەنە بەر ئەو کێرڤە چەماوەیەی چەند ساڵی رابردووش کە هەموو عەرەبی عێراق لە هەوڵی زیاتر چەماندنەوەیدان.

ئەمڕۆ عێراق دادۆشراوەو مانەوەی ئەم بارودۆخەی لەخزمەتی دۆست‌و دوژمنەکانیشیدا نیە، شیعەو سوونە هێندە بڕوایان بە مافی کورد هەیە کە زۆرینەی دەسەڵاتیان بۆ دەست بەسەر بکات، لە نێو سوونەدا بەئاشکرا نەعرەتەی شۆڤێنیانەو زەوتکردنی مافەکانی کورد لەژێر خۆڵەمێشی شەڕی تایفیەوە لە گەشانەوەدایەو تازەترینیان وتەکەی هاشمی لیستەکەی عەلاویە کە دەڵێت عێراق دەوڵەتێکی عەرەبیە، هەرچی شیعەیە وەک عەلی وەردی دەڵێت: هەمیشە عێراقیانە بیریانکردۆتەوەو ئەگەر بانگەشەی یەکگرتن نەکەن لە گەڵ مەراکیش‌و سودان‌و یەمەنیشدا، بەدڵنیاییەوە هێندەی سوونەکان دڵسۆزی ئەو سنورەن کە ئینگلیز بۆ عێراقی نەخشاندووە.

بیرمان نەچێت دەبێت پێش چوونە بەغدا، هەموو لیست‌و قەوارەکان پێکەوە دانیشن‌و لانیکەمی داواکانیان یەک بخەن، نەبوونی ئەو خاڵەو چوونە بەغدا بێ وتووێژو راوێژ، واتە نەبوونی بەرنامەو ئەو کاتە هەموو رەفتارو هەڵس‌و کەوتێک دەبێتە پەرچەکردارو چەندەش دروست‌و بەکاربێت گەر لە کۆنسێپتێکی دارێژراودا نەبێت ئەوە بەزیان دەکەوێتەوە. سەرباری ئەوەی هەمیشە ئەو ترسەش لە کایەدایە، ئاگایانە یان نا ئاگا کێشەو ناکۆکیەکانی ناوخۆمان بگوازینەوە پەرلەمانەکەی بەغداو جگە لە نەهامەتی کردارەکە، دڵی نوجەیفی‌و موتڵەقەکانیش شادکەین.

ئەندام پەرلەمانی کورد دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت کە شەڕی ئێمە لە بەغدا شەڕی مافەکانی نەتەوەیەکی بەشخوراوە، نەک تەنها شەڕێکی دیموکراسی، بە دیموکراسیش لە بەغدا هیچ کات کورد زۆرینەی دەست ناکەوێ تا ئامانجەکانی بسەپێنی، ئەوە لە هەرێمی کوردستاندایە کە دەکرێت دیموکراسی بکرێتە ئامانجی بزووتنەوەیەک نەک لەبەغدا.

عەرەبەکان بە گشتی ئەمڕۆ لە هەوڵی تێپەڕاندنی بارودۆخی شەڕی تایفیی چەند ساڵی رابردوودان. بێزارییەک لە حیزبە ئاینیەکان کە پێشتر هاوپەیمانی کوردبوون دروست بووە، سوونە بە جیدی‌و بەلێشاو گەڕاونەتەوە ناو پرۆسەی سیاسی‌و لایەنگری ناوچەیی‌و نێودەوڵەتیشیان هەیە، لە نێویشیاندا چەندین دەنگ‌و رەنگی بەهێز دەبینرێن کە چاویان بە کورد هەڵنایەو وەک کەری دێز تۆپینی خۆیان‌و زەرەری کوردیان دەوێت. دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگیرێت کە کورد لە دواجاردا زۆرترینی سنورەکەی لەگەڵ عەرەبی سونەدایەو ئەو ناوچانەی پێی دەڵێن کێشە لەسەر لە ڕاستیدا کێشەیە لەگەڵ سوونەی عەرەبدا، هەرچی شیعەیە لە هەوڵی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەیاندان‌و بۆ ئەو مەبەستەش لە هەوڵی بەهێزکردنی مەرکەزدان کە ئەویش بە زیانی هەرێم‌و کورد دەشکێتەوەو ئەو هێزانەی لە نێوشیعەدا بانگەشەی دەسەڵاتی هەرێم‌و پارێزگاکانیان دەکرد لە پاشەکشەدان‌و زۆرینەی دەنگەکانی مالیکی قەرزاری مەرکەزیەت ویستیەکەیەتی، هەموو ئەمانەش بەو مانایە نیە کە بترسین‌و وابزانین کە چیتر هەموو شتێک لە دەستچووە، نا، دەستوور دەکرێت بکرێتە پێگەیەکی باش تا لێوەی بچینە شەڕەوە، بەڵام بە چەند جیاوازیەکی بنەڕەتیەوە لە خوێندنەوەی قۆناغی پێشوو، یەکەم کێشەو مافی کورد لەدەستووردا تەنها مادەی ١٤٠ نیە، بۆ ئەوەش ئەو مادەیە بەدەست بهێنرێت دەبێت کورد هەموو مادەکانی ترو سەرجەمی مافە دەستووریەکانی لەیەکاتدا بووروژێنێت، دووەم داواکانمان لە بەغدا دەبێت گونجانێکی لۆژیکیانەی هەبێت شێوازی کارمان لە ناوخۆی کوردستان، بۆ نموونە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە کە لە بەغدا دەنگ بدەینە سەرۆک کۆمار کە دەسەڵاتێکی تەشریفاتی هەبێت‌و لە هەرێمیش سەرۆکی هەرێم هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت، یان لە بەغدا دژ بە مەرکەزیەت بین‌و لە هەرێم خۆمان پەیڕەوی لە مەرکەزیەت بکەین، سێیەم هەمیشە ئەو راستیە مێژوویەمان لە بەرچاو بێت‌و دووبارەی بکەینەوە کە عێراق لە سێ پێکهاتەی شیعەو سوونەو کورد پێکهاتووە، ئەگەر کورد تاکە کەسێکی نەمێنێ، ئەگینا هەموو کاتێک کورد دەتوانێت عێراق هەڵوەشێنێتەوە.

